سیروان کاوسی

# وتووێژ




شاری کۆنکان - باکووری وڵاتی تایلاند،

مانگی پووشپەڕی 2020

سیروان کاوسی

# زنجیرەیەک وتووێژ

# لە گەڵ ژمارەیەک لە زانایان و

# نیشتمانپەروەرانی کوردستان

شاری کۆنکان- باکووری تایلاند

مانگی پووشپەڕی 2020

**ناوی پەرتۆک: وتوویژ**

**نووسەر: سیروان کاوسی**

**تایپ و رازاندنەوەی بەرگ: سیروان کاوسی**

**چاپی یەکەم: لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت**

**ئەژمار:**

**مافی چاپکردنی تەنێ بەدەست نووسەرە!**

# پێڕست

چەند وشەیەک لە جیاتی سەرەتا ........................................ 6
وتووێژ لە گەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا پەشێو........................................ 8
وتووێژ لەگەڵ بەڕێز محەمەد شەیدا........................................ 22
وتووێژ لەگەڵ بەڕێز کامیل ژیر ........................................ 63
وتووێژ لە گەڵ بەڕێز حشمەت شەفیعیان ........................................68
وتووژێ لەگەڵ بەڕێز جەمال رەشید ........................................ 107
وتووێژ لەگەڵ بەڕێز حسێن خەلیقی ........................................ 177
وتووێژ لە گەڵ بەڕێز جەمال نەبەز ........................................ 191
وێنە ........................................ 201

تێبینیی:

(1)- هێزای گوتنە: ریزی دانانی ناوەکان، بەپێی رێکەوتی وتووێژەکان دانراون!

(2)- کۆی ئەم گوتووێژانە، بەپێی رێنووسی "کۆنگرە" نووسراون کە ئەوکات و ئێستاش پێڕەوم کردووە و، هەڵەبڕ کراونەتەوە، هاوکات رەچاوی شێوازی نووسین و زاراوەی نووسەرانیشیان کراوە!

## چەن وشەیەک لەجیاتی سەرەتا!

**خوێنەرەوەی هێژا**

**ئەم بەرهەمەی لە بەردەستت دایە، خستنەڕووی هزر و شرۆڤەی ژمارەیەک لە زانایان و پسپۆڕان و کەسایەتییەکانی نەتەوەیی کوردستانە و، لە ساڵانی نێوان 2003 بۆ 2011، گوتوبێژیان لە گەڵ کراوە و لە گۆڤاری "کۆنگرە" – زمانرەوشی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەلایەن نووسەری ئەم دێڕانە (سیروان کاوسی) ئامادە و بڵاوکراوەتەوە.**

**لە ماوەی نێزیک بە (15) ساڵ بەشداریم لە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و بەرپرسیاری دەسگەی ڕاگەیاندن و، بەشداریکردن لە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و سەمینار و کۆنفرانس و کۆنگرەی نەتەوەیی لەبارەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان، لە نێزیکەوە سەدان هاوبیری دڵسۆز و زانا و نیشتمانپەروەری هەموو پارچەکانی کوردستانم ناسی و، لە گەڵ زۆرینەی ئەو بەڕێزانە، هەشت ساڵێکیش دوای داخستنی یەکجارەکیی دەرگەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان (بە تەمام لە بەرگێکی سەربەخۆ دا بینووسم!)، پێوەندیی هاوڕێتی و هاوبیرێتیمان وەک جارانە و کەمینەکردووە و، گەلێجار خەم و پەژارەی ئەوە دایگرتووم، بە بوونی ئەم ژمارە زانا و بە ویژدان و ڕاستبێژ و قەلەمنەفرۆشانەی کورد، چما تا ئێستا نەتوانراوە سازییەکی نەتەوەیی ئەوتۆ دابمەزرێندرێت کە لە ئاستی تێڕادیوی هاوبیران خۆیان و، لە ئاست گەورەیی ڕێبازی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستاندا بێت!؟**

**لە ساڵانی کۆتایی (90)ەکانی سەدەی ڕابردوو، بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنێکی نەتەوەیی، لە گەڵ زۆربەی زانا و نووسەر و شاعیر و کەسایەتیی کوردستان، وەک دوکتۆر حسێن خەلیقی، مامۆستا محەمەد شەیدا، دوکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو، دوکتۆر جەمال نەبەز، دوکتۆر جەمال ڕەشید، دوکتۆر موزەفەر پەرتۆما،**

**دوکتۆر کوردستان موکریانی، یاساناس کامیل ژیر، هونەرمەندی شانۆکار کاک حەمەڕەشی هەرەس، شاعیری ناسراوی لوڕستان کاک حشمەت شەفیعیان قسەم کردووە، هەروەها لە گەڵ دەیان نووسەر و رۆشنبیریتر پێوەندیم گرتووە کە پێموابووە قەڵەمیان لە خزمەتی رزگاریی کورد و کوردستاندایە، داوام کردووە لێیان کە هاوکار بن بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە ڕێگەی ماڵپەڕ و گۆڤار و، هەروەها رادیۆی کۆنگرە کە لەسەر سەتەلایت بەرنامەکانی پەخشدەکرا. خۆشبەختانە هاوکاریی دڵسۆزانەی هاوبیرانی نەتەوەیی، کارکردی زۆری بوو بتوانم لە ماوەی ئەو پانزە ساڵە دا، گەلێک زانیاری و سەرچاوەی بەسوود و زانستانە بگەیەنمە دەستی چینی خوێندەوار و رۆشنبیری کوردستان.**

**ئەگەرچی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان وەک رێکخراوە نەماوە، لێ بەشێکی زۆری ئەو چالاکی و بەرهەمانەی پێشکێشکراون، لە ماڵپەڕی کۆنگرە پارێزراون و ماون، بۆ ئەوەی چینی خوێندەواری کوردستان هەموو کاتێ بتوانن، وەک سەرچاوەی زانستانەی بیری نەتەوەیی سوودی لێ ببینن.**

**هێژای گوتنە، بەهۆی ئاڵوگۆڕی ژیان و گۆڕانی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون و سووتانی کەمپیوتێرەکەم لە ساڵی 2017، تەواوی وتوووێژەکان لەسەر سایتی کۆنگرە وشە بە وشەی لەسەررا تایپ کراوەتەوە، چۆنکە سەرجەم فایلەکانی نێو سایتەکە بە پرۆگرامی (PDF) دانراون. ئەمەش لەبەر هەڵکشانی تەمەن و سەرقاڵیی ژیان، ماندووبوونێکی باشی پێویست بوو.**


**ئەم بەرهەمەم بۆ خزمەتی رۆشنبیریی نەتەوەیی ئامادە کردووە و، دڵنیام خوێنەرەوەی ئەم پەرتۆکە، وەک ئەز دڵنیادەبێ، بەرهەمێکی بەنرخ و بەسوود پێشکێشی پەرتۆکخانەی کوردی کراوە.**

**سیروان کاوسی**

**14/6/2020، کۆنکان – تایلاند.**

**هاونیشتمانیانی وڵاتپارێز!**

**زانایان و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان لەو باوەڕەدان کە مان و نەمانی ئەمجارەی کورد، بەستراوە بەم بارودۆخە سیاسییەی ئەورۆکەی باشووری کوردستان. بەشداریکردنی کورد لە دەوڵەتی نوێی عیراق، فیدراڵی یان سەربەخۆیی، کامەیان ڕێگەچارەی ڕاستینەن بۆ کورد!؟ لە پێوەند لەگەڵ ئەم پرسەدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی شاعیری نەتەوەیی و خەمخۆر و دڵسۆزی کورد، مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو کردووە، سەرنجی ئێوەی هێژای بۆ رادەکێشین!**



**مانگی خەرمانانی 2003**

**گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (28)**

www.kncsite.com

**پ: بەڕێز مامۆستا پەشێو، بە باوەڕی ئێوە، کورد چی بکا تا بتوانێت ئەم دەسکەوتەی ئەورۆکەی باشووری کوردستان بپارێزێ و بەرەو دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستانی بەرێت؟**

و: کوردی باشوور، وەک هەر گەلێکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیرادەی لە دەست خۆی نییە. ڕاستییەکەی، دەیان ساڵە چارەنووسی کەوتووەتە دەست چەند حیزبێکی تۆتالیتاری پاشماوەی مۆدێلی حیزبی بەلشەڤیکی سۆڤێتی. ئەمەش هەر چارەنووسی ئێمە نییە، بەڵکوو هی هەموو گەلانی ناوچەکەیە، کە

تێیدا حیزب له ئه‌نجامی ئاوێته‌بوونی هه‌ردوو کولتووری کۆمۆنیزمی ئه‌رتۆدۆکسی رۆژهه‌ڵاتی و کولتووری بابسالارانه‌ی توندگری ئیسلامییه‌وه وه‌به‌ر هاتووه. چه‌ند عه‌لیێڤی ئازه‌ربایجان و سه‌فه‌ر نیازۆفی تورکمانستان... گونیان به گه‌له‌که‌یان چووه، سه‌رکرده‌کانی ئێمه‌ش هه‌ر هێنده. بۆیه راستتر بوو بپرسیت: (سه‌رکردایه‌تیی دوو حیزبه‌که چی بکه‌ن باشه؟).

سه‌رکرده‌ی حیزبه‌کانی ئێمه هه‌موویان هی زه‌مانی شه‌ڕی ساردن و به کرده‌وه له جه‌وهه‌ری ئه‌و هه‌موو گۆڕانکارییه قووڵ و بنه‌ڕه‌تییانه ئاگادارنین، یان نایانه‌وێ ئاگاداربن، که به سه‌ر دنیادا هاتوون. حیزبه‌کانیان له هه‌لوومه‌رجی نهێنی و "خه‌باتی خوێناوی" دا سازکراون و خۆشیان له کۆنگره‌کاندا به چه‌پڵه‌ڕێزان هه‌ڵبژێردراون. پله‌وپایه به‌پێی دووری و نێزیکی له گه‌وره‌ی حیزب ده‌به‌خشرێ. سه‌رکرده له هه‌ڵه، مه‌عسوومه و لێپرسینه‌وه‌ی بۆ نییه. میکانیزمی ئاڵوگۆڕێ ده‌سه‌ڵات له نێو خودی حیزبدا ده‌گمه‌نه یان هه‌ر نییه. له هه‌لوومه‌رجی وادا زوو یان دره‌نگ، حیزب ستروکتووری مافیا وه‌رده‌گرێ.

له جیهانی سێیه‌مدا، ته‌نیا کوته‌ک ده‌زانێ قۆناخ له کوێیه. تا گه‌لی کورد فێری به‌کارهێنانی ئه‌و کوته‌که نه‌بێ، بێ فایده‌یه. ئه‌گینا ئه‌وه بزاڤی باشووری سوودانی ئۆتۆنۆمیخوازیش فێری مێتۆد و پرۆتۆکۆلاتی مفاوه‌زات بوو، که‌چی ئه‌وانه‌ی ئێمه تا ئێستاش هه‌ر له ئاستی ماچوماچ و موجامه‌له‌ی بۆش و به‌تاڵدان له‌گه‌ڵ داگیرکه‌رانی وڵاته ئه‌نفال و کیمیابارانکراوه‌که‌یاندا. باس

هەر باسی برایەتیی کوردی بندەست و گەلانی سەردەستە. جار جار، بەتایبەتی کە تەماشای تەلەفزیۆنە عاجباتییەکانی حیزبەکان دەکەم، کە سەرنجی ئەو هەموو کلکەلەقێ و پاڕانەوە و مامەحەمەییە دەدەم، عەرەبم بە مەغدوور دێتەبەرچاو. وا هەستدەکەم کە کورد عەرەبی ئەنفال کردووە و مافی ئەوی زەوتکردووە!

سەرکردەی حیزبەکان، چۆن لە 1991 دا بە فیکەیەکی سەددام رایانکردە بەغدا و بەو ماچومووچە ناشارستانییانەیان نامووسی خۆیان و گەلی قوربانیدەری خۆیان برد، ئەمجارەش، دوای دوانزەسالان هەر بەو شێوە، وەک نەدیوبدی روویانکردە بەغدا، لە باتی ئەوەی تەرکیز بکەنە سەر وڵاتی خۆیان و تا حکوومەتی تازەی بەغدا پێکنەهاتووە، بە زووترین کات لەسەر هەر بستە عەردێکی کوردستان یەک حکوومەت و یەک لەشکر پێکبێنن و گەرماوگەرم داگیرکەران لە کوردستان وەدەرنێن و هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانە ئێکسپایەرەکە بکەن و پاشان وەک کیانێکی دیفاکتۆ لە گەڵ حکوومەتی دواڕۆژی بەغدا بکەونە گفتوگۆ.

ئێمە لە ئەڵقەیەکی بۆشی نەفرەتیدا دەسووڕێینەوە و لێی دەرناچین. وەک گوتم کاروبار لە دەست سەرکردەی حیزبەکانە. ئەوانیش دیوارێکی ئەستووری وایان بە دەورەدا هەڵچنراوە کە لێچوونە ژوورەوەی ئاسان نییە. یەک رێگە هەیە: ئەویش هەژاندنی شەقامەکانی کوردستانە. بەکارهێنانی کوتکەیەکە. بۆ ئەمەش پێویستت بە میدیا هەیە، بەتایبەتی تەلەفزیۆن، ئەمەش

بەدەست حیزبەکانەوەیە! مەبەستم لە ئەڵقەی بۆش ئەمە بوو. ئەگەر وا نەبوایە دەکرا بەپشتەوانی میدیایەکی کوردستانی و لە ڕێگەی هارووژاندنی شەقامەکانی کوردستانەوە گوشار بخرێتە سەر حیزبەکان و، ناچاربکرێن ملبدەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و دانانی حکوومەتێکی تێکنۆکرات، کە هەموو نێوچە رزگارکراوەکانیش بخاتەژێر ڕکێفی خۆی. دوای ئەمە لەڕێگەی ئەو دەزگە شەرعییانەوە و بە پشتگیریی سەرجەم خەڵکی کوردستان، داوای پیادەکردنی ریفراندۆم بکرێ.

**پ: داهاتووی بەشەکانی دیکەی کوردستان چۆن دەبینن؟ کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لەشێوازێکی هاوکاری بکرێتەوە وەک بەرەیەکی کوردستانی؟**

و: خۆدزینەوە لەمەسەلەی بەشەکانی تری کوردستان لە قازانجی نەتەوەی کورددا نییە. بەداخەوە سەرکردەی حیزبەکانی باشووری کوردستان خۆیان و گەلەکەیان لە وزە و دەنگی پارچەکانی تری کوردستان بێبەش کردووە. بەمەش کارتێکی گرنگی تاکتیکی و ستراتیژیک لەدەستدەدەن.

ئەمریکا ستراتیژی خۆی هەیە لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژە پێویستە گۆڕانکاریی گرنگ لە ستروکتوری جوگرافی سیاسی، کولتووری، سەربازیی رۆژهەڵاتی ناڤین بکا. ئەوەی لە هەمووان زێتر بەرژەوەندیی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا هەیە و لەگەڵ ئەو ستراتیژەدا دەسازی، نەتەوەی کوردە. گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراق، ئەڵقەی یەکەمی پیادەکردنی ئەو گۆڕانکارییانەیە. لێرەدا کورد پێویستە قورسایی

خۆی نەشاریتەوە. کوا تۆ گەلێکی ماندووی چوار پێنج ملیۆنی بیت لەسەر رووبەرێکی بچووکی چەند ئیدارەیی، کوا نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بیت لەسەر 500 هەزار کیلۆمەتر؟ ئایە ئەمە نەک هەر بۆ کورد خۆی، بەڵکوو بۆ ئەمریکایەکیش کە داروبەردی ناوچەکەی دوژمنە، وەکیەکە؟ نەخێر!

کوردی بەشەکانی تری کوردستانیش قوربانییەکی زۆریانداوە لە پێناو باشووری وڵاتەکەیان. کەچی مخابن، هیچکاتێک هاریکاریی سەرکردایەتیی حیزبەکانی باشوور لە ئاستی ئەو قوربانییەی ئەوان نەبووە. ئێستاش نەچووە بچێ. دەرفەت زۆرە بە خۆمان و دنیای نیشانبدەین کە ئێمە، هەرچەند پارچەش کرابین، یەک نەتەوەین. دەتوانین ئەمە بکەین بێئەوەی دنیا لە خۆمان بهاروژێنین. دەکرێ لە شتی بچووکەوە دەست پێ بکەین. هەر بۆ نموونە، دەتوانرێ هاریکاری برایانی لێقەوماو و رەشووڕووتی باکوور بکرێ لە کامپی مەخموور، بێئەوەی گوێ بدەینە پاشخانەسیاسییەکان. دەکرێ لە گەڵ ئەمریکاییەکان گفتوگۆبکرێ لەسەر چارەنووسی چەکدارەکانی (ک د ک). راستە لە سالانی رابردوودا و ئیستاش (پ ک ک) هەلەی گەورەی کردووە و ئێستاش هەر دەیکا، بەڵام هەر هاوچارەنووسین و لێک نابینەوە. هەروا، دەکرێ ئاوڕێک لە چارەنووسی برایانی رۆژهەڵاتمان بدەینەوە کە لە کەمپەکانی رومادی دا لە دژوارترین بارودۆخدا دەژین. من لە شتە بچووکەکانەوە دەستپێدەکەم و بەرەو شتە گەورەکان هەڵدەکشێم. خۆگێلکردن لە مەسەلەی بەشەکانی تری

کوردستان، بەهێزمان ناکا، بەڵکوو تەواو بەپێچەوانەوە بێبەشمان دەکا لە قووڵاییە جۆگرافی و بەشەرییە خۆڕسکەکەی خۆمان و کارتێکی گرنگی گوشار خستنەسەر وڵاتانی دەوروبەر و دنیاشمان لەدەست دەدا.

تورکیا هەموو رۆژێ دەست لەکاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراق وەردەدا بەناوی پاراستنی مافی خزمەتورکمانەکانی. باشە خۆ سەرکردەکانی ئێمە قوڕیان بەدەمدا نەدراوە جارێک بڵێن: ئەو مافانەی چەند هەزار تورکمانێکی کوردستان هەیانە، ئێمە داوادەکەین تورکیا هەر ئەو مافانە بداتە بیست ملیۆن کوردی براوهاوخوێنمان لە کوردستانی بندەستی خۆی. بۆچی تورکیا یاری بە کارتی چەندهەزار تورکمانێکی کوردستان دەکا بە ناهەق، کەچی ئێمەی لەسەر هەق یاری بەکارتی ملیۆنان هاوخوێنی خۆمان ناکەین؟ تا کزۆڵە و دەمچەقت و خۆبەکەمزان بین داگیرکەران زێتر و زێتر لێمان دەبنە کەڵەگا!

**پ: ئایە سازکردنی دەوڵەتێکی نوێ لەعێراق بۆ کورد و عەرەب و تورکمان بەزیانی کێشەی کورد تەواو نابێ؟**

و: بەباوەڕی من کارەساتی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی عێراقی دا لە چەند کەسیکی وەک سەددام و عودەی و قوسەییەوە نابێ، بەڵکوو لەو کولتوورەوە دێ کە ئەمانی خولقاندووە. ئەو کولتوورە لەبەرگی بیری نەتەوەپەرستیی عەرەب و ئیسلامیزمی سیاسیدا خۆی دەنوێنێ. زۆر جارانیش ئەو دوو تەوژمە تێکدەکەونەوە و دەبن بە دوو فۆرم بۆ یەک ناوەرۆک. بەهۆی ئەم

کولتوورەوە، چەند دوورگەیەکی بچکۆلانەی لێدەرچێ، شەقامی عەرەبی بووەتە زەریای شۆڤێنیزم و رەگەزپەرستی و خۆبەزلزانی. دەیانەوێ بەشارستانیی بەلاغەی عەرەبی بەربەرەکانێی شارستانیی رۆژاوا بکەن.

**بیری نەتەوەیی عەرەبیی، لە ولاتێکی وەک عێراق دا، هیچ مانایەکی نییە جگە لە تواندنەوەی نەتەوەی کورد و هەڵلووشینی خاکەکەی. عەرەب لەبەر ئەوەی زۆرینەی عێراقە، پێویستی بە خۆپاراستن نییە لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و توانەوە. ئەوەی پێویستی بەمیکانیزمی خۆپاراستن هەیە گەلی کوردستانە. لەبەر ئەوە، بە هیچ شێوەیەک، رەوا نییە بڕیارەچارەنووسسازەکان بۆ خەڵکی عێراق بەجێ بهێڵین.**

هەر لە سەرەتاوە نەدەبوایە سەرانی دووحیزبەکە وەک حیزب دانووستان لەگەڵ نوێنەرانی عەرەبدا بکەن. وەک پێشتر و زۆر جاری تریش گوتوومە دەبوایە وەک نوێنەرانی کوردستان لە رێگەی هەیئەتێکی شەرعییەوە، بەپشتبەستن بە جەماوەری کوردستان، لەگەڵ سێنتەردا گفتوگۆ بکەن. نەک وەک دوو حیزبی موعارزە لەناو دەیان حیزبی عێراقیدا! بەم شێوەی ئێستا هیچ تایبەتمەندییەک بۆ "هەرێم" ی کوردستان نەماوەتەوە. هەر بەو میکانیزمی دیمۆکراسی، زۆرینەی عەرەب دەتوانی کەمینەی کورد بخاتە پەراوێزەوە.

کاتی ئەوە هاتووە لەوە بگەین کە کێشەی ئێمە هەر لە گەڵ سەددام نەبووە. هەر لە گەڵ دیکتاتۆرییەت نەبووە. بەڵکوو لە گەڵ خودی پێکهاتەی عێراق و کولتووری هەزاروچوارسەدساڵی

ناوچەکەیە... دەوڵەتی عێراق لە ڕۆژی دامەزرانییەوە، هەموو هێزوتوانای ماددی و مەعنەویی خۆی بۆ لەناوبردنی خەڵکی کوردستان بەکارهێناوە. بۆیە، دەبوایە ئێمە وەک کیانێکی دیفاکتۆ، بەشێوەیەکی رەسمی و بە شایەدیی لایەک، یا چەند لایەکی نێونەتەوەیی مەسەلەکە یەکلابکەینەوە. ئێمە هەشتا ساڵ ئەزموونمان هەیە. ژنمان لەیەک تەڵاق نەداوە تا بە دوو قسەی خۆش و ماچومووچێک مەسرەت بکەین و تاوانەکانی دەسەڵاتی رەگەزپەرستی عەرەب لەبیرکەین.

**پ: پارتی و یەکێتیی باس لە فیدراڵی دەکەن لەعێراق دا. بۆ ئەمەش هیچ پرسێک بەکورد ناکەن. گەلی کورد چۆن دەتوانی کێشەی خۆی بەرەڕووی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکاتەوە؟**

و: ئەو شتانەی لە سەرەوە باسمکردن بۆ حاڵەتێک دەشێن کە باوەڕمان بە سیستەمی فیدرالی بێ لەعێراق دا. من بەشبەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدا نیم کە ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووریی زۆرینەی خەڵکی عێراق ماوەی بەدیهاتنی ئەو خەونە بدات. ئەوەتا هەر لە ئێستاوە (مەجلیسی حوکمی کاتی)، کەوتووەتە هەوڵووتەقەلای گێڕانەوەی عێراق بۆ باوەشی "**نیشتمانی عەرەبی**" خەڵکی عێراق بە عەرەب و کوردستان بە "**شیمال**" ناوزەد دەکەن و تایبەتمەندییەکانی لێ دادەماڵن. تەنانەت سەرکردەی هەندێ حیزبی کوردیش ناماقووڵی وایانکردووە و دەکەن. باسی تەراتێنی بەعسییەکانی ناو میدیای "هەرێمی کوردستانی عێراق!!!!" یش هەر ناکەم!

تا هاتنی ئەمریکاییەکان بۆ عێراق و کوردستان، حیزبەکانی ئێمە خۆشیان بە کردەوە، باوەڕیان بەفیدراڵی نەبوو. زۆرجار گوتوومە، فیدراڵی زۆربەی رەمز و نیشانەکانی دەوڵەتی تێدایە. پەرلەمان، حکوومەت، ئاڵا، ئارم، سروودی نیشتمانی، سنوور، دەستووری لۆکاڵ، بووجە ... هتد. ماوەی دوازدەساڵ زۆر شت لەدەست خۆمان بوو. بەڵام هیچمان نەکرد، چۆنکە لە بنەڕەتدا سەرکردایەتی حیزبە کوردییە عێراقییەکان باوەڕیان بەهیچ جۆرە کیانێکی تایبەت نییە بۆ گەلی کوردستان. هەمیشە مەسەلەی باشووری کوردستانیان بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراق زانیوە. بۆیە ئەمڕۆ پەڕۆی حیزب لە باتی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەشەکێتەوە. خوا نەیبڕێ خاوەنی دوو سروودی نیشتمانین، سنووری کوردستان تا ئێستاش بەڕوونی باسی ناکرێ و سەرکردەکان هەر منجەمنج دەکەن. هیچ دەستوورێکیان بۆ ئەو بستەعەردە دانەنا کە دوازدەساڵە حوکمی دەکەن. نەک هەر بووجە دیارنییە، بەڵکوو کەڵەگایانە حیزبەکان دەستیان بەسەر داهاتی قەومی دا گرت و هیچ دەزگایەکی کوردستانیی یەکگرتوویان نەهێشت (یەکێتی نووسەران و کۆڕی زانیاری و سەندیکا و رێکخراوەکۆمەڵایەتییەکان ....). لە ئەنجامی شەڕی کوردکوژانەی ئەو دوو حزبەدا ژیانی میلیشیایی بووە سیمای دزێوی کوردستان. تەنانەت لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا، لە گەڵ ئەو هەموو باسەی دێمۆکراسی و مەدەنییەت، نەیانتوانی سیستەمی بانک و پۆستەش لە "هەرێم" ە کانیان دامەزرێنن. پێوەندیی ئەو چەند شارەی کوردستان لەگەڵ یەکتردا زەحمەتتر بوو لەوەی هەیە لە نێوان

**کۆریای باکوور و باشووردا! نوختەی کومرک و پشکنین وەک خەنجەرێکی ژەهراوی کەوتە نێوان زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان.**

**سیستەمی فیدراڵی پێویستی بە لێوردبوونەوەی چەند مۆدێلێک هەیە بۆ کەڵک لێوەرگرتن. ئەو مۆدێلانەش لە گۆترە و بە گوێرەی زەوق هەڵنابژێردرێن، بەڵکوو بەپێی لێکچوونی بارودۆخی ئێمە و ئەوان، بۆ نموونە ئۆتۆنۆمیی سوێدییەکانی فینلاند لەهەندێ رووەوە زۆر کەڵکی هەیە. هەروەها سیستەمی فیدراڵی سویسڕا و بەلجیکا و کەنەدا. پێش هەمووشتێک لەبەر پاشخانی مەسەلەی نەتەوەیی لەو وڵاتانەدا.**

**ئایا هەشتا ساڵی پێکەوەژیان توانی گەلی عێراق بخولقێنێ؟ توانی هەستی خۆ بە عێراقیزانینی کورد دروست بکا؟ چ زەمانەتێک هەیە کە لەمەودوا ئەو هەستە دروست دەبێ، ئەگەر هەر لە ئێستاوە دان بە هەموو تایبەتمەندییەکانماندا نەنرێ؟ هەڵبەتە ئێمە خۆمان لە ڕێگەی فشەحیزبە کوردییە عێراقییەکانەوە، رۆڵێکی ناجوامێرانەمان یاری کردووە لە پشتگوێخستنی ئەو تایبەتماندییانە و نەخوێندنەوەمان. کەسایەتی لاواز و دەمەچەقێی سەرکردایەتی، موجامەلە و پیاوەتیکردن لەسەر حیسابی شتە هەرە جیدییەکان، تایبەتمەندییەکانی کوردیان خستووەتە پەراوێزەوە. کێ قەدەغەی کردووین سەربڵندانە ناوی وڵاتی خۆمان بێنین؟ بۆچی میدیای حیزبەکان سەریان لە کورد و دنیا شێواندووە؟**

دەڵێن پارەی عێراقی چاپدەکرێ. نازانم ئەندامە کوردییەکان پرسییان، ئاخۆ بەکام زمان لەسەری دەنووسرێ؟ پاسپۆرتی عێراقی دەردەچێ، هەمان پرسیار کرا؟ لە هەموو وڵاتە دیمۆکراتییە فرەنەتەوەییەکاندا ئەمە بەوردی ڕەچاودەکرێ. بۆ نموونە لە فینلاند تەنانەت ناوی کۆڵان و شەقامەکانی سەراپای وڵاتیش بە هەر دوو زمانی ڕەسمیی فینلەندی و سویدییە. هەروا، ئایا لە دەستووردا ڕێدیگیرێ لە لێشاوی عەرەبەکان بەرەو کوردستان؟ میکانیزمێک بۆ ڕاگرتنی باری دیمۆگرافیی کوردستان لە دەستووری عێراقیدا دەچەسپێ؟ بۆ نموونە لە فینلاند هیچ فینلاندییەک ناتوانێ عەرد یا خانوو لە دورگەی ئۆلاند بکڕێ کە تێیدا ٢٥٠ هەزار سوێدی ئۆتۆنۆمییان هەیە. ئێمە لەناو دەریایەک عەرەبدا دەژین و ئەزموونێکی تاڵمان لە گەڵ تەعریبدا هەیە. دەبێ بەڕاشکاوی ئەو مەسەلەیە لە دەستووردا یەکلابکرێتەوە. دەبێ بەئاشکرا و بێ منجەمنج دژی ئەوەبین عەرەب بە ئاسانی ببێتە هاووڵاتی کوردستانی و دوو جاریش دژی ئەوەبین لە کوردستان نیشتەجێ بکرێن. ئەمە باری دیمۆگرافیی کوردستان دەگۆڕێ.

**پ: ئایا ڕێفراندۆم دەتوانێ چارەسەری کێشەی کورد لەباشووری کوردستان بکا؟**

و: دەمێکە ڕۆشنبیران و ڕێکخراوە کوردستانییەکان باس لە ڕێفراندۆم دەکەن. ڕەنگە لەم ڕووەوە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان پێشەنگ بێ. هەروا پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چەند ساڵێکە بانگەشە بۆ ئەو مەسەلەیە دەکا، نەک هەر هێندە بگرە گۆڤارێکیشیان هەر بەم ناوەوە هەیە. پرۆفیسۆر جەمال نەبەز

له زۆر موناسەبە پێی لەسەر ریفراندۆم داگرتووە و بەشێوەیەکی زانستیانە شیکردووەتەوە. منیش بەشبەحاڵی خۆم لەساڵی 1992 وە لە زۆربەی کۆڕەشیعرییەکاندا باسی پێویستیی ئەنجامدانی ریفراندۆمم کردووە. لە 30/1/2002 لە هەولێر لە کۆڕێکی فراوانی جەماوەریدا، جەختم لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ گەلی باشووری کوردستان، لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە خۆی بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بدا... هەروا، مانگی مارتی ساڵی 2003 هەڵبژاردەیەک لە نووسەران و رووناکبیرانی دەرەوەی وڵات بەیانێکمان دەرکرد لە بارەی هەڕەشەکانی **تورکیا** لەسەر **باشووری کوردستان**، کە تێیدا باس لە وەئاگاهێنانی خەڵکی **کوردستان** کرابوو بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم. لەو نووسەر و کەسایەتییانە، جگە لە برای بچووکتان کە داڕشتنی بەیانەکەی پێسپێردرابوو، **مامۆستا پشکۆ نەجمەدین، د. مەحموود عوسمان، د. جەبار قادر، د. بورهان یاسین، د. رەفیق سابیر، د. رێبوار فەتاح** و چەند زاتێکی تر بەشدارییان کرد. بەیانەکە لە **هاوولاتی** و هەندێ سایتی ئینتەرنێتدا بڵاوکرایەوە. بەم دواییەش هەندێ نووسەر و رووناکبیری سەر بە **یەکێتی نیشتمانیی کوردستان** هاتنەدەنگ.

مەسەلەی ریفراندۆم رەوایە، جا هەرکەسێک و هەر لایەک داوای بکا، بە مەرجێک کەسانی پاک بن و حەساسیەتی هیچ لایەک نەهاروژێنن. پێشتر دەورێکی باشیان دیبێ لە تەباکردنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و داردەست و فەرمانبەری هیچ حیزبێکی

براكوژ نەبووبن. گەر پیاوخراپ خۆی بکاتە ریشسپیی ئەو دۆزە پیرۆزە، ئەوا نەک هەر قازانجی نابێ، بەڵکوو دەبێتە هۆی ساردکردنەوەی خەڵکیش. کەسانێک رۆژێک لە ڕۆژان بەشدارییان کردبێ لە هاندانی رەشووڕووتی کورد بۆ یەکترقڕکردن نابێ شەرەفی دەستپێشکەریی کارێکی وا پیرۆزیان بدرێتێ. لێرەدا بەگشتی قسەدەکەم و مەبەستم هەموو ئەو زاتانە نییە کە خۆیان بەخاوەنی ئەم کارە دەزانن. بێگومان زۆر کەسی پاک و دڵسۆزیشیان تێدایە.

ئەگەر پارتی و یەکێتیی پێکەوە ئەوکارە ئەنجامنەدەن هیچی لەجێ شین نابێ. چۆنکە هەر کارێک ئەم بیکا ئەویتر دژی دەوەستێ. هەردووکیان خەریکی گولکردنن لەیەکتر. ئەوەی ئاگاداری مێژووی چل ساڵی دوایی کوردستان بێ، ئەو شتە باشدەزانێ. یا دەبێ هەردووکیان بیکەن (کەقەت نایکەن!)، یا دەبێ خەڵکی کوردستان بڕژێنە سەرشەقامەکان و سەرکردەکان بخەنە ژێر گوشار و ناچاریان بکەن ملکەچی ئیرادەیان بن. مادام باسی ریفراندۆم دەکەین، دەبێ ئەوەش بڵێم کە کۆمەڵێک پێشمەرج هەن بۆ ریفراندۆم. ئێستا لەم بارودۆخەدا، بێ زەمینەخۆشکردن ئەنجامدانی ریفراندۆم مەحاڵە. پێش ئەوە دەبێ:

1- هەرسێ ئیدارەی کوردستان، هەولێر و سلێمانی و کەرکووک، لە گەڵ شوێنەکانی تر، کە ئێستا بەڕەسمی سەر بە ئیدارەی عێراقن، ببن بەیەک ئیدارە.

2- لە سەرتاسەری باشووری کوردستاندا سەرژمێری ئەنجام بدرێ.

3- هەڵبژاردنی پەرلەمان بکرێ، ئەمیش حکوومەتێکی تێکنۆکرات و کارزان دەستنیشان بکا، بۆ ئەووەی لە کوردستاندا مەرجەعییەتێکی دانپێدانراو هەبێ، کە لە دەرەوە و، ناوەوە ڕێزی لێبگیرێ و حیسابی بۆ بکرێ و نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان بکا.

4- پەرلەمانێکی پشتبەستوو بەئیرادەی خەڵکی کوردستان، دەتوانێ هەنگاو هەڵێنێ بەرەو ڕێفراندۆم.

من گومانم هەیە کە حیزبەکان ئەو هەنگاوانەی سەرەوە بهاوێژن. نەک لەبەر ئەوەی نایانەوێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەزارویەک ئیلتێزامیان هەیە لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر. هەزارویەک بەڵێنیان بە ئێران و تۆران داوە کە دڵسۆزی یەکێتی خاکی عێراقن! بۆیە، دیسان دەیڵێمەوە، تاکەڕێگە وەئاگاهێنانی شەقامی کوردستانە.

ئەووەی تا ئێستاش بە تەمایە پارتی و یەکێتی، بەو ململانێیە کوردستانی بۆ ڕزگار بکەن، با سیر بخوا و زوڕنا لێدا!

# وتوویژ لەگەڵ نووسەر و نیشتمانپەروەر،

# مامۆستا محەمەد شەیدا

ئەم وتوویژە مانگی مارچی 2004 لەگەڵ مامۆستا محەمەد شەیدا ئەنجامدراوە، لە گۆڤاری کۆنگرە ژمارە (30)، (31)، (32)، بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە ماڵپەڕی "کۆنگرە":


www.kncsite.com

..............................................

"مەحەمەد شەیدا ساڵی 1934 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی 1956خوێندنی لە زانستگەی قاهیرە لە میسر دەسپێکردووە. ساڵی 1957 بوو بە وێژەری رادیۆی کوردی قاهیرە کە لەلایەن دەولەتی میسر، بە سەرۆکایەتیی جەمال عەبدولناسر دامەزرا. ساڵی 1960 لە بەشی کۆلیجی وێژەیی خوێندنی تەواو کردووە. تا ساڵی 1995 کە خانەنشین کراوە، لە عێراق و لە باشووری کوردستان بەرێوەبەر و مامۆستای قوتابخانە بووە.

تا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم گفتووگۆیە، ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردووەتەوە: 1- مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین. 2- یادداشتی گەلی کورد بۆ کۆنگرەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا. 3- نەخۆشییە دەروونی و سایکۆسۆماتییەکان. 4- خەباتی خوێندکارانی کورد لە میسر 1956-1959. 5- هیستریا. 6- چارەسەری دەروونی.

...............................



**پ: مامۆستا محەمەد شەیدا رۆژ باش. تکایە لە بارەی ژیان و بنەماڵە و زێد و شوێنی لە دایکبوونتانەوە چیتان هەیە بۆ خوێنەرەوە، کورتەیەکمان بۆ باس بکەن!**

**و: رۆژی 21ی مانگی نەورۆزی 1934 لەشاری سلێمانی، لە گەڕەکی سەرشەقام، لە "خانەی حەوشی گەورە" لە دایکبووم. باوکم حاجی کەریم ئاغای کوڕی حاجی رەشید ئاغای کوڕی حاجی حەمە ئاغای سەرشەقامە. لەنێو خێزانیکی مامناوەندی دا پەروەردە کرام. لە تەمەنی منداڵیدا، زۆر کارەساتی کۆمەڵایەتی و سیاسیم بینیوە. وەک سەردەمی رەشید عالی گەیلانی (1*) و شەڕی دووەمی جیهانی و گرانیی پاش شەڕ. هەروەها راپەڕینەکانی ساڵانی 1946-1948 و 1954م بینیوە، کە دژ بە ئیمپریالیزم و حوکمی پاشایەتی و، چینی دەرەبەگ بەرپاکران. لەو سەردەمەدا لە شاری سلێمانی رۆژی وا هەبوو، دوو جار تا سێ جار خۆپیێشاندان دەکرا. پاش شەڕی دووەمی جیهانیی، کارەساتی گرانی و نەبوونی و رەش و رووتی کەوتە وڵاتەوە. ئەم کارەساتە تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا نەبوو، بەڵکوو زۆرترینی وڵاتانی جیهانی گرتبووەوە. شەڕی دووەمی جیهانیی لە ساڵی (1939 تاکوو ساڵی 1945) ئەم ماوە شەش سالییە دووروودرێژە، ئازاری گەورەی گەلانی جیهانی دا، بە تایبەتی گەلی کوردی داماو و بێکەس و بێدەرامەت و بێ قەوارە. خەڵکی بۆ عانەیەک بە ئاسماندا دەچوون.**

دزی و درۆزنی لە هەموو شار و مەڵبەندێکدا بڵاو بووەوە. کاتی شەڕ، هەرجی کارگەی خواردەمەنی هەیە، کرا بە کارگەی چەک و تەقەمەنی. گەورە و بچووک دەبوو چەک هەڵبگرێت.  ئەمە وایکرد زۆر خێزان بێ پیاو بمێننەوە و، کاسپکارێ نەبێ، بیانژێنن. نرخی کەلووپەل و کوتاڵ و خواردەمەنیی، رفی و خەیاڵی بوو. یەک کەللەشەکری رووسی، لە (60) فلسەوە گەیشتە یەک دینار. یەک کیلۆ شەکری بلووریی ئینگلیزی، لە (40) فلسەوە گەیشتە (750) فلس. چیتی شیرکەتیی لە (2) عانەوە، گەیشتە (2) رۆپی (150) فلس. هەقدەستی هەر قاتێکی بەرگی ئەفەندی (چاکەت و پانتۆڵ)، گەیشتە (2) تا (2/5) دینار. گۆشت لە (4) عانەوە گەیشتە (12) عانە. زۆر لە دەوڵەمەندەکان کەوتنە هەژارییەوە. بازرگانانی شەڕیش سەروەتیان هەڵدەئاوسا. زۆر لە منداڵی هەژار و ژن و پیاوی خانەدان و نەجیبزادە، لەبەر بێ پارەیی، کە دنیا تاریک دەبوو، بە بازاڕدا دەگەڕان بۆ کۆکردنەوەی ئێسکوپرووسکی بەردەم دووکانی قەساوەکان و، سەوزە و میوەی بەردووکانی سەوزەفرۆش و میوەفرۆشەکان. تا بڵێی سوالکەر زۆر بوون. منداڵ نەدەخرانە بەر خوێندن، بەڵکوو کاریان پێدەکرا، چۆنکە خەلکی نەیدەتوانی مەسرەفی منداڵەکەی بکات. کەم کەس جلووبەرگی تازەی هەبوو، جلووبەرگ کە دەدرا، فڕێنەدەدرا، بەڵکوو پێنەدەکرا. کەم کەس پێڵاوی چاکی لە پێدا بوو. ئەوەی کە هەبوو، کڵاش و کەوش و جاشکەوشی مووسڵ بوو کە دەولەمەندەکان و بازرگانەکان لە پێیاندەکرد.

مووچەی پۆلیس (3) دینار بوو. فەرمانبەر بە (7) دینار دادەمەزرا. مامۆستا بە (8) دینار دادەمەزرا. لە بازاڕ هەموو شتێک هەبوو، بەڵام بۆ پارەدار. لە ئەنجامی ئەم نەهامەتییەوە، حکوومەت دەسگەی تەموینی دانا بۆ کۆنترۆڵکردنی باری ئابووریی شارەکان.



دەسگەی تەموین ئەم کەلووپەلانەی دابەش دەکرد: شەکر، چا، خام، بلوری، چیتی شیرکەتی، سابوونی ڕەقی و لۆکس. بەڵام بەداخەوە زۆر لە فەرمانبەرەکانی تەموین دزییان دەکرد، یان پاسەوانانی شەو، دەرگای هەمارەکانیان دەشکاند، ڕزقی خەڵکیان دەدزی و دەیانفرۆشتەوە. لە ئەنجامی ئەمەوە گەلێک لەو فەرمانبەرانە دەرکران. هەندێکیشیان گیران، دران بە دادگە و خرانە بەندیخانەوە.

پاش شەڕی دووی جیهانیی، بزووتنەوەی ئازادیخوازیی دەستی پێکرد. خەڵک دەهاتنە سەر شەقامەکان و خۆپێشاندانیان دەکرد. درۆشمەکانیشیان ئەمانە بوون: "نان و هەرزانیی بۆ گەلی عێراق! بمرێ ئیستعمار! بڕووخێ رژێمی پاشایەتی! بڕووخێ پەیمانی 1930، بژی برایەتیی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان! بمرێ چڵکاوخۆرەکانی ئیستێعمار".

شاری سلێمانی لەو سەردەمەدا، گەلێک خێزانی خانەدان و بنچینەدار و نەجیبزادە و نیشتمانپەروەری تێدا بوو. وەک شێخ مەحموودی نەمر و، شێخ باباعەلی و شێخ لەتیفی کوڕی، شێخ نووری نەقیب، شێخ قادری برای شێخ مەحموود، حاجی مەلا مەحیەدین، حاجی سەید ئاغا، حاجی مەلا سەعید، حاجی برایم ئاغا، حەمەی ئەورەحمان ئاغا،ماڵی عەمبەرخان و ماڵی کاکەڕەشی سەرشەقام، شێخ مەحەمەدی خاڵ، شێخ مەلای حەفید، شێخ لەتیفی دانساز، ماڵی قەزازەکان، ماڵی یەکشەوە، ماڵی قەفتان، مەلا ئەحمەدی خانەقا، مەلا عەلی سەرکارێز، شێخ سەلام و، مەلا پیسکەنی و ... هتد.

لە شاعیر و نووسەری گەورە، پیرەمێرد، گۆران، فایق بێکەس، قانع، زیوەر و هەردی و گەلێکی دیکە. هەروەها ژنانی بەناوبانگی سلێمانی، حەپسەخانی شێخ قادر، ئایشەخانی ژنی شێخ جەلال، ئامەخانی نەزەت، زاراخانی ژنی عێزەت بەگ، رەحمەخانی حاجی سەعی، فاتمەخانی عەبدوڵلا ئاغای سەرشەقام، ئامەخانی ئەمین ئەفەندی کاتب مەسرەف، ئامەخانی نەقیب و گەلێکیتر.

ڕێژەی دانیشتووانی شارەکانی کوردستان زۆر کەم بوو. زۆربەی خەڵکی کوردستان لە گوندەکان دەژیان و، هێشتا دیاردەی کۆچکردن لە شارەکانەوە بۆ گوندەکان دەستی پێنەکردبوو. بەپێی سەرژمێریی ساڵی 1947، دانیشتووانی شاری **سلێمانی** گەیشتبووە (3000) کەس. گەڕەکەکانی شار لەو سەردەمە بریتیبوون لە: **مەڵکەندی، سەرشەقام، سابوونکەران، کانی ئاسکان، چوارباخ و دەرگەزێن**.سەیرانگەکانیش بریتیبوون لە: **قۆرییەشکاو، هەڵۆیە، قلیاسان، تووی مەلیک، کانیبا، سەروەیس و، موشیراوا. باخچەی گشتیی شاریش**، دوو ڕۆژ بۆ ژنان و باقی رۆژەکانیش بۆ پیاوان بوو.

ساڵی 1931 خرامە بەر خوێندن لە قوتابخانەی **ئەیووبییەی سەرەتایی**، بەڵام پێش چوونە قوتابخانە لە حوجرە خوێندوومە، بە تایبەتیی لای مامۆستا **مەلا واحید و مەلا حەسەن و شێخ تاهیر و مەلا ئەحمەد** لە **سەرشەقام**. ساڵی 1947 لە پۆلی شەشی سەرەتایی دا بووم، زۆرترینی رۆژ و حەفتەکان خۆپێشاندان دەکرا. زۆربەی مامۆستاکانمان لە قوتابخانەی **"خالدیەی سەرەتایی"** بیروباوەڕیان لە گەڵ خۆپێشاندەران دا بوون، پێوەندیی سیاسییان هەبوو. رۆژێک خۆپێشاندان لە کاتژمێری (2) ی پاشنیوەڕۆ، لەبەر حەوزی نێو بازاڕ دەستیپێکرد. ئێمە لەو کاتەدا لە قوتابخانە بووین. بەڕێوەبەری قوتابخانە **(یۆنس ئەفەندی)** دەرگای قوتابخانەی داخستبوو. من و **حسێنی سەید گوڵ و مەجید عەبدولڕەزاق زامدار و حسێنی حاجی ئەمین** و چەن قوتابییەکەی

دیکە، دەرگەکەمان شکاند و بەرەو خۆپێشاندانەکە رۆیشتین. خۆپێشاندانەکە بەرەو **بەردەرکی سەرا** رۆی و لەوێشەوە بەرەو خوار بووەوە، بەرەو پردەکەی نێو بازاڕ و، قەسرەکەی **"تۆفێق قەزاز"**. پاشان گەیشتینە بەردەمی نووسینگەی **"فەقێ رەشیدی قەفقان"**، دەسکرا بە هاوارکردن و درۆشمی رووخاندنی حکوومەتی پاشایەتی و داوای نان و کار و هەرزانیی کرا بۆ کۆمەڵ. لەو کاتەدا




میرزا و بنووسەکەی **فەقێ رەشیدی قەفقان** کە جوولەکە بوو، ناوی **"موسقیل"** بوو، هاتە نێو خۆپێشاندانەکەوە و بە دنگێکی زوڵاڵ هاواریکرد: **بژی برایەتی کورد و جوولەکە!**. بەم درۆشمە خۆپێشاندانەکە زیاتر گەرمبوو. ئەوجا **حەسەن ساقی و براکەی حسێن ساقی** (2*) لە گەڵ چوار سوارە و چوار پیادە دەرکەوتن و خۆپێشاندانەکە رێکوپێکی نەما و درۆشمەکان خرانە باخەڵەوە و بڵاوەی لێکرا.

ئەو حیزبانەی کاتی شەڕی دووەمی جیهانی و پاش شەڕ لە عێراقدا دامەزران، ئەمانە بوون: **حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی**، کە لە هەموو عێراقدا بنکەی داکوتابوو. **حیزبی شەعب**، **حیزبی ئیستقلال**، **حیزبی دیمۆکراتی وەتەنی**. لە کوردستانیش، ئەم حیزبانە درووستبوون: **حیزبی هیوا**، **حیزبی رزگاری**، **پارتی دیمۆکراتی کوردستان**. هەروەها حیزبی شیووعی لە کوردستانیشدا لقی هەبوو، دەستی باڵایشی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد و، لە هەموو حیزبەکان چالاکی و ئەندام و لایەنگیری زیاتر بوو. **پارتی دیمۆکراتی کوردستان** لە ڕووی پێگەی جەماوەر و ئەندامەوە لە پلەی دووەمدا بوو. چالاکی و هۆشیاریی سیاسیشی لاواز بوو. ئەم دوو پارتە بزووتنەوەی نیشتمانییان خستبووە سەرشانی خۆیان و، لە بیروباوەڕ دا زۆر دوور بوون لە یەکدی.

لەو سەردەمەدا گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامە لە بەغدا بڵاودەکرانەوە. وەک ڕۆژنامەی **شعب**، **ئیستقلال**، **ئەلزەمان**، **ئەلرویۆلعام**، **ئەلئۆمە** و ... هیتد. بڵاوکراوەی کوردییش بریتیبوون لە ڕۆژنامەی **ژین** و گۆڤاری **گەلاوێژ**. هاوکات ڕۆژنامە عەرەبییەکان لە کوردستانیش بڵاودەکرانەوە. جگە لەوانە **پارتی دیمۆکراتی کوردستان**، ڕۆژنامەی **"خەبات"** ی دەر دەکرد و، **حیزبی شیووعی عێراقیش** ڕۆژنامەی **"ئەلقاعیدە"**.

لە نێوچەی کوردستان، زمانی کوردی، زمانی فەرمی بوو، شانبەشانی زمانی عەرەبی دەخوێندرا. ئەمەش بە پێی دەستووری عیراقی، لە ساڵی 1925 بەڕێوەچوو، کە وەک مافێکی رۆشنبیریی

له عێراقدا درابوو به کورد. خوێندن له قوتابخانه سەرەتاییەکاندا بە کوردی بوو، بەڵام لە ناوەندی و دواناوەندی دا بەزمانی عەرەبی بوو.

ساڵی 1948 کۆتاییمهێنا به خوێندنی سەرەتای و لە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی وەرگیرام. سالەکانی 1948 1953 – سەردەمی چالاکیی سیاسی بوو، نەک هەر لە سلێمانی، بەڵکوو لە کوردستان و لە هەموو عێراق. چۆنکە کۆتایی پەیمانی عێراق–بەریتانیا (1930) بوو. عێراقی پاشایەتی و بەریتانیا هەوڵی ئەوەیاندەدا "پەیمانی بەغدا" بهێننەوە کایەوە، عێراق بەشداری تێدا بکات. لەبەر ئەوە زۆربەی رۆژان مانمان دەگرت لە خوێندن.

ساڵی 1953 خوێندنی دواناوەندیشم تەواو کرد و، هەر ئەو سالە دامەزرام بە مامۆستای کاتیی، لە دێی "هێرۆ"ی سەر بە قەلادزێ. لە ماوەی مامۆستایەتیم لە گوندی هێرۆ، بە هۆی هەڵوێستی ئاغای گوند (مەحموود ئاغا لە هۆزی میراودەلی) تووشی گەلێک چەرمەسەری و تەنگوچەڵەمە بووم. ئاغاکانی هۆز، بە تایبەتیی بابەکری سەلیم ئاغا و مەحموود ئاغا لە گەڵ یەک ناتەبا بوون و، هەر یەکەیان خۆی بە گەورە و دەمراستی عەشیرەت دەزانی. مەحموود ئاغا رازینەبوو قوتابخانە لە گوندەکەیان بکرێتەوە، دەترسا خوێندەواریی لەنێو منالەجۆتیارەکان بڵاوبێتەوە. لە سالانی پەنجاکاندا دەرەبەگ، بە ئارەزووی خۆی، جۆتکار و خێزانی جۆتکاری دەچەوساندەوە.

جۆتکاری داماو، دەبوو (3) جۆر باج بدات بە ئاغای گوند: مەڕانە، لەوەرانە، سوورانە. دانیشتووانی گوندەکان لە ژێر چەوساندنەوەی بەردەوامدا بوون. زۆرجار جۆتکارەکان بە شەو، لام کۆ دەبوونەوە، باسی یەکسانی و وەکیەکی و سەربەستیم دەکرد بۆیان. هەروەها باسی مافی مرۆڤ و بەندەکانی و یاساکانی مافی مرۆڤم شیدەکردەوە بۆیان. ئەوانیش بە دڵێکی فراوانەوە گوێیان دەگرت لێم و، زۆر چیرۆکی سەیروسەرمەیان لەبارەی زەوتکردنی مڵک و ماڵیان دەگێرایەوە بۆم کە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە بەسەریان هاتووە.

زۆرجار لەرۆژی هەینی دا، سەردانی دێهاتەکانی دەوروپشتی "هێرۆ" م دەکرد. چاوم بە خەڵکانی رەشووڕووت دەکەوت. بەراستی ئەم گەڕانانەم سەلماندی بۆم، کە جۆتکار نە خاوەنی ژن و کچیەتی و، نە خاوەنی مڵک و ماڵیەتی. دانیشتووانی گوندەکان زۆر باوەڕیان دەکرد پێم و، دڵی خۆیان دەکردەوە، باسی زۆرداریيەکانی ئاغاکانیان دەکرد بۆم. منیش هانمدەدان لە بەرامبەر زۆرداریدا ملکەچ نەبن و، ئامۆژگاریم دەکردن، باوی سەرشۆڕیی نەماوە و کاتی ئەوە هاتووە بە سەربەستیی بژین.

هەندێکجار کە سەردانی قەلادزێم دەکرد، بابەکری سەلیم ئاغا پیاوێکی خۆی دەناردە سەر رێگەم، بەرەو ماڵی ئاغای دەبردم. بابەکرئاغا دوو جۆرە دیوەخانی هەبوو، دیوەخانی مسکێنان و، دیوەخانی دەرەبەگ و فەرمانبەری حکوومەت. هەمیشە منیان دەبردە دیوەخانی ئاغاوات. بێگومان جۆری خواردنەکەش جیاواز

بوو. یەکەمجار کە چوومە دیوەخانی **بابەکرئاغا**، خۆی ناساندپێم، منیش خۆم ناساندپێی، پاشان کەوتینە گوتووبێژەوە. **بابەکرئاغا** دەسیکرد بە زەمکردنی ئاغای هێرۆ، هەستمکرد دەیەوێ پێم بڵێ: ئاغای هێرۆ هیچ نییە. هەر من ئاغای پشتدەر و سەرۆکهۆزی پشتدەرم.

جاری دووەم کە سەردانی **بابەکرئاغام** کردەوە، دەستیکرد بە زەمکردنی ئاغای هێرۆ، هێرشیکردە سەری و، قسەی سووکی پێوت. پاش لێدوانی زیاتر زانیم کەسی یەکن، بەڵام لەسەر سەرۆکایەتیکردنی هۆزی **پشتدەر** ناکۆک و ناتەبان. پێوەندیی من و بابەکر ئاغا وایلێهات، رۆژانی هەینی پیاوی دەنارد بە شوێنمدا. باسی زۆر بابەتی دەکرد بۆم، جارێکیان باسی پێوەندیی خۆی کرد لە گەڵ ئینگلیز. دەیگوت: **لە دەسپێکی جەنگی دووەمی جیهانییەوە تاکوو ئیمڕۆ  کە تۆ لە گەڵم دانیشتووی، سەبیل دەکێشم. سەبیلەکەی ئاسایی نەبوو، زۆر درێژ بوو. یەکێک لە بەردەستەکانی کاری چاخکردنی سەبیلی ئاغا بوو. کاتێ سەبیلەکەی دەگرت بە دەستیەوە و مژی لێئەدا، روخساری گەش دەبوو، بزەیەک دەنیشتە سەرلێوی و باسی پێوەندیی دیپلۆماسیی خۆی لە گەڵ ئینگلیز دەکرد بۆم، دەیگوت: کاربەدەستانی ئینگلیز بەردەوام هاموشۆم دەکەن و، شاژنی بریتانیا (ئەلیزابت)، نامە و پاداشتی بەنرخی ناردووە بۆم. خەنجێرێکی پێشاندام، دەسکەکەی رازێندرابووەوە بە چەندین جۆری زێڕ و مرواری و ئەڵماس. هەروەها شمشێرێکی پێشانمدا ئاڵای بریتانیای لەسەر بوو. چەن**

دانه مەدالیایشی پێشانمدا کە لەلایەن کاربەدەستانی گەورەی بریتانیا پێیدرابوو.

ئا لەو زەمان و بارودۆخەدا، **"عومەر عەلی"** (3*) زۆردار، کرا بە کاربەدەست (متصرف) ی شاری **سلێمانی**. عومەر عەلی زۆر توندوتیژ بوو، دەیویست بە هەر شێوەیەک بووە، سەر بە بەگ و بەگزادەکان شۆڕبکات. بەڕاستی پشتی جۆتکاری دەگرت. ئەم کارەی عومەر عەلی وایکرد جمووجۆڵێکی زۆر کەوتە گوندەکانەوە. لە زۆربەی گوندەکان، دانیشتووانی گوندەکان، دەرەبەگەکانیان دێبەدەر کرد. لە بیرمە لە دێی **"باوزێ"**، جۆتکارەکان ئاغای گوندیان گرت، ناوی **ئەحمەد ئاغا** بوو، بەزۆر سمێڵ و برۆیان تاشی، پشتاوپشت سواری کەرێکیان کرد، ناچاریان کرد دەسبگرێت بە کلکی کەرەکەوە، پاشان بەنێو ئاوایی دا گێڕایان. لەبەردەم هەر ماڵێکدا دۆ و خەڵەمێشیان دەکرد بەسەری دا. دەرەبەگەکان بەو شێوەیە سووک و سەلیم بوون. ئەمە وایکرد مەحموود ئاغای هێرۆ، بەناچاری سەری نەویکرد بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکەی.

لە نێوان ساڵەکانی 1954–1953 دا، کۆمەڵێک لە خەڵکی دێی **باوزێ** هاتن بۆ ئاوایی هێرۆ بۆ لام. داوایانکرد لێم، داخوازینامەیەک بنووسم بۆیان، بۆ شارەداری شاری **قەڵادزێ** بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکەیان. منیش داخوازینامەیەکی رێکوپێکم نووسی و، لە گەڵ خۆیان بردیان بۆ شارەداریی قەڵادزێ. مەحموود ئاغای هێرۆ، بەمەی زانی و، پێمیگوت: **"دێی هێرۆت تێکدا، ئەوجا نۆرەی دێهاتەکانی دیکەیە!"**.

بەڕێکەوت، ڕێم کەوتە گوندی **"مەرگە"** ی سەر بە **بنگرد. لەو** کاتەدا **پیرۆت ئاغای** برای **مەحموود ئاغای هێرۆ،** ئاغای ئەوێ بوو. ڕۆژێکیان چوومە خزمەتی **پیرۆت ئاغا.** پاش حەوانەوەم پێمیوت: **ئەرێ ئەفەندی، تۆ بۆ لە گەڵ مەحموودی برام ڕێناکەوێ؟ تۆ دەتەوێ چی بکەی؟** دیاربوو مەحمووددئاغا لەبارەی قوتابخانەی **هێرۆ** وە قسەی کردبوو بۆی. پاشان فشەهەڕەشەیەکی کردلێم. بە کورتی، ئەوە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەی **سلێمانی** و بە گشتیی **باشووری کوردستان** بوو.

ساڵی 1955 لە شەریکەی **دووکان** دامەزرام بە یاریدەدەری هەندازیارێکی ئینگلیزی بەناوی **Mr. Church**. ئەم هەندازیارە زۆر ڕێزی گرت لێم و هەوڵیدەدا بە باشی فێری زمانەکەی بم. هەرچەند هەڵەم بکردایە ڕاستی دەکردەوە بۆم. ساڵی 1956 لە پەیمانگەی ئاژەڵناسی وەرگیرام، هاوکاتیش پسوولەی خوێندنم پێشکێشی زانستگەی قاهیرە کرد. دوای 22 ڕۆژ وەلامی زانستگەی **قاهیرە** هاتەوە بۆم. منیش وازم لە پەیمانگەکە هێنا و، بەرەو **قاهیرە** بەڕێکەوتم. کاتێ گەیشتمە **میسر،** شەڕی **نۆکەندی سویز** دەستیپێکرد و، زانستگە داخرا. لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1956 خوێندکارانی کورد لە میسر بڕیارماندا بەشداری بکەین لە بەرگریکردن لە میسر بەرامبەر هێرشی **ئیسرائیل و فەرەنسا و بریتانیا.** ئەوە بوو لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا لە بنکەی سەربازیی **"عەتەبە"** ناوی خۆمان تۆمار کرد و، بووین بە **"الجیش الشعبی"** (سوپای گەلیی).

**له مانگی مایس (گوڵان) ی ساڵی 1957خوێندکار بەڕێز محەمەد حسێنی مەلا و خوالێخۆشبوو هۆشیار بابان لەلایەن دەسگەی ئاسایش (المباحث المصرية) ئاگادار کران کە وا حکوومەتی میسر نیازی کردنەوەی ئێستگەیەکی هەیە بە زمانی کوردی لە بەشی بەرنامەی رووتێکەر (البرنامج الموجه). لە رۆژی 1/6/1957 ئەم ئێستگەیە کەوتە کار، زۆر بە سەرکەوتووانە و، ئەم دڵسۆزانە کاریان تێدا کرد:**



**شێخ عومەر وەجدی بەڕێوەبەری ئێستگەی کوردی لە قاهیرە**

**1- بەڕێز محەمەد حسێن مەلا لە دایکبووی هەولێر، لە زانستگەی قاهیرە دەیخوێند لە بەشی کشتوکاڵ، هاوکات سکرتێری یانەی خوێندکارانی عێراق (رابطة طلبة العراقيين في مصر) بوو. 2-خوالێخۆشبوو هۆشیار تاهیر بابان، کوڕی تاهیر یەحیای بابان، لە زانستگەی (عین شمس) لە کۆلیجی ئەندازیاری دەیخوێند، هاوکات ئەندام بوو لە یانەی خوێندکارانی عێراق دا. 3- محەمەد کەریم رەشید شەیدا (نووسەری ئەم دێڕانە). ئەم سێ خوێندکارە بە نۆرە وێژەری رادیۆکە بووین. 4- مامۆستا شێخ عومەر وەجدی، یەکێک بوو لە کوردەکانی دانیشتووی میسر، لەدایکبووی شاری دیاربەکر بوو لە**

باکووری کوردستان. پیاوێکی زیرەک و زیتەڵە و زانا و لێهاتوو بوو.

مامۆستا عومەر وەجدی بە تێکۆشینی خۆی گەیشتبووە پلەی شێخی رەواقی خوێندکارانی کورد لە زانستگەی "ئەزهەری شەریف". هەستی کوردایەتی و ورەی زۆر بەرز بوو. باوەڕی پتەو بوو بە سەرکەوتنی کێشەی کورد. ئامانجی ئەوە بوو کورد ببێتە خاوەنی خۆی و ئاڵای کورد بشەکێتەوە. شێخ عومەر وەجدی لە ساڵەکانی حەفتاکان دا، لێیکەوتبوونە شک و بیانوویان پێدەگرت. لە ئەنجامدا بەندکرا و خرایە زیندانەوە. پاشان رزگاری بوو، هەڵهات و چوو بۆ وڵاتی حیجاز و هەر لەوێ مایەوە تا کۆچیدواییکرد.

لە راستیدا ئەم ئێسگەیە (ئێستگەی قاهیرە-بەشی کوردی)، وەک لە پێشەوە باسمکرد، بە سەرزارەکی وەک بەشێک کرایەوە لە پرۆگرامی رووتێکەر (البرنامج الموجە)، بەڵام هۆکاری سەرەکیی کردنەوەی ویستگەی کوردی- قاهیرە بەسترابووەوە بە بارودۆخی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەتیی نیشتمانی عەرەبی. لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، میسر و سووریا رزگارببوون لە ژێردەستەی و دوو دەوڵەتی رزگاریخوازی دیمۆکراتی بوون. ئەم دوو دەوڵەتە لە یەک نێزیک بووبوونەوە، بە تابەتیی لە ساڵی 1957 ەوە خوالێخۆشبوو جەمال عەبدولناسر نەتەوەپەروەرێکی توندڕەو بوو، هەروەها رووی لە یەکێتیی عەرەبی بوو. هەولی دەدا وڵاتە عەرەبییەکان رزگاریان بێت و، یەکێتیی عەرەبی

درووست بکا. ئەمەش بەڕاستی روویدا کاتێک **میسر** و **سووریا** لەساڵی 1958 یەکێتییەکی دووقۆڵییان پێکهێنا بەناوی **کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو**. هەر لەم روانگەیەوە بوو **عەبدولناسر** چاوی بڕیبووە ولاتە عەرەبییەکانی دیکە بە تایبەتیی **عێراق** کە رژێمێکی پاشایەتیی حوکمی بەسەردا دەکرد و، دەسنیشانکراوی **بریتانیا** بوو. **عێراق** لە شەڕی **"نۆکەندی سویس"** دا لە 1956 رۆڵی سەرەکیی بینی لە یارمەتیدانی **بریتانیا** و **فەرەنسا** و **ئیسرائیل** لە دژی میسر. لە لایەکی دیکەشەوە عێراق ولاتێکی بە پیت و پڕ خێر و بێرە و دەوڵەمەندە بە هەموو جۆرە کانزا، بە تایبەتیی نەوت. لەمەش زیاتر دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان پەستانێکی زۆریان خستبووە سەر **میسر** و **سووریا**، چۆنکە دوو دەوڵەتی رزگاریخوازی دێمۆکرات بوون و، لەوە دەترسان یەکێتیی عەرەبیی دروست ببێ و دەوڵەتە ئیمپریالییەکان نەوت و بەرژەوەندییان لە خۆرهەڵاتی ناڤین لەدەست بدەن. هەر لەبەر ئەمەش بوو **ترکیا** و **عێراق** و ئەردەن، لەشکری خۆیان لەگەڵ **ئیسرائیل** مۆڵدابوو، لەسەر سنووری سووریا و میسرەوە.

**کاتێک دەولەتی میسر نۆکەندی سویسی خۆماڵی کرد، بریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل بە هاندانی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر میسر و، گەرانەوەی میسر بۆ ژێردەستەیی ئۆرووپا. ئەمانە هەموو وایکرد کە حکوومەتی میسر بیر بکاتەوە لە کردنەوەی ئێستگەیەکی کوردی، بۆ مەبەستی هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد و، هاندانی کورد، بۆ راپەڕین لە دژی رژێمی پاشایەتیی عێراق.**

**بەڵگەش بۆ ئەمە، بەڕێوەبەری بەرنامەی "رووتێکەر" بەڕێز ئەحمەد تاهیر، هەمیشە هانی ئەوەی دەدایین کە حەماسی بین و هانی کورد بدەین بۆ راپەڕین. هاوکات ئێستگەیەک کرابووەوە، بە زمانی عەرەبی عێراقی دەدوا بۆ هاندانی عەرەب لە باشووری عێراق دا، جگە لە رادیۆی "دەنگی عەرەب" (صوت العرب).**

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر داوایکرد لێمان کە ژمارەیەک سرووودی نیشتمانی تۆمار بکەین، بەتایبەتیی ئەو سرووودانەی حەماسی و کارتێکەرن. ئێمە** (خوێندکارانی کورد)، **لەم بارەیەوە 12 سرووودمان تۆمار کرد، کە بە سرووودی "ئەی رەقیب" دەستیپێدەکرد. سرووودەکان ئەمانە بوون: 1– ئەی رەقیب. 2– ئەی کوردینە – ئەی مەردینە. 3 –کوردستان جێگەی بەچکەی شێرانە. 4– ئێمە نەتەوەی مەردین – هیوای دووارۆژی کوردین. 5– کوردستان، کوردستان نیشتمانی جوان. 6– ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە. 7– پێشکەوە پێشکەوە تۆ پێشکەوە بۆ پێشەوە ئەی کوردی ئازا. 8– چەند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم. 9– دەمی راپەڕینە دەمی راپەڕین هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژین. 10– ئەی دلێران بێچووە شێران بەسییە هەستن لە خەو وا بەیانە. 11– پیرەمەگروون موقەدەسی دۆستی دائمی کوردی. 12– لە خەو هەستن بەیانە زەمانی هەوڵ و عیلم و عیرفانە.**

**بەرنامەی رووتێکەر هەروەها بڕیاری ماوەی زیادکردنی ئێستگەکەی دا، لە (45) خولەکەوە بۆ کاتژمێرێک. داوایانکرد لێمان کە وا ئەندامێکی ژن بهێنین، ببێتە وێژەر. ئێمەش داوامانکرد لە بەڕێز پاکیزە رەفیق حیلمی، بەڵام ئەو رەتیکردەوە.**

ئێمە لە وێستگەی کوردی-قاهیرە وەک پەخشێنەر کارمان دەکرد، لە گەڵ ئەوەشدا گەلێک مادە و بەرنامەمان لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕا بۆ زمانی کوردی، بە تایبەتیی دەنگ و باس و سەرنووسی هەندێ ڕۆژنامە. بەرنامەکانی ئێستگەکە بەم شێوەیە بوو: 1- کردنەوەی ئێستگەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب. 2 - بڵاوکردنەوەی ئەم دەستە واژەیە: "ئەم ئێستگەیە کراوەتەوە بۆ بە هێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب و یەکخستنی خەباتی نەتەوایەتیی هەر دوو نەتەوەکە. 3- قورئانی پیرۆز بۆ ماوەی (5) خولەک. 4- خوێندنەوەی دەنگ و باسی جیهان. 5 - پارچەیەک مووسیقا، یان گۆرانییەکی کوردی. 6 - خوێندنەوەی سەروتاری ڕۆژنامەی "ئەهرام". 7 - ئامادەکردنی یەکێک لەو بەرنامانەی کە لەو ڕۆژەدا دەسنیشاندەکرا، وەک گۆرانی داواکراو، یان نامەی گوێگران، یان بەرنامەی "خۆت و بەختی خۆت، یان ئەدەب و مێژووی کورد. 8 - گۆرانی کوردی، هەندێک جاریش گۆرانی عەرەبی دەخرایە پاڵی، چۆنکە کەرەسەی تەواومان نەبوو. 9- کورتەی دەنگوباس. 10- کۆتایی بە سروودی ئەی ڕەقیب.

ئێستگەی کوردی- قاهیرە، ڕۆڵێکی سەرەکی و گەورەی هەبوو بۆ سەر هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی گەورە دا. ئەم ئێستگەیە رووتێکەر بوو بۆ باشووری کوردستان، بەڵام لە هەموو کوردستانی گەورە دا دەبیسترا. بەڕاستی کردنەوەی ئێستگەی کوردی-قاهیرە، لەنێو جەرگەی نیشتمانی عەرەبیی، خۆی لەخۆیدا، فاکتەرێک بوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری

و هەستی نەتەوەیی گەلی کورد. لە حەفتەیەک دا سەدان نامەمان بەدەس دەگەیشت، کە فریای ئەوە نەدەکەوتین وەلامی هەمووی بدەینەوە. ئەو نامانە زۆرترینی لە **باکووری کوردستان** و خۆرهەلاتی کوردستان و خۆرئاوای کوردستانەوە دەهاتن. هەرچی نامەکانی باکووری کوردستان بوو، بە پۆستەی **سووریا** بۆمان رەوانە دەکرا، چۆنکە پێوەندیگرتن بە ئێستگەی کوردی لە باکووری کوردستانی بندەستی ترکیاوە رێبەند (قەدەخە) بوو، سزای زۆری لەسەر دەدرا. زۆرترینی نامەکان بریتی بوون لە دەربڕینی هەستی نەتەوەیی و پێخۆشبوونی خۆیان دەردەبڕی بۆ کردنەوەی ئیستگەی کوردی. خەڵک بە پەرۆشەوە گوێ لە ئێستگەکە دەگرت. زۆرکەس کار و کەسابەتی خۆی جێدەهێشت و دەگەڕایەوە ماڵەوە تا گوێ لە رادیۆکە بگرێت. چۆنکە کردنەوەی رادیۆ کوردی–قاهیرە، لە هەموو کوردستانی گەورە رێبەند کرابوو.

کوردە ئەیووبییەکانی میسر، بە نامەیەک پێوەندییان گرت پێمانەوە، بە تایبەتیی خوشکە زەینەب کە خوێنکارێکی کوردی ئەیووبی بوو، لە زانستگەی قاهیرە دەیخوێند. لە نامەیەکدا نووسیبووی: "ئێمە دڵخۆشین بە کردنەوەی ئێستگەی کوردی. ئێمە کوردی ئەیووبین و لە گوندی عەسکەر، لە نیزیکی قاهیرە دەژین. هەموومان کوردین، بەلام بەداخەوە کوردی نازانین، بەلام لە پێشەکییە عەرەبییەکە تێدەگەین. زۆر حەز دەکەین سەردانمان بکەن لە گوندی عەسکەر. چاوتان بکەوێ بە پیاوە بە

تەمەنەکانمان، چۆنکە زۆر دەسنووسی سەردەمی ئەیووبییەکانیان لایە، ئێوە دەتوانن سوود وەربگرن لێیان.

لە هەموو شتێک گرنگتر، بەڕێز **ئەحمەد تاهیر** بەڕێوەبەری بەرنامەی رووتێکەر ئاگاداری کردینەوە کە حکوومەتی ترکیا و ئێران نارەزایەتییان پێشکێش بە حکوومەتی میسر کردووە و، داوای داخستنی ئێستگە کوردییەکە دەکەن. وتیشی: دڵ لە دڵ نەدەن، حکوومەتی میسر داخوازییەکەیانی رەد کردووەتەوە. ئێوە هەر بەردەوام بن. وا دیارە ئێستگەکە لە کوردستان بەتەواوەتیی کاری خۆی کردووە!

ئەم نموونانەی باسمکردن، باشترین بەڵگەن کە بڵێین ئێستگەی کوردی–قاهیرە، رۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کوردی دا. ئێستگەکە لەرۆژی 1/6/1957 کرایەوە، هەموو پاشنیوەڕۆیەک کاتژمێر 4/55 بۆ 5/55 بڵاودەکرایەوە. لەبارەی وەستانی رادیۆکەوە، حەزدەکەم هەندێ راستی و درووستی بۆ ئێوەی بەڕێز روون بکەمەوە، ئەویش ئەوە بوو، ساڵی 1958 کە **شۆرشی** 14ی **گەلاوێژ** سەریهەڵدا لە **عێراق** دا، **جەمال عەبدولناسر** ئامادەیی خۆی دەربڕیی بۆ یاریدەدانی عێراق و پاراستنی لە هێزەکانی ئیمپریالیست بە نیازی ئەوەی عێراق ببێتە بەشێک لە **"کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو"**، کە پێکهاتبوو لە میسر و سووریا. بەڵام دەسەڵاتداری تازەی **عێراق** **(عەبدولکەریم قاسم)**، لە بەرامبەر هاوپەیمانێتییەکەی **میسر و سووریا** خۆی دوورەپەرێز کرد. لەمەوە ناکۆکیی کەوتە نێوان

میسر و عێراق و ناكۆكییەكەش رۆژ دوای رۆژ فراوانتر بوو، تا وایلێهات **جەمال عەبدولناسر** دژ بە عێراق وەستا و، دەستیكرد بە پیلانگێڕان لە دژی كۆماری تازە دامەزراوی عێراق. عەبدولناسر دەستیوەردا لە كاروباری نێوخۆی عێراق و هانی دانیشتووانی مووسڵی دەدا دژی رژێمی عەبدولكەریم قاسم بوەستن. دژایەتیكردنی رژێمی میسر گەیشتە رادەیەک، هێزەكانی دەسگەی ئاسایشی میسر، هێرشیانكردە سەر باڵوێژخانەی عێراق لە میسر و، هاوكات لە گەڵ ئەم رووداوە، دەستەیەک هێزی ئاسایشی میسر، بە فەرماندەیەتیی ئەفسەرێک بەناوی **"عومەر عەبدولعەزیز"**، هەڵیانكوتایە سەر **یانەی خوێندكارانی عێراق (رابطة الطلبە العراقیین فی مصر)** و، بەڕێزان **هۆشیار بابان و محەمەد مەلا** بریندار كران، ئێمەش تاڵان كراین، سەعات و پارەیان لێسەندین. لە ئەنجامی ئەم رووداو و كردەوە دزێوەی دەسگەی ئاسایشی میسری، ئێمەش وازمان لە ئێستگەكە هێنا و، ماوەی (3) رۆژ ئێستگەكە بەبێ پەخشێنەر مایەوە. بەڵام چەن كوردێكی ناپاک كە لە **"جامعی ئەزهەر"**، دەیانخوێند، جێگەی ئێمەیان گرتەوە و رادیۆكەیان بووژانەوە.

لەساڵی 1961 ئێستگەكە لەلایەن دەوڵەتی میسرەوە بە فەرمیی داخرا، چۆنكە كاریان بە رادیۆكە نەما. عیراق رزگار بوو لە ژێردەستەیی و، یەكێتیی كورد و عەرەب راگەیەندرا. بە فەرمیی كورد و عەرەب بوون بە شەریک لە خاكی عێراق دا، هەموو خەڵک ئازاد و سەرفراز بوون. واتە دانانی ئێستگەكە كاتی بوو، بۆ

بارودۆخی سەردەمی مەلیکی دامەزرابوو کە میسر هەوڵی دەدا عێراق رزگار بکا و، بیخاتە سەر **کۆماری عەرەبیی-یەکگرتوو.**

هەر لەو سەردەمەدا کە ئێمە لە قاهیرە بووین، لە ساڵی 1957 کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی بە نێوی **"کۆنگرەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا"** لە **قاهیرە** دەگیرا. ئەم کۆنگرەیە ساڵی 1955 دامەزرابوو، نێوەندەکەی گوێزابووەوە بۆ شاری **قاهیرە.** ئەوە بوو ئێمەش بڕیارماندا یادداشتیک بۆ کۆنگرەکە بنێرین و بارودۆخی کورد بە گوێی وڵاتانی بەشدار لە کۆنگرەکە بگەیەنین. کۆنگرەکە دەرفەتێکی باشبوو بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە خاوەنی قەوارەی سیاسیی نەبوون. ئەم کۆنگرەیە هەروەها هیوای گەلێک نەتەوەی ژێردەستە و چەوساوەی بووژاندەوە، بە تایبەتیی گەلی کورد.

کۆنگرەکە **لە ڕۆژی (26) ی کانوونی یەکەم، بەرامبەر بە مانگی** Desember دەکرایەوە، کۆمیتەیەکیش بۆ ئامادەکردنی پێکهێنرابوو بە سەرۆکایەتیی ویژەناسی میسری **(یووسف سباعی).** **شایانی باسە هەر لەم سالەدا بوو کە "یەکێتیی خوێندکارانی کورد"** لە میسر دامەزرابوو. **بیرۆکەی پێشکێشکردنی یادداشتی گەلی کورد بۆ کۆنگرەی قاهیرە، بەڕێز شێخ عومەر شێخ حەمەمین هێنایە کایەوە و،** هانی خوێندکارانی کوردی دا بۆ ئەم مەبەستە کار بکەین. بەڕاستی ئەم بیرە زۆر بەجێ و پەسند بوو. ئێمەی خوێندکاری کورد دەسمانکرد بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەم کارە. هەر لە میسر سەردانی گەلێک کەسایەتیمان کرد، لەوانە

**تەها مەحیەدین** کە سکرتێری یەکەمی باڵوێژخانەی عێراق بوو، **حیلمی بەگی جوانڕۆیی** کە لە سەردەمی **مەلیک فارۆق** پاشای میسر دا سەرۆکی تەشریفاتی کۆشکی مەلیک بوو. سەردانی بەڕێز **مەحموود ماردینی** مانکرد کە **یاریدەدەری ئەمینداریێتیی گشتیی ولاتانی عەرەبی** بوو. هەروەها چووینە سەردانی خوالێخۆشبوو **مامۆستا عومەر وەجدی** کە **شێخی رەواقی کورد** بوو لە **مزگەوتی ئەزهەر**، هاوکات سەرپەرشتیاری ئێستگەی کوردی بوو لە **قاهیرە**. جیا لەم کەسایەتییانە هەروەها چووینە لای **رێزدار پاکیزە رەفیق حیلمی**، هەموویان بیرەکەیان لا باش و پەسند بوو. دوای ئەنجامدانی ئەم دیدارانە دەسمانکرد بە نووسینی یادداشتێک بۆ کۆنگرەکە.

رۆژی 13/12/1957 چووینە سەردانی دەستەی ئامادەکردنی کۆنگرەکە و، یادداشتەکەمان دا بە **یووسف سباعی**، ئەویش وتی یادداشتەکەتان دەدەن بە دەستەی ئامادەکار بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەری. چەن رۆژێکیتر سەر بدەنەوە تا لە پەسندکردن، یان پەسندنەکردنی ئاگادارتان بکەم. هاوکات چاومان کەوت بە **خالید مەحیەدین** سەرنووسەر و خاوەنی رۆژنامەی "**مەسایی قاهیرە**" و، کەوتە لێدوان لە گەڵمان وەک یەکێک کە شارەزاییەکی باشی هەیە لە مێژووی کورد و کێشەی کورد، وتی: "**حەقی خۆتانە، بۆچی ئێوەش وەک فەلەستینییەکان بەشداری نەکەن؟" وەرن لە کۆنگرەکەدا مافی رەوای خۆتان بە گوێی بەشدارانی بگەیەنن!**

هەر لە پێوەند لە گەڵ ئەم کۆنگرەیەدا، **رۆژی 30/12/1957 سیاسەتکارێکی کورد بەناوی عەبدولرەحمان زەبیحی کە بە عیسا زەبیحی و مامۆستا عولەما** نێویرۆیبوو، گەیشتە شاری قاهیرە، لە گەڵ **محەمەد حسێن ئەلمەلا و هۆشیار بابان** هەموو کارەکانمان بۆ **زەبیحی** گێرایەوە، ئەویش زۆری پێخۆشبوو، گوتی: **"منیش لە گەڵ خۆمدا یادداشتێکم هێناوە، بۆ ئەوەی لە کۆنگرەکەدا بیخوێنمەوە".** ئێمەش گوتمان پێی: **کاتی هاتووە بچین بۆ لای دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە، بزانین رایان چییە؟".** زەبیحییش هات لە گەڵمان. کاتێ گەیشتینە ئەوێ، **یووسف ئەلسەباعی ئاگاداری کردین داواکەمان رەتکراوەتەوە! بە هەڵوێستەکەیان زۆر خەمبار بووین.** لە ڕێکەوتی 22/12/1957 لە گەڵ **زەبیحی** چووینە سەردانی **تەها مەحیەدین. زەبیحی** بە تەنیا ماوەی نیو سەعات **لە گەڵ تەها مەحیەدین** کۆبووەوە. پاش ئەو دانیشتنە دوو قۆڵییەیان، **عەبدولرەحمان زەبیحی** پێشنیازی کرد، یادداشتێکی دیکە پێشکێش بکەین بە کۆنگرە و، داوا بکەین لێیان بە چاودێر وەرمان بگرن. بێگومان ئەمەشمان کرد، بەڵام بەداخەوە ئەوەشیان رەتکردەوە. پاش ئەمانە، **عەبدولرەحمان زەبیحی** بڕیاریدا پێوەندیی بکەین بە نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانەی لە کۆنگرەکەدا بەشدارن. ئێمەش چووینە باڵوێژخانەکانی **هێند و پاکستان و یووگسلاڤیا و بولگاریا** و چەن وڵاتێکیتر قسەمان کرد لە گەڵیان. هەروەها لە گەڵ کاربەدەستانی میسریش کۆ بووینەوە و هۆکاری رەتکردنەوەی یادداشتەکەمان پرسی لێیان. لە ئەنجامی ئەم هەوڵانە دەرکەوت بۆمان کە وا **سووریا و عیراق** و هەندێ دراوسێی

دیکەی کورد، رازی نین کورد بەشداری بکات، چۆنکە بە وتەی ئەوان: ئاژاوە ساز دەبێ و، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاژاوە و پشێوی لە عێراق و لە سووریا و، ئەو نێوچانەی کوردی لێدەژین، نائارام دەبن.

پاش ئەم هەموو هەوڵ و تێکۆشینە، بۆ سەپاندنی داواکەمان هیچ رێگەیەک نەما نەیگرینەبەر، بەڵام بەداخەوە هیچ ئەنجامیکی نەبوو. عەبدولرەحمان زەبیحی جارێکیتر سەردانی تەها مەحیەدینی کردەوە، بۆ ئەوەی بیر لە رێگەچارەیەک بکرێتەوە. داخوازییەکەمان هەر ئەوە بوو دەنگی خۆمان بگەیەنینە هەموو گەلانی جیهان و لە دەوڵەتەکانی بگەیەنین کە گەلی کورد، گەلێکی لێقەوماو و مافخوراو و چەوساوەیە و، کۆت و زنجیری دەستی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی نێوخۆیە، بێکەس و بێ پشتیوانە، دەسکورت و ماڵوێرانە، نەخۆش و ئاوارەیە.

هەژمارێکی زۆر لە یادداشتەکەمان چاپ کرد و لە رۆژی 21/12/1957 خۆمانگەیاندە هۆڵی کۆنگرە و، یادداشتەکەمان بەنێو بەشدارانی کۆنگرەکەدا بڵاوکردەوە. یادداشتەکەمان بە سێ زمانی عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی نووسیبوو. پاش ئەمە ژمارەیەک لە یادداشتەکەمان لە ڕێگەی پۆستەوە نارد بۆ کۆمەلێک لە سەرۆک و کاربەدەستانی ئۆرگان و دەوڵەتەکانی جیهان، کە ئەمانە بوون: 1- بۆ سکرتیری نەتەوە یەکگرتووەکان. 2- سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. 3- سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی یەکیتیی سۆڤێت. 4- مەلیک و سەرۆکوەزیرانی بریتانیا. 5- سەرۆکی ئیتالیا. 6- موستەشاری ئەڵمانیای

رۆژاوا. 7 – موستەشاری ئەڵمانیای خۆرهەڵات. 8– مەلیک فەیسەڵی دووەم شای عێراق. 9– جێنشینی عەرشی عێراق. 10– سەرۆکوەزیرانی عێراق نووری سەعید. 11– سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی وڵاتی چین. 12– وەزیری نێوخۆی عێراق سەعید قەزاز. ئەمانە و گەلێکیتر لە سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی وڵاتانی دیکە. جگە لەم کارانەی باسمکرد، **یەکیتیی خوێندکارانی کورد لە میسر** گەلێک چالاکیی دیکەشی ئەنجامدا، ئەندامانی کۆمیتەی خوێندکاران بریتیبوون لە: **هۆشیار تاهیر بابان، محەمەد حسێن مەلا، محەمەد شەیدا، مستەفا شیرین، عادل موختار.** نموونەی چەن چالاکییەکمان ئەمانە بوون: 1–بەشداریکردن لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی یانەی خوێندکارانی عێراقی. 2– بەشداریکردن لە زۆر بۆنەی گەلی میسر وەک جێژنی (ئم النسیم). لەو رۆژەدا زۆربەی میسرییەکان لە مال دەچنە دەرەوە بۆ لێواری رۆباری **"نیل"**، بە تایبەتیی بۆ **"قەناتری خێر"**. ئێمەش بە جلووبەرگی کوردییەوە بەشداریمان دەکرد و چالاکیمان دەنواند، وەک گۆرانی و هەڵپەڕکێ. جلووبەرگ و جۆری دانسەکەمان بە لای خەڵکی میسرەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، دەیانپرسی لێمان ئێوە خەڵکی کوێن و، بە چ زمانێ قسە دەکەن؟ ئێمەش باسی کورد و کێشەی کوردمان دەکرد بۆیان. هەموو ساڵی لە جێژنی نەورۆز ئاگرمان دەکردەوە و گۆرانی و سروودمان دەخوێند.

**بۆنەی نەورۆزی ساڵی** 1959 جیاوازییەکی زۆری لە گەڵ نەورۆزی ساڵانی پێشوو بوو. چۆنکە شۆرشی 14ی تەمووزی 1958 لە عێراق روویدا بوو، لەگەڵ هاتنی نەورۆز، هۆڵی

سینەمایەکمان گرت بە کرێ، سەربالۆیێژی عێراق و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی میسری و هەروەها بالۆیێژی چەندین ولاتی ئۆرووپاشمان بانگ کردبوو. ئاهەنگەکە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" دەستپێکرد. لە کاتی دەسپێکردنی بۆنەکەدا، دیسان "فواد رکایی/سەردەستەی رەگەزپەرستانی عێراقی لە میسر" و ژمارەیەک لە عەرەبە رەگەزپەرستەکانی عێراق و سووریا و ئەردەن هەوڵیاندا بۆنەکە بشێوێنن و تێکی بدەن و، داوایاندەکرد ئالای کوردستان لا بەرین، بەڵام ئاسایشی میسری و ژمارەیەک لە خوێندکارانی کورد هاتنەدەست لێیان و، لە نێو هۆڵەکە دەریان کردن و، ئاژاوەکەیان دامرکاندەوە.

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1958 خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیی لە مۆسکۆوە گەڕایەوە بۆ عێراق، بەڵام پێش گەڕانەوەی بۆ عێراق، سەردانی قاهیرەی کرد بۆ چاوپێکەوتنی جەمال عەبدولناسر. رۆژی هاتنی بارزانیی، ژمارەیەکی زۆر خوێندکارمان ئامادە کرد لە کورد و عەرەبی عێراقی و ولاتانی دی، چووین بۆ فرۆکەخانەی قاهیرە بۆ پێشوازیکردن لە بارزانیی. بەڕاستی پێشوازییەکی تێروتەسەلمان کردلێی. ئالای کوردستانمان بەرز کردەوە و، هاواری بژی بژی بارزانی و هیوای تەمەندرێژیمان دەکرد بۆی. خوالێخۆشبوو بارزانیی مێوانی جەمال عەبدولناسر بوو، لە هۆتێل "قصر الثیل" دەمایەوە. چەن کەسێک لەگەڵ بارزانیی بوون کە لە سۆڤێت لە گەڵی ژیابوون، وەک میرحاج و خۆشەوی و چەن کەسێکیتر کە لەبیرم نەماون.

به گەیشتنی بارزانیی بۆ هۆتێل "قصر الثيل"، نووری ئەحمەد تەها، من و هۆشیار بابانی خستەلاوە، گوتی پێمان: پێویستمان بە چەن کەسێکی باوەڕپێکراو هەیە بۆ پاراستنی بارزانیی! ئێمەش وتمان بەڵام حکوومەتی میسری هێزی پاراستنی خۆی دامەزراندووە. وتی: ئێمە زۆر پشت بەوانە نابەستین، وەکوو کوردەکەی خۆمان نین. ئێمەش وتمان، مادام وایە، ئێمە ئامادەین بۆ ئەم کارە پیرۆزە! وتی: ئەی خوێندنەکەتان؟ وتمان: ئێمە دەتوانین بۆ چەن رۆژێ پشوو وەرگرین، بەناوی نەخۆشییەوە. نووری ئەحمەد تەها وتی: بەیانی کاتژمێر (9) لێرە ئامادەبن، چەکتان دەدەینێ!

لە بەیانیی رۆژی دوایی چووینەوە بۆ هۆتێل "قصر الثيل" و، چاومان کەوت بە بەڕێز میرحاج و نووری ئەحمەد تەها. چەکەکانمان وەرگرت کە بریتیبوو لە دوو دەمانچەی پۆلیسیی. بەم شێوەیە من و هۆشیار بابان لای بارزانیی ماینەوە تا قاهیرەی بەجێ هێشت.

جگە لەمە، ئێستگەی قاهیرەمان ئاگادار کردەوە کە سەرۆکی کورد هاتووە بۆ قاهیرە، دەمانەوێ بە ئێستگەیەکی گەڕۆک چاوپێکەوتنی لە گەڵ دا بکەین. بەڕێوەبەری ئێستگە بەڕێز ئەحمەد تاهیر داواکەمانی پەسندکرد و، بڕیاریدا لەسەری، مایەوە ئەوەی پرس بە بارزانیی بکەین. کاتێک ئەمەمان بە بارزانیی راگەیاند، گوتی: هەڕۆن ئێوە ببێژن! کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریمان لە هۆڵی هۆتێل بۆ بارزانیی خستەڕێ و گەلێک رۆژنامەنووسی عێراقی وەک

(فائق میخائیل بەتی) هاتبوون. لە بارەی بارودۆخی عێراق و کۆچە بەنێوبانگەکەی بۆ یەکێتیی سۆڤێت و گەڕانەوەی بۆ عێراق و هەڵویستی یەکیتیی سۆڤێت بەرامبەر خۆرهەڵاتی ناڤین و گەلێک پرسیاریتر.

**بارزانیی** پاش حەوانەوەی سەردانی **عەبدولناسری** کرد. وەک میدیای میسری باسی لێوەکرد، زیاتر لە نیو سەعات پێکەوە قسەیان کرد. **برایم ئەحمەد** و **میرحاج** و **نووری ئەحمەد تەها** لە گەڵ بارزانیی بوون.

رۆژی گەڕانەوەی **بارزانیی** بۆ **عێراق** و **کوردستان**، ژمارەیەکی زۆری خوێندکاری کورد و عەرەب، ئەندامانی بالۆیێژخانەی **عێراق** لە **میسر**، ژمارەیەک لە بالۆیێژی وڵاتان وەک بالۆیێژی **چین** و **یەکێتیی سۆڤێت** و **کۆماری یووگسلاڤیا** و **بولگاریا** و نوێنەری چەندین وڵاتی دیکە لە فڕۆکەخانەی قاهیرە ئامادەبوون بۆ بەڕێکردنی **مستەفا بارزانیی**.

ساڵی 1960–1961 کۆتاییمهێنا بە خوێندنی زانستگە و بووم بە خاوەنی بڕوانامەی **"بکالوریۆس لە مێژوو"** دا. هەر ئەو ساڵە گەڕامەوە بۆ کوردستان و، دامەزرام بە مامۆستا لە شاری **ئامێدی** سەر بە پارێزگەی **دهۆک–مووسڵ**. پاشان گواسترامەوە بۆ نێو شاری **مووسڵ** بۆ ئامادەیی **"ئەلشەرقییە"**، بەڵام نەمتوانی لەوێ هەڵکەم. ئەوە بوو داوای گواستنەوەم کرد، لە رۆژی 12/10/1961 نێردرام بۆ قوتابخانەی دواناوەندیی لە شاری **زاخۆ**.

**له شاری زاخۆ، دوو مامۆستای بەڕێز بوونە هەڤاڵم (ئەنوەر محەمەد نووری و یەلدا ئیسحاق یەعقووب).** ئەم دوو هەڤالە کوردپەروەر و دڵسۆز بوون. ئێمە خۆمان دوور دەگرت لە بەعسییەکان و عەرەبە رەگەزپەرستە توندڕەوەکان. ئەمانە هەمیشە وشەی سووکیان بەرامبەرمان بەکار دەهێنا، بەڵام ئێمە هیچمان نەدەهێنایە سەر خۆمان و پشتگوێمان خستبوون. سەردەمی حکوومەتی **عەبدولکەریم قاسم** بوو، رۆژی 9/6/1963 بەیانیی زوو لە دەنگی زرێی تانک و زرێپۆش هەرسێکمان لە خەو رابووین. کاتژمێر 5/30 بوو، هەستاین دەرکی حەوشەمان کردەوە، بەرامبەریماڵەکەمان پێگەی سەربازیی رژێم بوو. کە ئێمەیان دیت، هەرایان کردلێمان بچنە ژوورەوە، هاتووچۆ رێبەند (منع التجول) ە. ئێمەش دەرگەمان داخست و هاتینە ژوورەوە. کاتژمێر (6)ی بەیانیی لە دەرگەیاندا، من چووم دەرگام کردەوە، دیتم ئەفسەرێک و چەن جەن سەرباز بە تانک و ئۆتۆمۆبیلی سەربازییەوە لەسەر جادەکە وەستاون. **گوتم: ئەمر کەن! ئەفسەرەکە گوتی: "'محەمەد شەیدا کامتانن؟". گوتم منم! گوتی: وەرە بۆ سەربازگەی زاخۆ! گوتم بۆچی؟ گوتی: چەن پرسیارێکت لێدەکەن، دەتگێڕنەوە ماڵی خۆت!** بە پەلە جلەکانم لەبەر کرد و سوار تانک کرام، نێو تانکەکە خڕ وەک تەنوور وابوو. گەیشتینە سەربازگەی زاخۆ. فەرماندەی زاخۆ ناوی **ئەبوو حاتەم** بوو، یەکدیمان دەناسی و، هەموو جارێ زۆر بە ڕێزەوە لەگەڵم دەدوا. کە چاوم کەوتپێی، وتم ئێستا ئازادم دەکا و دەگەڕێمەوە ماڵی

خۆم، بەڵام کاتێ منی بینی، دابەزییە سەرم و، بە قسەی ناشیرین وتی: تۆ لە میسر ژیایت و بێژەربووی لە رادیۆ قاهیرە، بەرامبەر عەرەب بۆچی وا بێوەفا بووی؟ بۆچی یارمەتیی پێشمەرگە ئەدەی؟ گوتم: من هیچم نەکردووە و ئەمانە هەمووی بوختانە، هەڵبەسراوە بۆم. گوتی: نەخێر وانییە، راپۆرتت لەسەرە، پارە بۆ بنەماڵەی کوژراوانی پێشمەرگە کۆدەکەیتەوە و، لە گەڵ یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کۆبوونەوەت کردووە! پاشان فەرمانیدا بە سەربازەکانی، کەلەبچەم بکەن. ئەوجا بە حەیزەرانەکەی دەستی حەسیر مەیدانی کردم و، فڕیاندامە ژوورێکەوە!

پاش دوو کاتژمێر بردمیانە دەرەوە، زیلێکی سەربازییان هێنا، چل کەسی گیراوی تێدا بوو، بە منەوە بووین بە (41) کەس، لە مامۆستا و کاسپ و دووکاندار و جووتیار و بەگ و هەژار رەشبگیر کرابووین. بەرەو مووسڵ بەڕێکراین و، براین بۆ بەندیخانەیەک ناوی "ئەلمەحجەر ئەلسانی". لە گەڵ گەیشتنمان، بەڕێوەبەری زیندان وەریگرتین، ئەوجا دوو دەستە پاسەوان هاتن بەرامبەر یەک، بەڕیز وەستان، ئێمە دەبوو بەنێو دوو ریزەکەدا تێپەڕین تا دەگەینە گۆڕەپانی بەندیخانە. لە یەکەم سەرباز و پاسەوانی ریزەکەوە تا دواهەمینیان بە باتۆم و زنجیر و دار و پشتێنی سەربازی و بە بۆکس و تێهەڵدان، لە سەر و لەشمانیان دا و، جنێوبارانیان کردین. کە چووینە نێو گۆڕەپانی بەندیخانەکەوە، هیچ هۆدەیەکمان نەبینی، تەنیا حەوشە بوو، تاقەدارێکی گەورە

لە نێوەڕاستی حەوشەکەدا بوو. بە ڕۆژ، ژێر سێبەری دارەکە لەبەر گەرمای هەتاو، بە پارەش دەسنەدەکەوت. بەندیخانەکە (200) مەتری دووجا و پانتاییەکەشی (240) مەتر بوو. سەرجەم 210 گیراوی سیاسیی لەم بەندیخانەیە دەژیاین. خواردنمان بریتیبوو لە نیسک بۆ بەیانییان کە پڕ بوو لە کرم کە دەبوا بمانخواردایە بۆ ئەوەی برسی نەبین، لە گەڵ دوو دانە نانی سەموون بۆ هەموو ڕۆژەکە. نیوەڕوان برنج و شلەیان دەداینێ. خواردنەکەیان لەنێو تەنەکە دابەشدەکرد بەسەرماندا. بەیانیان بانگیاندەکردین، بە نۆرە و بە تەنەکەی خواردنەکەمان ئاودەست و پیسایی توالێتیان پێ پاک دەکردینەوە. ڕێ بە هاتنی کەسووکاری من و چەن هاوڕێیەکم نەدرا، بەلام گیراوانی دیکە مانگی جارێک، یان دوو جار کەسووکاریان دەهاتنە سەردانیان. دوو کەسی مرۆڤکوژ و بێڕەوشتیان لە نێوماندا دانابوو، بە شەو دەچوونە پاڵ ئەو مێردمندالانەی لە گەڵمان گیرابوون. ئێمەش بەڕێوەبەرێتیی بەندیخانەمان ئاگادار کردەوە، بەڵام کەس نەبوو قسەمان لێوەر بگرێت. جگە لەمە هەموو شەوێک، چەن بەندییەکی سیاسیی لە سێدارە دەدران، لەبەر ئازار و شیوەن و ڕۆڕۆی کەسووکاریان خەومان لێ نەدەکەوت. بەم شێوە دڵتەزێن و خەمبارە نێزیکەی دوو مانگ لەو بەندیخانەیە مامەوە.

پاش لێکۆڵینەوە هیچیان لێم نەدۆزییەوە، چۆنکە لە یەکەم لێپرسینەوەمدا گوتبووم: "قوتابی (تۆران ئەدهەم)، کە لە وانەکانی مندا دەرنەچووبوو، عومەر ئاغای جاشی ئاگادار کردبوو

که وا من چالاکیی سیاسیم هەیە و پێوەندیم بە پێشمەرگەوە هەیە. بەڕاستی ئەمەش راستدەرچوو، بۆیە سەرفراز کرام.

پاش رزگاربوونم لە زیندان، گەڕامەوە سەر کاری خۆم لە دواناوەندیی شاری **زاخۆ**. لە **کانوونی دووەم** (January) ساڵی 1964 دا بۆ پشووی نیوەی ساڵ، گەڕامەوە بۆ **سلێمانی**. بەڵام کاتێک گەیشتمە **کەرکووک**، رێگە نەبوو بۆ **سلێمانی**. بە جادەی **کفری** دا چووین بۆ **دەربەندیخان**، لەوێ ویستم سەردانی چەن هاوڕێیەکم بکەم، بەڵام کەوتمە کەمینی سەربازەوە. نێو ئۆتۆمۆبیلەکەیان پشکنی، وتیان تۆ چەکت پێبوو، لە چ ماڵێک داتنا؟ وتم: من چەکم پێنەبوو! داوامکرد لە هاژۆری ئۆتۆمۆبیلەکە بە پەلە خۆی بگەیەنێتە **قەشە یۆسف**، ئەمیش شارەدار (قایممقام) ی ئاگادار کرد و، پێکەوە هاتن بۆ سەربازگەی **دەربەندیخان** و رزگار کرام.

لە ساڵی 1965 وە تاکوو ساڵی 1974 کرام بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی **"مەسایی"** دواناوەندیی کوڕان. لەساڵی 1974 لە قوتانخانەی **"مەسایی"** لەگەڵ رێکخراوەی یەکێتیی قوتابیان دا نەدەگونجام، چۆنکە لە هەموو کۆبوونەوەکانی مامۆستایان، دەبوو نوێنەرێکی بەعسی تێدا بەشدار بێت. ئەمەش لای من و مامۆستاکان زۆر گران بوو. لە بەر ئەوە پشتگوێمخستن، ئەوانیش راپۆرتێکیان لە سەرم نووسی، کە پێشمەرگە لە قوتابخانە دەخوێنێ، بەڕێوەبەر بەمە دەزانێ و ئاسایش ئاگادار ناکات! کە بەمەم زانی زوو داوای گواستنەوەم کرد بۆ قوتابخانەی رۆژ، بەڵام لە پەروەردەی سلێمانییەوە ئاگادار کرام، داواکەت رەت کراوەتەوە

و، لای حیزبی بەعس پەسند نیت، دوای ئەوە لە بەڕێوەبەرێتیی قوتابخانە لایان بردم.

لەساڵی 1985 دا گواسترامەوە بۆ قوتابخانەی دواناوەندیی "کاژاو". پاش ماوەیەک حیزبی بەعس و پەروەردە کەوتنە بیانوو گرتن لێم، چۆنکە رۆژانی پێنج شەمە سلاوی ئاڵام نەدەکرد. هەروەها کە دەگەڕان بۆ گرتنی "جەیشی شەعبی"، مامۆستاکانم ئاگادار دەکرد و دەمناردنەوە. هەندێکجاریش راگەیەندراو و بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی لە دیوار دەدران، لێم نەدەکردەوە تا قوتابییەکان بیخوێننەوە. لەسەر ئەمانە گاز کرام بۆ ئاسایشی "کانی ئاسکان" بەرامبەر زانستگەی سلێمانی، خرامە ژێر چاودێرییەوە. بەداخەوە ئەمانە هەمووی کاری ناپەسندی مامۆستایەک بوو، کە بە نهێنیی لەسەرم راپۆرتی دەنووسی، هەر ئەویش پاش من کرا بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندیی "کاژاو". ئەوجا کێشەیەکی دیکەیان خستە سەرڕێم، گوتیان پێم، دەبێ منداڵی شەهید و کەسووکاری پێشمەرگە و شەهیدەکان لە قوتابخانە دەرکەم. ساڵی 1987 تینم بۆ هات و، هیچ رێگەیەک لە بەردەمما نەما، ئەوە نەبێ، خۆم و یاریدەدەرەکەم داوای لابردمان کرد. لە ئەنجامدا بەڕێوەبەری پەروەردە گازی کردم بۆ لای خۆی و، وتی پێم: لەبەر ئەوە نەبوایە خزمەتی باشت کردووە و، لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە سەرکەوتوو بووی، ئێستا دەمدای بە ئاسایش بتخەنە بەندیخانە و لەنێو زیندان برزیتایە، لەبەر ئەوە داوای لابردنەکەت پەسند دەکەم. پاشان وەک سووکایەتی

پێکردن، گواستمیانەوە بۆ قوتابخانەیەکی تازەکراوەی یەک پۆلیی کە پێیاندەگوت: **"ناوەندیی ئەنفال"**. دواتر ناوەکەی گۆڕا و بوو بە **"ناوەندیی زێوەر"**. ساڵی 1991 پاش راپەڕینە مەزنەکەی **باشووری کوردستان**، بەڕێوەبەرێتیی پەروەردە ئاگاداریان کردمەوە کە بچمەوە بەڕێوەبەرێتییی قوتابخانەیەک، بەڵام من ئەمەم رەدکردەوە. ساڵی 1995 گواسترامەوە بۆ قوتابخانەی دواناوەندیی "شۆڕش"، هاوکات وتەبێژ بووم لە **پەیمانگەی مامۆستایان**. هەر لەو ساڵەدا خانەنشین کرام، بەڵام لە وتەبێژیی **پەیمانگەی مامۆستایان** مامەوە تا ساڵی 1998.

ساڵی 1998 وازمهێنا لە پەیمانگەی مامۆستایان، چۆنکە لە **"کۆمەڵەی پاراسایکۆلۆجی کوردستان"** ئەندامی دامەزرێنەر بووم. لەو کۆمەڵەیەدا هەڵدەستام بە چارەسەر کردنی نەخۆشییە دەروونییەکان، لەمەوە لەرووی زانیاری و ئەزموونەوە، سوودێکی زۆرم بینی و شارەزاییەکی زۆرم پەیدا کرد لە خەواندنی موگناتیس و پاراسایکۆلۆجی. هەروەها دەستمکرد بە نووسین و چەن پەراوێکم تۆمار کرد کە ئەمانەن: 1- مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین. 2- یادداشتی گەلی کورد بۆ کۆنگرەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا. 3- نەخۆشییە دەروونی و دەروون لەشییەکان. 4- خەبات خوێندکارانی کورد لە میسر. 5- چارەسەر کردنی نەخۆشییە دەروونییەکان.

**پ: وەک ئاگادارن، لە رۆژی ئیمرۆدا چەندین رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەرێمی و جیهانیی لەلایەن حیزبەکانی کوردستانەوە دامەزراون. بە بۆچوونی بەڕێزتان،**

**میدیای ئیمڕۆی کورد، تا چ رادەیەک لە خزمەتی بیری رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دایە؟**

و: بەڕاستی بارودۆخی ئیمڕۆ زۆر جیاوازە وەک لەو بارودۆخەی کە ئێستگەی کوردیی قاهیرەی لێدامەزرا. سالانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، سالانی تەقینەوەی وزەی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری بوو، نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکوو لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناڤین. وەک دەزانین گەلێک لە ولاتە عەرەبییەکان رزگار بوون لە ژێردەستەیی ئیمپریالیزم و، لە لایەکی دیکەشەوە، هێزەکانی ئیمپریالیست هەوڵی ئەوەیان دەدا بە هەموو شێوەیەک لە خۆرهەڵاتی نێوەراست دا بمێننەوە، بەرهەڵستیی هەموو بزووتنەوەی رزگاریخوازی و نەتەوایەتییان دەکرد. هەر لەم بارودۆخەدا بوو کە ئێستگەی کوردی بانگی رزگاریی دەدا و، هانی کوردی دەدا و کوردی هۆشیار دەکردەوە لە خەو. بێگومان ئەم ئێستگەیە زۆر بە دڵسۆزییەوە رۆڵی تەواوی خۆی بینی بۆ خزمەتی هەستی نەتەوەیی و هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد، وەک لەمەوبەر باسمکرد. بەڵام بە بەراورد کردن لە گەڵ بارودۆخی ئێستا، بەڕای من بزووتنەوەی نیشتمانیی دامرکاوەتەوە. زۆرترینی گەلانی خۆرهەڵاتی ناڤین سەربەخۆیی خۆیان هەیە. ئەگەر سەرنجی باشووری کوردستان بدەین، پاش ساڵی 1991 رزگاری بوو لەژێر دەستی رژێمی بەعسی فاشی و خۆی، خۆی دەبرد بەڕێوە، هێمنی و ئاسایش ئۆقرەی گرت و زۆر لایەنی باری ژیان بووژایەوە و خەڵک سەربەست بوو. ئێستگە

کوردییه خۆییەکان بەپێی ئەم بارودۆخە کاریان دەکرد و کار دەکەن. لە لایەکی دیکەوە، رادیۆ تەلەفزیۆنە خۆییەکان، حیزبین و رەنگدانەوەی دەنگ و سیاسەتی حیزبەکانن و راوبۆچوونی ئەوان پەخشدەکەن و لە بڕیار و دەستووری حیزبەکان دەرناچن. هەروەها ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییەی کەوتبووە نێوان حیزبەکانەوە، رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیان لەباتی هێمنکردنەوەی بارودۆخەکە، خزمەتی بەردەوامبوونی شەڕەکەیان دەکرد و ئاگریان دەنا بە بەنزینەوە.

رادیۆ تەلەفزیۆنەکانی باشووری کوردستان، (Kurdistan TV) و (Kurdsat)، دەبوایە لە خزمەتی باکووری کوردستان و خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستاندا بوایە. بەڵام بەداخەوە لە باتی رۆشنبیرکردنی کوردی ئەو نێوچانە، شەڕ و چەک و شەڕە قسەیان خستەڕێ. لە جیاتی رووی چەک بکرێتە دوژمن، دەکرایە کوردی بندەستی ترکیا و ئێران و سووریا. ئێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن خزمەتی ئەم ناکۆکی و دووبەرەکایەتییەی دەکرد. شانبەشانی حیزبەکان، ئێستگەکانیشیان رووی دەمیان کردبووە کورد خۆی. هەر ئەمەش بوو شەڕی نێوخۆیی درووسکرد و، شەڕ بەرە بەرە سنووری باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە. ئەمە کە کرا و روویدا، لەپێناوی چی دا بوو؟ کێ تاوانبار بوو؟ دەبا ئێستا کورد ئەزموون وەربگرێ، هەر چەندە سوودمان لە رابردووی خۆمان نەبینیوە، دەبا ئەمڕۆ سوود لە ئێستا و رابردوومان وەرگرین.

**پ: بارودۆخی باشووری کوردستان چۆن دەبینن؟**

و: ئەمڕۆ باشووری کوردستان لە بارودۆخیکی تایبەتدا دەژی کە زۆر جیاوازە لە بارودۆخی بەشەکانی دیکەی کوردستان. باشووری کوردستان لە ساڵی 1991 وە لە ئاسایش و ئازادی دا دەژی. بە بەراورد لە گەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەڕووی زانست و رۆشنبیری و ئابوورییەوە. ئەمڕۆش کە عێراق رزگار کراوە لەژێر دەستی بەعسی فاشیست، باشترین هەل بۆ گەلی کوردمان لە باشوور هەڵکەوتووە، کە بگاتە ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی، بۆ بەدەستهێنانی سەربەستی و سەربەخۆیی. دەتوانم بڵێم، ئەمرۆ کورد، دوارۆژی بەدەست خۆیەتی. چۆنکە ئەگەر یەکێتییەکی پتەو لە باشووری کوردستان درووست بکرێ و، ناکۆکی و دووبەرەکیی بخەنە لاوە، ئەوا دوارۆژی رۆناکی کورد دیاری دەبێت و ئامانجە پیرۆزەکانی دێتەدی. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە، باشووری کوردستان، پێویستە خۆی ئامادە بکات بۆ هەنگاوی داهاتوو، کە ئەویش رێفراندۆمە بۆ دیاریکردنی قەوارەی سیاسیی کوردستان. وا بزانم کەس نییە حەز بە سەربەخۆیی کوردستان نەکات؟ دەبا ئەم حەزە بدەینە دەست نەتەوەی کورد خۆی. با دەروونی خۆی بکاتەوە بزانین چیدەوێ؟ ئایە لە سەربەخۆیی کەمتر رازی دەبێت؟ پێویستە ئەوە بزانین ئەمڕۆ سەدەی (21) ە. لەسەر رووی زەویندا باوی "**حوکمی زاتی**" و "**حوکمی مەرکەزی**" و "**خودموختاری**" و "**فیدەراڵی**" نەماوە. ئەمڕۆ باوی ئازادی و سەربەخۆییە. بێگومان نەتەوەی کوردیش لەمە کەمتری ناوێت. ئەگەر سەیری بارودۆخی

سیاسیی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بکەین لە عێراق و خۆرهەڵاتی ناڤین، دەبینین کەسیان بەدەستەوە نەماوە پشتی پێ ببەستن، کورد و شیعە نەبێ! باوەڕی تەواویشیان بە شیعە نییە، چۆنکە دەستی بێگانە لەنێویاندا هەڵدەسووڕی و گێرەشێوێنی تێدا دەکات. واتە تەنیا کورد ماوەتەوە هاوپەیمانی راستینەی ئەمریکا بێت. دەبا کوردیش ئەم هەلە لەکیس خۆی نەدات، خۆی ئامادە بکات بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزە. من وای بۆ دەچم، ئەمریکا و هاوپەیمانان ناتوانن ئەمڕۆ واز لە کورد بهێنن. چۆنکە لەم بارودۆخەی ئەمڕۆکەی عێراقدا، پێویستیان پێیەتی. کوردستان شوێنێکی ستراتیژیی بەنرخە، لەڕووی سەربازی و ئابوورییەوە، هەروەها لە سنووری وڵاتانی ئێران و سووریا و رووسیاوە نێزیکە. ئەمریکا پێویستی بە هاوپەیمانێکە کە بگونجێ لە گەڵ ئیسرائیل دا. ئەمە هەموو ئەوە دەگەیەنێ کە باشترین هەل هەڵکەوتووە بۆ کورد، هیواموایە لەدەستی نەدەن.

**هەر بژی کورد و کوردستان!**

**مردن بۆ دوژمنانی کورد و کوردستان!**

**مردن بۆ دەستی خیانەتکاری!**

**هەر بشەکێ ئاڵای کوردستان!**

* * * *

# پەراوێز

1- ڕەشید عالی گەیلانیی، یەکێکبوو لە سیاسییە بەنێوبانگەکانی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیی. کاتی شەڕی دووەمی جیهانیی، بزووتنەوەی سیاسیی لە عێراقدا گەیشتبووە ئاستێکی بەرز، بەتایبەتیی ساڵانی 1940 و 1941، لەنێو سوپای عێراقیشدا بەرهەڵستییەکی زۆر هەبوو دژ بە کۆلۆنیالیزم و حوکمی پاشایەتیی و، هەوڵی ئەوەیان دەدا حوکمی پاشایەتیی بڕووخێندرێ و، حکوومەتێکی دیمۆکراتی دابمەزرێنرێ، دوور لە وابەستەی و دەسەڵاتی بێگانە بە سەریدا.

ئەم شەپۆلە سیاسییە وایکرد، کابینەی وەزارەت زوو زوو بڕووخێ، چۆنکە ئەو کابینانەی حکوومەتی پاشایەتیی دایانیدەنا، هیچیان نیشتمانپەروەر نەبوون و، نیشتمانپەروەریش بوویانە ئەوا لەلایەن ڕژێمەوە دەسنیشیان نەدەکران. لەم بارودۆخە شڵەژاوەدا، ڕەشید عالی گەیلانی بە هەلیزانی، بەشێک لە سوپای عێراقی ئامادە کرد بۆ ئابلۆقەدانی شاری بەغدا و خستنی کابینەی نووری سەعید (ئەمە لەساڵی 1941) ڕوویدا). نووری سەعید و مەلیک فەیسەڵ و عەبدوڵڵای خاڵی و خێزانی پاشایەتیی، هەڵهاتن و ڕایانکرد، هەندێکیان بۆ بەسرە و، ئەوانی دیکەشیان بەرەو ئۆردۆن هەڵاتن.

ڕەشید عالی دەستیگرت بە سەر بەغدا و حکوومەتی نوێی دامەزران و، هەوڵی ئەوەی دا گەلێک کاری نیشتمانیی باش بکا و، عێراق ڕزگار بکات لە ژێردەستەیی، وڵاتێکی دۆست و هاوڕێ بدۆزێتەوە بۆ عێراق، لەوانە حکوومەتی ئەڵمانیای نازی. ئەم کردارەی ڕەشید عالی گەیلانی، بووە هۆی ئەوە کە بریتانیا لە بەسرەوە بەرەو بەغدا لەشکر بێنێ. نووری سەعید و مەلیک فەیسەڵ لەپێشی لەشکری بریتانیاوە

بوون. له گەڵ گەیشتنیان بۆ شاری بەغدا، حکوومەتەکەی رەشید عالی رووخێندرا و، حکوومەتی پاشایەتیی لەجێی دامەزرێندرایەوە و، نووری سەعید کرایەوە بە سەرۆکی دەولەت.

رەشید عالی بەند کرا و رەوانەی حیجاز کرا، گەلێک لە ئەفسەرە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکانیش بە شێوازی جۆراوجۆر شەهید کران.

2- حەسەن ساقی و حسێن ساقی، دوو برا بوون لە ترکمانی شاری کەرکووک و، پۆلیس بوون. حەسەن ساقی سەرۆکی پۆلیس و براچووکەکەشی سەردەستەی پۆلیس (گرووبان/عەریف) بوو. لە پۆلیسخانە و لەنێو خەڵک بەنێوبانگ بوون بەوەی دڵرەق و چاونەترسن و بەرامبەر خەڵک بێڕیز و بێ ویژدانن و بەرامبەر خەڵک زەبروزەنگ بەکار دەهێنن. ئەم دوو برایە لەنێو خەڵکدا هێند بەسام بوون، لەگەڵ چوار پۆلیسی دیکە خۆپیێشاندانێکی چەن هەزار کەسییان ئاشبەتاڵ پێدەکرد.

3- "عومەر عەلی"، ترکمان بوو، یەکێکبوو لە سەرۆکەکانی سوپای عێراق. لە ساڵی 1950 دا، رادەی هۆشیاری سیاسیی، گەیشتبووە دوا پلە. هەموو رۆژێ مانگرتن و خۆپیێشاندان ساز دەکرا، بەتایبەتیی لە سلێمانی. لە ئەنجامی ئەم بزووتنەوە سیاسییە، نووری سەعیدی سەرۆکوەزیران، عومەر عەلی دیاریکرد، حوکمڕانیی سلێمانی بکا و، بزووتنەوەکەی بخەفێنێ.

# وتوویژ لە گەڵ ڕێزدار کامیل ژیر یاساناس، شاعیر و کەسایەتیی نەتەوەیی لەبارەی دامەزراندنەوەی ڕژێمی تازەی عێراق و پرسی ڕێفراندۆم!

...................................

مانگی نۆڤەرمبەر, ساڵی 2004،

گۆڤاری کۆنگرە ژمارە (33)

**پ: بەڕێز کامیل ژیر، ئەندامی سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژتان باش. دامەزراندنەوەی دەوڵەتی تازەی عێراق، چ کاریگەرییەکی هەیە بۆ سەر دۆزی ڕەوای کورد لە باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستان؟**



**کامیل ژیر:** کاردانەوەی ئەرێنی و نەرێنیشی هەیە!

**ئەرێتییەکان:** 1- بۆ یەکەمجار لە دەستوورە کاتییەکەیدا، دان بە فیدراڵی دا دەنرێ، ئەگەرچی فیدراڵییەکی تەواویش نییە، چۆنکە سنووری تەواوی باشووری کوردستان دیاری ناکا. ئەنجومەنی هەرێمەکانی تێدا نییە. دان بە مافی جیابوونەوەش نانێ. لە گەڵ ئەوەشدا ئەم فیدرالییە، زەنگێکی ترسناکە بۆ ئێران و ترکیا و سووریا. 2- وره و گوڕێکی

نوێ بە جەماوەری کورد لە باشووری کوردستان دەدا. 3- قەوارە سیاسییەکەی ئێستای باشووری زیاتر چەسپاند. 4- ڕێز و پلە و گرنگییەکی زیاتری دا بە نەتەوەی کورد و دۆزە ڕەواکەی.

**نەرێتییەکان**: 1- جارێکیتر باشووری کوردستانی لکاندەوە بە عێراقەوە، کە ئەوە کێشەی کێشەکانی باشوورە. 2- هەلی ئەگەری سەربەخۆبوونی قەوارە سیاسییەکەی باشووری لە ئێستادا لەدەسدا. 3- ئەگەری لەدەسدانی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی درووسکرد، لەکاتی کشانەوەی هاوپەیمانان و ڕوودانی کودەتایەکی نەتەوەییانەی عەرەبی لە بەغدا. 4- ئەگەری ڕوودانی شەڕی کورد و نەتەوەکانی دیکە و دووبارەبوونەوەی مەرگەساتەکانی نوێ کردەوە.

**پ: هەڵبژاردنی نوێی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن و، بەشداریکردنی کورد لەم هەڵبژاردنە، چ دەسکەوتێکی بۆ کورد هەیە؟**

**کامیل ژیر**: ئەوە بەندە بە جۆر و ئەنجامی هەڵبژاردنەکەوە. جارێ هەر لە ئێستاوە، پیلانێکی دژ بە کورد لە ئارا دایە، بەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هی عێراق و هی پارێزگەکان، لە یەک ڕۆژ دا دەکرێ. ئەمەش بۆ ئەوەیە، دەنگدانەوەی هەڵبژاردنی کوردستان بکرێ بە ژێر هی عێراقەوە، لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆشدا. بەر لەو هەڵبژاردنە ئەگەر عەرەبە هاوردەکان دوور نەخرێنەوە لە کوردستان و، شارۆچکە و نێوچەکانی کەرکووک نەخرێنەوە سەر پارێزگەی کەرکووک، کورد زیانێکی گەورە دەکات. لە بەر ئەوە ئەگەر ئەوانە نەکران، پێویستە کورد خۆی

دابڕێ لەو هەڵبژاردنە لە عێراق دا. لە هەموو بارێکدا یەکدەنگیی کورد مەرجێکی سەرەکییە بۆ هەندێ دەسکەوت و داخوازیی کورد.

**پ: سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی نەتەوەییەکانی کورد لە باشوور، هۆی چییە "پرۆژەی ڕیفراندۆم" وەک داوایەکی یاسایی نێونەتەوەیی، ناچێتە پێش؟**

**کامیل ژیر:** لە بەر ئەوە ئەو پرۆژەیە، هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی لە دایکبوو، چونکە هێندێکیان دەیانگوت: لە پێناوی سەربەخۆیی دایە، هێندێکیشیان دەیانگوت لە پێناوی فیدراڵییە، واتە جارێکیتر بەستنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە. شێوازی پێشکێشکردنی داخوازی و واژۆکان هەڵە بوو. دەبوو سەرەتا بدرانایە بە پەرلەمانی کوردستان، لە پەرلەمانەوە بۆ حکوومەتی هەرێم، لە حکوومەتی هەرێمەوە بۆ UN و هاوپەیمانان و پەرلەمان و حکوومەتەکانی زلهێزەکان. ئەوانیش بەپێی مادەکانی "بڕگەی 2"، لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها مادەی (35) لە بڕگەی (2)ی هەر ئەو پەیمانە، چونکە بەپێی ئەو دوو بڕگەیە، UN دەبێ دەوڵەتێک، داخوازییەک، یان کێشەیەک بخاتە بەردەستی، با ئەو دەوڵەتە ئەندامیش نەبێ تیایدا. دەوڵەتیش دوو جۆرە، دێ ژوور (De jure) و دێ فاکتۆ (De facto). باشووری کوردستان دەوڵەتی دیفاکتۆیە. هەموو زانیارانی یاساش لە سەر ئەوە کۆکن کە دەوڵەت بریتییە لە گەل، هەرێم، حکوومەت.

ڕۆژی 3/10/2004 لە سلێمانی، بزاڤی ڕیفراندۆم خۆپێشاندانێکی ساز دا. لەمەشدا دوو داخوازیی پێچەوانەی یەک

دووباره بووەوە. هەندێک بانگەشەی سەربەخۆیی دەکرد، هەندێکی دیکە فیدرالی. من رۆژی 29/4/2004 لە کۆڕێک دا کە زانستگەی سلێمانی ئامادەی کردبوو بۆ من و دوکتۆر فەرەیدوون رەفیق حیلمی، بە دوور و درێژیی لەبارەی "کێشەکانی کورد لە ڕێگەی یاسای نێودەولەتیی" یەوە دوام.

**پ: لە باشووری کوردستان، گیروگرۆ و ئاستەنگەکانی ئێوە و نەتەوەییەکانی دیکە چییە؟**

**کامیل ژیر:** ئێمە، لێرە وەک سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – باشوور لەلایەن هەردوو ئیدارەی هەولێر–سلێمانی، نە مۆڵەت و ئیزنی رەسمیمان پێدراوە و، نە بارەگایەکمان هەیە، نە رۆژنامەیەک. بارەگا و رۆژنامە بووجەیەکی زۆری دەوێ، ئەوەش نە لە توانی ئێمەدایە و، نە لە توانای سەرۆکایەتیی کۆنگرەشدایە. کریێ خانوویەک بە خزمەتەکانییەوە، مانگی لە (1000) دۆلار زیاتری دەوێ. کریێ هۆڵێک بۆ کۆڕێک، یان کۆبوونەوەیەکی گشتی لە گەڵ پێداویستییەکانی دا بۆ یەک رۆژ، زیاتر لە (300) دۆلاری دەوێ و بەو جۆرە بۆ هەر چالاکییەکی دیکە... نەبوونی ئەو توانا ئابوورییە، بێگومان پێشی بە جمووجۆڵ و نواندنی چالاکیی پتر و بەربڵاوی ئێمە گرتووە.

**پ: سەرکردەیتیی کۆنگرە لە باشوور، لە گەڵ چەند لایەنێکی سەربەخۆییخواز نێوەندێکی هاوکاریی پێکهێنابوو. ئاکامەکەی بە کوێ گەیشت، ئایە ئەو نێوەندە ماوە، یان نەماوە؟**

**كامیل ژیر**: لە بارەی کۆڕی سەربەخۆییەوە، هاوبیرانی کۆنگرە و هاوڕێیانی **ناوەندی ئاڤێستا** و ژمارەیەکی کەمی سەربەخۆییخوازی بێلایەن و لایەندارانی حیزبەکان ئەو نێوەندەمان درووستکرد و هەندێ چالاکیمان نواند. بەڵام بەداخەوە چەن کەسێکی نێوەند کە سەر بە حیزبەکان بوون، کارەکەیان لێ تێکداین. لەبەر ئەوە هاوبیرانی کۆنگرە، خۆمان کەنار گرت لەم کۆڕە، بەبێ ئەوەی ئاشکرای کەن، یان بیکەن بە هەرایەک. ئەوەش بۆ ئەوەی نەیاران پێمان خۆش نەبن.

ئێستا ئەو کۆڕە، جەستەیەکی بێ گیانە... بەداخەوە!

سلێمانی/باشووری کوردستان

7/10/2004

# وتوويژ لەگەڵ شاعیر و نووسەری لۆڕستان، حشمەتوڵڵا شەفیعیان!

.........................................

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی:

سیروان کاوسی

2004/7/15 ی زایینی.

ئەم وتوویژە، لە گۆڤاری 'گۆنگرە"،

لە سێ بەش (ژمارە31، 30، 29) بڵاوکراوەتەوە.

ئەنجامدانی ئەم وتوویژە بیرهێنانەوەی نێوچەیەکی مێژوویی و لەبیرکراوی نیشتمانەکەمانە. رژێمەکانی داگیرکەری ئێران، لە دەور سەردەمە جیاجیاکاندا بەردەوام تێکۆشیون تا نێوچەکانی کوردستان لەیەکدی دابڕن و، بە زاڵکردنی فەرهەنگ و زمانی فارسی، کورد لە درێژخایەندا، مێژوو و زمان و فەرهەنگی راستینەی خۆی لەبیر بچێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، سیاسەتکار و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، زۆر کەم ئاوڕیان لەو بەشانەی خوارووی کوردستان داوەتەوە، ئەوەش بەرادەیەکی زۆر بووەتە هۆی سەرلێشێوان بۆ خەڵکی هەموو شار و هەرێمەکانی لۆڕستان بە گشتیی کە نازانن کێن و چین و سەر بەچ رەگەز و نەتەوەیەکن. بۆیە هەموو سووچ و تاوانێک نابێ بخرێتە ئەستۆی داگیرکەر و، لەم پێناوەدا کەمتەرخەمیی نیشتمانپەروەران و نووسەرانی بیری نەتەوەییش

دەگرێتەوە.

سەرهەڵدانی رۆڵەیەکی لێهاتوو و زانا و دڵسۆزی وەک کاک حشمەتوڵڵا شەفیعیان لەو نێوچەیە، چرایەکی گەشە بۆ زیندوو کردنەوەی فەرهەنگ و زمان و مێژووی کوردەواری لە لۆڕستان و ستانەکانی دیکەی وەک بەختیاری، مەمەسەنی، کۆکیلۆیە و بویەر ئەحمەد، بووشهر تا دەگاتە کەنداوی کوردی، فارسی، عەرەبی.

لە پێناو ئەو ئامانجە بەرزەدا کاربکرێ، کە هەموو ئەو نێوچانە، بە کردەوە بگەڕێنەوە باوەشی نیشتمان و، لە گەڵ تێکڕای بەش و نێوچەکانی دیکەی کوردستانی خۆشەویست، پێ بنرێتە شاڕێی شۆرشی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانەوە.

**سیروان کاوسی**

2004/7/15 ی زاینی

* * * *

## "کورتەی ژیان و چالاکیی فەرهەنگی و رۆشنبیریی حشمەتۆڵڵا شەفیعیان!"

نووسەر، شاعیر، رۆژنامەنووس و شانۆنووس, **حشمەتوڵڵا شەفیعیان**، ساڵی 1951 ی زاینی لە شاری خورمۆوە (خرم ئاباد) لە خوارووی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتای و نێوەندیی هەر لە شارەکەی خۆیدا تەواو کردووە. ماوەی چەندین ساڵ سەرنووسەری



گۆڤاری "پیام زمین" و "حرف لر" بووە. گۆڤاری "پەیام زەوین" گۆڤارێکی سەرتاسەریی ئێرانی بوو، حەفتەنامەی " وتەی لۆڕ" بە زمانی فارسی لە نێوچەی لۆڕستاندا بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا شەفیعیان پتر لە 35 ساڵ لە بواری شیعر و چیرۆکنووسی و رۆژنامەنووسیدا کاریکردووە. ئازایەتی و پێنووسی بەپێز و بە بڕشتی، کردوویەتی بە خۆشەویستی لایەنگرانی شیعر و ئەدەبی رەسەن و رێبوارانی رێگەی ئازادی.

هۆنراوەکانی بە سەر زاری نیشتمانپەروەران و شۆڕشگێڕانەوە دەگوترێتەوە. شیعری "تفەنگ دەردت وەجۆنم" ، "داڵکەم" ، "کەم بۆ دیرە"،"سوار" و دەیان هۆنراوەی دیکەی لەلایەن سترانبێژانەوە کراونەتە گۆرانی .

به هاتنی بۆ نۆرویژ له مانگی جۆنی ساڵی 2000 ی زاینییەوه، سەرلەنوێ چالاکی ئەدەبی و رۆشنبیریی دەستپێکردەوه و، له هاوینی ساڵی 2000 دا، له بارەی فەرهەنگ و مووسیقی نێوچەی لۆڕستانەوه، بەرنامەیەکی راستەوخۆی له تەلەفزیۆنی "میدیا " (رۆژ) دا پێشکێش کرد. له ساڵی 2002 دا، له گەڵ کارگێرێکی نۆرویژی له بواری شانۆ، سیناریۆی شانۆیەکی نووسی به ناوی نەفت وەرگێڕدرایه سەر چوار زمانی نۆرویژی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئیسپانی و، لەو وڵاتانەدا لەسەر سەکۆی شانۆ پێشاندرا. گەلێک شیعری ناردووەتەوه بۆ گۆرانیبێژانی نێوخۆی وڵات و، لەسەر کاسێت و "سی دی" بڵاوکراونەتەوه. جگه لەوانه، خەریکی ئامادەکردن و له چاپدانی دیوان و بەرهەمەکانی دیکەیەتی...

**پ: بەڕێز شەفیعیان، داواتان لێدەکەین سەرەتا لەبارەی بنەماڵه و شوێنی له دایکبوون و بارودۆخی سەردەمی منداڵێتانەوه بۆمان بدوێن!**

**و:** هیوای سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ خوێنەرەوەی ئەم وتوویژه و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەخوازم.

ئەگەر بمەوێ وەرامێکی راستی پرسیارەکەت بدەمەوه، دەبێ بڵێم، من قەت نەژیاوم، چۆنکه ژیان بردنەسەر لەگەڵ زیندووبوون جیاوازه. رابردووی پڕئێش و ئازارم، واتای ژینی نەبووه، بەڵکو هەوڵدانێک بووه بۆ ئەوەی بتوانم خۆم زیندوو رابگرم. گەلێک جار بەخۆم دەڵێم: خۆزگه تەنگ و چەڵەمه و چەرمەسەری ژیانم کۆتاییان دەهات و، منیش دەمتوانی ژیانێکی ئاسووده و ئازاد

**دەسپێبکەم و لەژێر سێبەری داری ئازادیدا چێژی راستینەم لە ژیان وەر دەگرت و، بۆ چەند ساتێک لە کەش و هەوایەکی مرۆڤانەدا دەژیام!، بەڵام ئاستەنگ و کێشەی ژیان بێ پسانەوە لەسەر ڕێن و، جگە لە پێنووس، هیچ چەکێکی کاریگەری دیکەم شک نەبرد و نابەم. بە چەکی پێنووس، بڕیاری ڕووبەڕوو بوونەوەم لەگەڵ جیهانی ناسازگاردا داوە، ستەم و چەوساندنەوە و نابەرامبەری و کۆیلەکردنی مرۆڤ، بووەتە سەرەکیترین وشە و فەرهەنگی داسەپاو.**

**کەوتووینەتە رۆژگارێکەوە، کە فەرهەنگی راستگۆیی و مرۆڤایەتی و بەزەیی و ویژدان و خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی برەوی نەماوە و، فرتوفێڵ و رک و کینە و خۆپەرستی و بێدادیی، دەگاتە گوێی مرۆڤ. هیوا و ئاواتم ئەوەیە کە بە یارمەتی و هاوفکریکردن لەگەڵ مرۆڤی خاوەن هزر و چاکەخواز و دادخوازدا، هەنگاو هەڵبگرم بۆ نەهێشتنی دێوی ستەم و بێدادی و نابەرامبەریی. ئەگەرچی وەک شەم لەو پێناوەدا دەسووتێین، بەڵام هیچ گومانێکی تێدا نییە کە رۆڵەکانی ئێمە و وەچەکانی داهاتوو بەوێنەی گوڵ لەسەر خۆڵەمێشی ئێمە چرۆ دەکەن و دەپشکۆن. ئەوکات لەبارەی ئێمەوە، هەر ئەو بۆچوونەیان نابێ کە ئێمە، سەبارەت بە باوکان و باوباپیرانمانەوە هەمانە. لەراستیدا هۆی پاشکەوتوویی و دواکەوتنی ئێستەی ئێمە، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و سستی و کات بە فیڕۆدان و ناتێگەیشتوویی باب و باپیرانمان.**

ساڵی 1330 هەتاوی بەرامبەر بە1951 ی زاینی لەشاری خورمۆوە (خرم ئاباد)، لە ستانی لۆڕستان پێم نایە دۆزەخی حەمەرەزاشاوە. دایکم لۆڕە و باوکیشم کوردی نێوچەی کرماشانە. هێشتا ساوا بووم کە باوکم، من و دایکمی جێهێڵا. کاتێ چاوی



وێنەی بنەماڵەیەکی لۆڕ، سەردەمی رژێمی رەزاشای پەهلەوی گیراوە!

پێمکەوتەوە کە پێم نابووە تەمەنی لاوییەوە. ئەوە بوو هەر لە منداڵیمەوە، چاوم کردەوە، خۆمم لەلای دایکێکی هەژار و بێکەسدا بینی. دایکم بۆ من هەم دایک بوو هەمیش باوک. دایکم بە کارەکەری و بە چەرمەسەری و نەداری و دەسکورتی بەخێوی کردم. هێشتا نەچووبوومە قوتابخانە بۆ دابینکردنی بەشێک لە بژێوی ژیانمان، بە لەشی بچووک و لاوازمەوە بەناچاری رووکردە کرێکاری و بوومە شاگرد دووکان. لە دووکانی مێوەفرۆش و بەقاڵ و مەیدانی مێوەفرۆشاندا کارم دەکرد، زۆرجار بەسەر گارییەوە (عەرەبانە) مێوەم دەفرۆشت . مێوەم بۆ دوکاندارەکان باردەکرد و وەک جارچی

و بڵندگۆ، بە دەنگی بەرز دەمقیژاند و بانگەشەم بۆ میوەی کابرای دوکاندار دەکرد. هەندێ جاریش لەگەڵ ماسیفرۆشان دەچوومە راوەماسی. ئیدی لە رۆژدا 10 تا 12 سەعات کارم دەکرد. دایکم نێوی " شەکەر " بوو، لەگەڵ دایکم لە هۆدەیەکی بچووکی تاریکدا دەژیاین. ژوورەکەمان بە رۆژیشدا رۆناکایی تێنەدەکەوت. لە حەوشەکەماندا چەندین بنەماڵەی دیکەشی تێدا دەژیان، دۆخی ژیانی ئەوانیش لە من و دایکم زۆر باشتر نەبوو. گەڕەکەکەمان ناوی "پشت بازاڕ" بوو. گەڕەکی "پشت بازاڕ" کۆنترین گەڕەک بوو، هەر بەو پێیەش گەڕەکی هەژارانی شاریش بوو.

ئەوکات کە منداڵ بووم، زۆر حەزم لە خوێندن دەکرد. ئارەزووم دەکرد زوو گەورە بم و بچمە قوتابخانە. لە گەڕەکەکەماندا مەلایەکی لێبوو، هۆدەیەکی بۆ گوتنەوەی وانەی ئاینی دانابوو. ئەو بنەماڵانەی وا هێندێک باری گوزەرانیان باشتر بوو، پێش ناردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندنگە، دەیانناردن بۆ لای مەلا بۆ فێربوونی یاسا و رێسای ئیسلامیی. منیش نیوەڕوان لەکاتی پشوودان و، هەندێ جاریش خۆمم لەکار دەدزییەوە و دەچوومە بەرامبەر دەرگای قوتابخانەی مەلا و گوێم لە وانەکانی دەگرت و، زۆر زوو لەبەرم دەکردن. چەند دانەیەک خەڵووزم لە گیرفانم دانابوو، کاتێک دەچووم بۆ سەرکار، یان لەڕیگەی ماڵەوە ئەلف و بێ و ئەو وانە و شیعرانەی لە مەلاوە فێری بووم، لەسەر دەرگا و دیواری ماڵان و، لەسەر خۆڵ دەنووسینەوە. پاش ماوەیەک لەگەڵ هێندێک لە قوتابییەکانی مەلا، بوومە هاوڕێ و زوو هەستیان بەوەکرد کە من لە زۆربەیان باشتر وانەکانی ئاینیم

لەبەرە. خەبەرەکە گەیشتەوە بە مەلا. بۆ رۆژی دوایی چوومەوە بەرامبەر قوتابخانە وەستام و، گویم هەڵخستەوە، گوێبیستی وانەی تازەی مەلا بم. لەناکاو مەلا بە شوولەکەیەوە بۆم دەرکەوت و، بە قسەی رەق و هەڕەشە و گوڕەشە راوینام. لەو رۆژە بەدوا نەموێرا روو لە کۆڵانی قوتابخانەی مەلا بکەمەوە. ئەوە کاتێک بوو،تازە پێم نابووە تەمەنی (6) ساڵانەوە، دەمتوانی ناوی خۆم و دایکم و هاوسێ و کەسانی ناسراوی دەوروبەرمان بەبێ هەڵەبنووسم. هێندێک شیعر لە مەلاوە فێریبووم، ئاڵوگۆڕم بەشیعرەکان دەکرد و وشەکانیم دەگۆڕی و لە دژی مەلا دەمخوێندنەوە و دایکم و هاوسێکانم دەهێنایە پێکەنین. لەو سەردەمەدا تەمەنی چوون بۆ قوتابخانە (7) ساڵ بوو، کەسایەتییەکی شارەکەمان کە زیرەکی و هۆشیاریم بەرگوێی کەوتبوو، هاتە پێشەوە، داوای لە بەڕێوبەری قوتابخانەکرد تا لە پۆلی یەکەمدا جێم بکاتەوە. ئەوە بوو بە یارمەتی ئەو مرۆڤە خێرخوازە، گەورەترین ئارەزووی سەردەمی منداڵیم هاتەدی و پێمنایە قوتابخانەوە. ئەوەندە شاگەشکەببووم کە هەستم دەکرد بەدەسەڵاتدارترین و بەختەوەرترین مرۆڤی سەرڕووی زەوینم. لەو سەردەمەدا بەرنامەی چوونە قوتابخانە وابوو کە حەفتەیەک بەیانیان تا نیوەڕۆ دەچووینەوە و، حەفتەی پاشتری، کاتەکەی دەگۆڕا بۆ پاشنیوەڕۆ. لەبەر ئەوە هەموو نیوەڕۆژێکم بۆ دەمایەوە کە بچمە کارکردن و دەرامەتێ بۆ بژێوی ژیان و، پێداویستییەکانی قوتابخانە، وەک پێنووس و کاغەز شتی دیکە پەیدا بکەم. وانەکانیشم زۆر بەباشی لەبەر دەکرد و، مامۆستاکانم زۆر لێم

رازی بوون. هەرکات چاودێری دەزگەی پەروەردە دەهاتن، مامۆستاکان بۆ پێشاندانی کار و خۆماندووکردنیان لەگەڵ قوتابییەکان، منیان پێدەناساندن، منیش بە دەنگی بەرز و بێ هەڵە وەرامی پرسیارەکانم دەدانەوە. ئەوکات لە قوتابخاندا وا باو بوو، قوتابییەکان دەبوو جلووبەرگی جوان و پاک و خاوێن لەبەر بکەن. هەموو مامۆستاکانم ئاگاداری بارودۆخی ژیانم بوون و لە هۆی جلووبەرگی شڕ و پینەکراومیان نەدەپرسی. رۆژێ وا هەبوو وا پێویستی دەکرد، نەچمە قوتابخانە و دەبوو کاربکەم تا کرێخانوو و باری ژیان، قورسایی نەکاتە سەرمان. بە مامۆستاکانم دەگوت، ئەوانیش ئێزنیان دەدام، دڵنیابوون کە لە خوێندنەکەم دواناکەم و بەباشی وانە و کتێبەکانم دەخوێنم. لەپۆلی سێیەمی سەرەتاییدا بووم کە دەمتوانی بەباشی بنووسم و بخوێنمەوە. لەو سەردەمەدا تەلەفزیۆن نەبوو کە خەڵک بتوانن کاتی پێ ببەنەسەر و پێی سەرقاڵ بن. لە هەموو شارەکەماندا، چەند دەوڵەمەندێکی لێبوو رادێویان هەبوو. قاوەخانەیەکی گەورەش هەبوو لەنێو شاردا، کە رادیۆی دانابوو، ئیدی خەڵکی دیکە هەر نێویان بیستوو. شەوانی زستان لە گەڕەکی هەژارنشینی ئێمەدا، هاوسێکان بە دەورە، هەر شەوێ لەماڵی یەکیان کۆ دەبوونەوە و، داوایان لێدەکردم کتێبی **"ئەمیر ئەرسەلانی ناودار"** یان بۆ بخوێنمەوە. منیش هەموو شەوێ بەشێکم دەخوێندەوە و شەوانێکی زۆرم پێدەبردە سەر. هاوسێکانیش پاش تەواوبوونی چیرۆکەکە، پانزەقەران پوولیان دەدامێ کە لەو سەردەمەدا پوولێکی باش بوو. لە پۆلەکانی قوتابخانەی سەرەتاییدا، بە

رادەیەک ئەویندارى خوێندن بووم، هەر کە مامۆستاکانم وانەکانیان دەگوتەوە، من لەبەرم دەکردن. ئیدی پێویستم بەوە نەبوو بۆ لەبەرکردنیان کاتی بۆ دانێم . قوتابخانە ئەوینی من بوو.

**پ– چۆن بوو پیشەی نووسەریت هەڵبژارد، یەکەم بەرهەمت چی بوو، کێ هاندەرت بوو کە روو بکەیتە دنیای شیعر و شاعیری و پیشەی نووسەری هەڵبژێری؟**

**و:** ئەو سەردەمەی لە قوتابخانە دەمخوێند، ئەو گۆرانییانەی کە لە زاری خەڵک، یان لە رادیۆ، یان لە گرامافونم دەبیست، لەبەرم دەکرد، پاشان بە دڵخوازی خۆم دەستم لە شیعرەکان وەردەدا و، دەمخستنە قاڵبی تەوس و پلارهاویشتن و تەشەر و، بۆ هاورێکانم، یان بۆ خزم و هاوسێکانم دەخوێندەوە و زۆریان پێخۆش بوو، کەیفیان پێدەهات. بۆ خۆم لە نووسینەکانم رازی بووم و، نەمدەزانی کە ئەم شیعرنووسینەی من شێوازێکی زۆر سادە و ساکارە و، زۆر دوورە لە هونەر و تکنیکی شیعرنووسین. کاتێ پێمنایە قوتابخانەی ناوەندییەوە، دەستمکرد بە خوێندنەوەی رۆژنامە و کتێبی شیعر و چیرۆک. زۆر بە تامەزرۆییەوە کتێبەکانی سادق هدایەت، جەمالزادە، باباتاهیر، خەیام ، جورجی زیدان، ویکتور هۆگۆ و جەک لەندەن و ... هتدم دەخوێندەوە،دەمزانی دەبێ خۆم پێبگەیەنم. هێشتا لە کاری نووسیندا شارەزاییم پەیدا نەکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بڕوام بەخۆم هەبوو. لە پۆلی دووەمی نێوەندیدا بووم و تەمەنم چواردە ساڵ بوو، رۆژێکیان رۆژنامەم دەخوێندەوە، لە لاپەڕەیەکیدا

نووسرابوو: کێبەرکێی چیرۆک نووسین دانراوە و، نووسەری باشترین چیرۆک خەڵات وەردەگرێ. منیش بۆ بەشداری لەو کێبەرکێیەدا یەکێک لە چیرۆکەکانم نارد بۆیان و ناوی (سەرۆکی ئیدارە) م لەسەر دانابوو. پاش ماوەیەک وەرامم بۆ هاتەوە کە خەڵاتی یەکەمم وەرگرتووە و چیرۆکەکەمیان چاپکردبوو. ئەوە بووە هۆی هاندانی زیاتری من کە بە کاری نووسین زیاتر دڵخۆش بکەم. چاپکردنی ئەو چیرۆکەم، بڕوا و متمانەی زیاتری پێبەخشیم و، هەستمکرد کە پێمناوەتە نێو دنیای ئەدەب و نووسەرییەوە. لەوە بەدوا بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەرنامەداڕێژراو، دەستمکرد بە فێربوون و خۆپێگەیاندن لە بواری شیعر و چیرۆک نووسیندا و، هەوڵمدا پتر لەگەڵ بەرهەمی نووسەرانی ئێران و جیهان ئاشنایم. شەوان، کاتێک هەموو دەنووستن، لەبەر رۆناکایی شەمێکدا دادەنیشتم و تا دەمەوبەیان پەرتۆکم دەخوێندەوە. ببوومە ئەوینداری سەختی هونەر و ئەدەب، بەڵام هێشتا وەک پێویست، لە بایەخ و رۆڵی گرنگی ئەدەب نەگەیشتبووم، تا ئەو کات کتێبێکم لە ماکسیم گۆرکی خوێندەوە لەبارەی ئەرکی گەورەی ئەدەبەوە نووسیبووی. پاشان پەرتۆکێکی ''ژان پۆڵ سارتر''م خوێندەوە ناوی "ئامانجی ئەدەبیات"ە. ئەوکات بە تەواوەتی هەستم بەوە کرد و تێگەیشتم ئەدەب، چ رۆڵێکی گەورە لەنێو کۆمەڵگەدا دەگێڕێ. لە پۆلی نۆیەمدا بووم، چەندین هۆنراوەم لە گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا چاپ کران و بووە هۆی ناساندنی زیاترم بە خەڵک. پاشان بڕیارمدا

روو لە تاران بکەم و لە نێزیکەوە هەڵبەستڤان و نووسەرانی گەورەی ئێرانی ببینم و، لە ئەزموون و زانستیان کەڵک وەربگرم. بیستم زۆربەیان لە قاوەخانەیەک بەناوی **"کافەفیروز/پیرۆز"** کۆ دەبنەوە و پێکەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن، چوومە چایخانەکە، خاوەنەکەی ناوی **"نادری"** بوو. خۆمم ناساند پێیان، ئەوانیش بە



**وێنەی هەڵپەڕکێی ژنانی لۆڕ لە خۆرمۆوە (خرم آباد)**

گەرمییەوە وەریانگرتم. ئەوە بۆ من باشترین دەرفەت و هەل بوو، زۆر سوودم لە قسەکانیان وەرگرت. لە پۆلی دەیەمدا، رشتەی "وێژە" (ئەدەب)م هەلبژارد و، کاری رۆژنامەنووسیم بە فەرمیی دەسپێکرد. جگە لەوە بۆ دابینکردنی ژیانم، کاریشم دەکرد. پێمنایە تەمەنی 16 ساڵییەوە، لە بواری سیاسیدا، بێ ئەزموون و نەشارەزابووم. بەو نیوە و نیوە چڵە زانیاریانەی هەمبوو، لە دژی زوڵموزۆری رژێمی شا، دەستمکرد بە پرۆپاگەندەکردن. لەگەڵ ژمارەیەک لە هاورێیانی نێزیکمدا، شانەیەکی رۆناکبیری–سیاسیمان پێکهێنا و، پێکەوە لە بارەی بارودۆخی کۆمەڵگەکەمان

و چەوساندنەوەی رژێمی شاوە دەدواین. ئەو ئاڵوگۆڕە هزرییە، بووە هەوێنی شیعر و نووسراوە و کار و تێکۆشینم. نازانم ئایا داری "بیی" ت دیوە کە چلۆن لە لێواری چەم و جۆگە، بۆ خۆی دەڕوێ و باڵا دەکا؟ من لە دنیای ئەدەبیاتدا مامۆستام نەبووە، بەڵکوو بە هەوڵ و تێکۆشینی بەردەوام و بە شەونخوونی و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە، خۆمم پێگەیاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خۆم بە قوتابییەکی بچووکی ئەو ڕێگەیە دەزانم. هەر وەک گوتم: من وەکو داری بی، لە لێواری چەمدا بۆخۆم رووام.

**پ: ئەو بەرهەمانەی تاکوو ئەمڕۆ بڵاوت کردوونەتەوە، چین و، لە شیعرنووسیندا زیاتر چ شێوازێکتان رەچاو کردووە؟**

**و:** پتر لەسی و پێنج ساڵە دەنووسم. گەلێک وتار و شیعرم لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە و، بۆخۆشم ژمارەیان نازانم. پێش شۆرشی ئیسلامی و لە زەمانی شادا، دوو پەرتۆکم چاپکرا کە کورتەچیرۆک بوون. ئیدارەی سانسۆری رژێمی شا رێگەی نەدا بەرهەمی دیکەم بڵاوبکرێتەوە. لە دوای شۆرشی ئیسلامیش، چەند پەرتۆکم ئامادەی چاپکردنن کە بەرهەمی رەنج و کاری چەندین و چەند ساڵەی ژیانمن. لەبەر زۆر هۆی هزری و سیاسیی، نەمتوانی بەرهەمەکانم چاپ بکەم و بڵاویان بکەمەوە، چۆنکە هەرکارێ زەمانی تایبەت بەخۆی دەوێ. لەم بازاڕە شێواو و ئاڵۆزەی ئەورۆکەی بڵاوکراوە و چاپەمەنی لەئێراندا، رازی نیم و، وام پێ باشترە جارێ بەرهەمەکانم چاپ نەکەم. بەڵام ئەگەر

بتوانم لە هەوڵی ئەودام بەم زووانە پەرتۆکێک بە زمانی نۆرویژی و ئینگلیزی لە ئەوروپا بڵاو بکەمەوە کە بریتییە لە "منظومە" یان داستانە شیعرێکی درێژ.

لە بارەی شیعر و شێوازی شیعرنووسیندا، زیاتر لە چوارچێوەی شیعری (نیما داڕێژەری شیعری نویٚ لە ئێران و گۆران، داڕێژەری شیعری نوێی کوردی)، "غزل و دوبیتی" دا کارم کردووە. شێوازی شیعری نوێم پیٚ خۆشترە، هەر بۆیەشە زۆربەی شیعرەکانم، شیعری ئازاد و دووبەیتین و، ئێستا پتر لە چەند سەت دووبەیتیم ئامادەی چاپە.

**پ: ئێوە ماوەیەک سەرنووسەری حەوتوونامەی " حرف لر " (وتەی لۆڕ) بوون، پێش ئەوە کار و چالاکیی رۆژنامەگەریی ئێوە لە چ ئاستێکدا بوو؟ وەک سەرنووسەر و رۆژنامەنووسێک، ئایا لەلایەن کاربەدەستان و داوودەزگەی رژێمەوە، کوسپ و ئاستەنگ دەخرایە سەر رێتان؟**

**و:** پێش ئەوەی دەست بە کاری بڵاوکردنەوەی حەفتەنامەی "وتەی لۆڕ" بکەم، ماوەیەک لە تاران سەرنووسەری گۆڤاری "پەیام زمین" (پەیام زەوین ) بووم، گۆڤارێکی سەرتاسەریی بوو، لە هەموو ئێراندا بڵاو دەکرایەوە. دواکەوتوویی فەرهەنگی و سیاسی و مادیی لوڕستان، شتێک بوو کە ساڵانی ساڵ ئازاری دەدام و، هەمیشە لە دەرفەتێک دەگەڕام تا بتوانم خزمەتێکی فەرهەنگی بە لۆڕستان بگەیەنم کە بەشێکە لە نەتەوەی کورد. لەو روانگەوە کە کورد و لۆڕ خاوەنی مێژوو و رەگەزێکی هاوبەشن و

یەک نەتەوەن و خاوەنی فەرهەنگێکی هاوبەشن، هەروەها بە زانیاری و ناسینی نێوچەکەی خۆمەوە لۆڕستان، بڕیارمدا قورسایی کاری رۆژنامەگەریم بخەمە لۆڕستانەوە. ئاشکرایە هەر شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنووسێک، دەبێ خوێنەری خۆی بناسێت و بزانێ بۆ کێ دەنووسێت، منیش بە تەواوەتیی هەستم بەوە کرد کە چالاکیی رۆژنامەگەریم لە لۆڕستاندا بێت، کارکردی باشتری هەیە تا لەوەی لە تاراندا بم، ئەوە بوو گەڕامەوە لۆڕستان و، دەستم کرد بە دەرکردنی حەفتانامەی " وتەی لۆڕ".

یەکەم ژمارەی (وتەی لۆڕ)، دەهەزار دانەی لێ چاپکرا، بەڵام لە ماوەی رۆژێکدا یەک دانەشی لێ نەما و، بە شار و گوندەکانی لۆڕستاندا بڵاو کرایەوە و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. بەکورتی، "وتەی لۆڕ" رەنگدانەوەی فەرهەنگ قسەو ئێش و ئازاری خەڵک بوو.

لە بارەی گیروگرۆی کاری رۆژنامەگەرییەوە لە ئێران، دەبێ بڵێم، "چیزی کەعیان است، چەحاجت بەبیان است"، (شتێ کە دەبینرێ، پێویستی بە ناساندن نییە!).

کێشە و گیروگرۆی سەر ڕێگەی رۆژنامە و رۆژنامەنووسی لە ئێران دا، مێژوویەکی کۆنی هەیە. لە ماوەی 100 ساڵی رابردوودا گەلێک لە نووسەران و رۆشنبیرانی دڵسۆز و ئازادیخواز، لە پێناو پێگەیاندنی گەلەکەیاندا تووشی گرتن ئازار و شکەنجە هاتوون. کەم نین ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی لەو ڕێگەیەدا شەهیدکراون. میرزا جەهانگیرخانی سورئیسرافیل، میرزادە عشقی، فەروخی

**یەزدی، موختاری، پوینده، پیروز دەوانی، و .... هتد، وەک شەم ژیانی خۆیان پێشکێشی گەل و ڕێگەی ڕۆناکی گەلەکەیان کرد.**

**گیروگرۆی پیشەی نووسەریی، لە کۆمەڵگەی ئێراندا زۆر و ئاڵۆزە. ئەگەرچی نووسەری پاک و خاوەن بڕوا و دڵسۆز گەلێک کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ژمارە نووسەرە کەمە، توانیویانە لە کۆمەڵگەکەی خۆیاندا، لە پێشخستنی ڕاگەیاندن و هۆشیار کردنەوەی خەڵک و بیری ئازادیخوازانەدا، ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن. کێشە و گیروگرۆی نووسەر، هەر بە تەنێ ڕژێمەکان و، داودەزگەی سەرکوتکەریان ناگرێتەوە، بەڵکوو زۆرجار نووسەران بە هۆی پاشکەوتوویی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەکەیان، ناچارن خۆیان سانسۆڕ بخەنە سەر نووسراوەکانیان و، ئەوەی لە دڵیاندایە ناتوانن بە هاسانی دەری ببڕن. چۆنکە درکاندنی هەموو ڕاستییەک، کێشە دروست دەکا بۆیان. پیشەی نووسەریی، پیشەیەکی پڕمەترسی و پڕکێشەیە، منیش بە ئاگاداری و زانیاری تەواوەوە ئەو پیشەیەم هەڵبژاردووە، چۆنکە ئەوین و خۆشەویستیم بەرامبەر گەل و وڵاتەکەم ئەو هەستەی تێدا خوڵقاندووم کە بە پێنووسم، خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم بکەم. هەمیشە ئەو هەستەم هەبووە و هەمە، کە گیان و ژیانم وەک دیارییەکی بچووک، پێشکێشی ڕێگەی ئازادی و بەختەوەریی وڵاتەکەم بکەم .**

**دوای ئەم بەشە لە وتووێژەکەمان، پارچە هۆنراوەیەک دەکەمە دیاری، ئەوجا درێژە بە گفتووگۆکەمان دەدەین!**

دباخ سوختە ئحساسم ، میحا نامە بنیسم سیت

دمەرگ سوسن و باسم، میحا نامە بنیسم سیت

سەر رەم سیم غاردارە، دمارەم سەد تفەنگ دارە

وەحالم گولەمی وارە، میحا نامە بنیسم سیت

ئومێد رەتە و بادم ، هنی وا یاد تو شادم

نە ویرونم نە ئابادم ، میحا نامە بنیسم سیت

چنو های و ور چشم ، کە ها نازتە می کشم

تو بارونی و مە تشم ، میحا نامە بنیسم سیت

دلم ئاسارە شوگردە، منی سەیل تو می گردە

دلم دی زنیی سەردە، میحا نامە بنیسم سیت

و هەر لا چش مونم دەردە، منی دنیانە غەم هردە

چە رازی ها دئی پەردە، میحا نامە بنیسم سیت

مە تاقەت دی قەفەس نارم، خەلاسم کو کە کەس نارم

نەفەس نارم نەفەس نارم ، میحا نامە بنیسم سیت

– – – –

## وەرگێرانی بەزاراوەی کرمانجیی نێوەڕاست:

لە باخی سووتاوی هەستمەوە، دەمەوێ نامە بنووسم بۆت

لە مەرگی سۆسەن و یاسەمەندا، دەمەوێ نامە بنووسم بۆت

لەسەر ڕێم تەلبەند و بزمارە، لە پشتمڕا بەسەت چەکدارە

بە چارەم گوللەبارانە، دەمەوێ نامە بنووسم بۆت

هۆمێدی لە دەسترۆیشووم، ئێستەش بەیادی تۆوە شادم

**نە وێرانەم نە ئاوانی، دەمەوێ نامە بنووسم بۆت**

**بە تەرزێ لەپێش چاومی، وەک لام بی وایە، نازت دەکێشم**

**تۆ بارانی و من ئاگر، دەمەوێ نامە بنووسم بۆت**

**دڵم ئەستێرەی شەوگەڕە، بە شوێن روخسارتدا وێڵە**

**دڵم پڕە لەم ژینە، دەمەوێ نامە بنووسم بۆت**

**بەهەر لایێ دەڕوانم دەردە، گەر بڵێم خەم دنیای قووت داوە، وایە**

**چ سڕێکە و چ نهێنییەکە، دەمەوی نامە بنووسم بۆت**

**لەنێو ئەم کەونی زیندان ئاسادا، نیمەپتر تاقەت**

**هەناسە بڕکێمە، هەناسەم نایە، دەمەوێ نامە بنووسم بۆت.**

– – –

ئێوە پێتان وانەبێ، کاتێ "هەڵەبجە" بۆمبابارانی کیمیایی دەکرێ، کاردانەوەم هەر ئەوەبێ کە وەک هەواڵێکی دڵتەزێن وەریبگرم، نا! بە بیستنی هەواڵی "هەڵەبجە" و هەواڵی دڵتەزێنی دیکەی لەو جەشنە، من وەکو دایکمردوویەک، دادەنیشم و چۆڕچۆڕ فرمێسک بە چاومدا دێنەخوارێ. لەو کاتەدا پێنووسی دەستم، دەست بەگرین دەکا، چۆنکە، رەنگە لە گریانی مرۆڤ، تەنێ چەند کەسێک ئاگاداربن، بەڵام لە فرمێسکی پێنووس هەزاران و دەیان هەزار مرۆڤ تێدەگەن و لە مێژوودا دەمێنێتەوە.

بە بڕوای من، هەر کەسێک، لە هەڵوێست و را دەربڕیندا دڵێکی وەک شێری نەبێ و، بەرامبەر جیهانی مرۆڤایەتیی، هەستێکی ناسک و مرۆڤانەی لە دڵدا نەبێ، نابێ دەست بۆ پێنووس بەرێت، چۆنکە لە زێدی پیرۆزی پێنووسدا، هۆشیاری و مەترسی و

مرۆڤایەتیی تێکەڵ بە یەک بوونە و، ئەو پێنووسە کارکردی هەیە کە لە واتای شەرەف گەیشتبێ و، جاڕی ریسواکردنی ستەم و هاواری یەکسانیی بدات.

**برتۆلد برێشت دەڵێ:**

**"ئەو کەسەی لە راستیی ناگا، نەزانە. ئەو کەسەی لە راستیی دەگا و کەتمانی دەکا، خیانەتکارە."**

منیش دەبێژم: **"ئەو کەسەی زانیاری و هۆشیاریی تەواوی بۆ تێگەیشتنی راستیی نییە، نابێ دەست بۆ پێنووس بەرێت! ئەو کەسەی پێنووس دەگرێ بەدەستییەوە و، لە نێوەرۆکی کێشەکان دەگات، نابێ چاو لە راستییەکان بنووقێنێ، ئەگەر ئەوە بکا، ئەوا خیانەتکار و مرۆڤکوژە".**

نووسەر ئەگەر هۆشیار نەبێ و پێبەندی ئەرکی گرنگی نەبێ، دەبێتە ئامرازێک بە دەستی زۆردار و ستەمکارەوە. لەم بوارەدا قسە زۆرە، ئەوەی کە لە سەرەوە بە کورتی ئاماژەم کردپێی، لەبەر ئەوە بوو لە روانگە و لایەنی **"مینۆکی" (معنوی)** یەوە، کورتەیەک لە کەند و کۆسپ و ئاڵۆزی و گیروگرۆی کاری نووسەریی بخەمە روو.

کۆسپێکی دیکەی کاری من، لایەنی ئابوورییەکەی بوو. کاتی دەرکردنی هەفتەنامەی **"وتەی لۆڕ"**، رۆژنامەی **(کیهان)** کە رۆژنامەیەکی سەرتاسەرییە لە ئێران، لە لۆڕستاندا بە **(5)** تمەن دەفرۆشرا و، کڕیاری زۆر نەبوو، بەڵام هەفتەنامەی **"وتەی لۆڕ"** دەهەزار دانەی لێ بڵاو دەکرایەوە و بە **(50)** تمەن دەمانفرۆشت،

لە گەڵ ئەوەشدا هەمیشە لەگەڵ گیروگرۆی ماڵی بەرەوڕوو بووم. بۆ خۆ دەربازکردن لە قەیرانی دارایی، ناچار دەبووم لە گەڵ کوڕەکەم (مەزدەک)، هەروەها خۆشەویستێکی دیکە بە ناوی کاک زۆراو جەوادی، داڕشتن و ڕێککردنی لاپەڕە و ژمارەلێدان و... هتد، خۆم ئەنجامی بدەم. دواتر هەردووکیان پتر لە کارەکەیاندا شارەزاییان پەیداکرد و، ئیدی کاری لاپەڕە لێدانم بەوان سپاردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی (18) سەعات کارم دەکرد.

**پ: جگە لە کاری ڕۆژنامەگەری و شیعر و نووسەریی، ئایا لە بوارێکی دیکەی فەرهەنگیدا کارتان کردووە؟!**

**و: بەڵێ، لە سێ بواری دیکەی فەرهەنگیدا کارم کردووە.**

1- لە بواری سینەما. 2- کاری نووسەری و بەڕێوەبردنی بەرنامەی رادیۆیی. 3- ویژەی مووسیقا (ادبیات موسیقی).

لە پێشدا لە کاری سینەماوە بڵێم. لە تەمەنی 17 ساڵیدا، کەوتمە خولیای سەردەرکردن لە تەکنیکی سینەما. دەسمکرد بەخوێندنی ئەو پەرتۆکانەی لە بارەی سینەما نووسرابوون. بەرهەمی گەورەکان و مامۆستایانی ئێرانی و بێگانەم خوێندەوە و، بەرەبەرە لە باری مێژوویی و تکنیکەوە، ئەم هونەرەم ناسی. چەند کەسێک لە مامۆستایانی ئەو زەمان، وەکو کۆچکردوو سەمەد سەباحی دەرهێنەری بەناوبانگی ئێرانی، هەروەها دوکتۆر بلووهەر زۆریان یارمەتیکردم. چەندین ساڵ بە خوێندنەوە و تیۆرییەوە تێپەڕبوو، پاش ئەوە دەستمکرد بە نووسینی فیلمنامە

و سازکردنی فلیمی کورت. لە شاری خورمۆوەدا نووسینگەی **"لقی سینەمای لاوان"** م دامەزراند. دەمزانی زۆربەی لاوان حەزیان لە فێربوونی کاری سینەمایە. ئەوەبوو لە نووسینگەکەمدا ژوورێکم تەرخان کرد بۆ فێرکردنی کاری سینەما بە لاوان و، هەموو کەلووپەلێکی وەکو کامێرای وێنە و فیلم گرتن و ئاپارات و پرۆژکتۆر بۆ رۆناکی و....هتد، هەموویم لە دەزگەی فەرهەنگ و هونەرەوە پێدرا. وانەکانم بە شێوەی تیۆری و پراکتیک بە خوێندکارەکانم دەگوت. پاشان چەند فیلێمکی کورتم بەم نێوانە دروست کرد: 1- بەبێ ڤین (منهای اراده). 2- شەوێک لە شەوان. 3- کەڵەشێر نوقڵی. 4- مەرگی ئەسفەندیار.

فیلمی مردنی ئەسفەندیار کە لە سەر تراژدیای رۆسەم و ئەسفەندیاری **"شانامەی فیردوەسی"** یەوە سازکرابوو، لە ڤیستیڤاڵی **"تووس"** دا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و، نێوی منی خستنە ریزی نێودارانی ئەو سەردەمی سینەماوە، چۆنکە گۆڕان و داهێنانم تێدا بەکار هێنابوو. هەر بۆیە سەرنجی لێکۆڵەر و پسپۆڕانی زانستی فیلمسازیی بەرەو لای خۆی راکێشا. بەکار و پیشەی سینەما پتر دڵگەرم بووم و درێژەم بەکارمدا. بەڵام هەر زوو تێگەیشتم کە بێڕەوشتیی بە سەر کەشوو هەوای سینەما و سینەماکاراندا زاڵە. منیش بە هۆی بیروباوەڕمەوە، سینەمام وەکوو شوێن و جێگەیەکی پیرۆزی کاری فەرهەنگی چاو لێدەکرد. ئەوەبوو بڕیارمدا کە لێی دوور بکەومەوە و، لە بری ئەوە درێژە بدەم بەخوێندن و پیشەی نووسەری و شاعیری. بۆ رادیۆ وتار و

بەرنامەم دەنووسی و، گەلێک جاریش بۆخۆم وێژەرەی بەشێک لە بەرنامەکان بووم.

چالاکیی کاری سینەما و رادیۆ (8) ساڵی خایاند، واتە هەر لە ساڵی 1968 ەوە تا ساڵی 1976. لەو کاتەدا پێماننایە سەردەمی شۆرشی ئیسلامییەوە. بە هاتنی کۆماری ئیسلامی، هەر لەبنەڕەتدا ئەو کارانە داخران و رێگیرا لێیان. ساڵەکانی سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی، کاری سینەما و رادیۆ بە شێوەیەکی دیکە بوو. چوارچێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو، کە بە دڵی من نەبوو. بۆیە وام بەباش زانی کە جارێ هەموو چالاکییەکی فەرهەنگیی خۆم لە هەموو بوارێکدا رابگرم و بێدەنگ بم. بەوتەی شاعیری نێودار **باوە تاهیر، "نشینۆم تا دگەر دەوران بگەردە".**

لەو باوەڕەدام، دژوارترین بەش لە وێژەدا، بەشی ئاوازدانان و



وێنەی مەزارگەی باوە تاهیری لەک

نووسینی شیعری سترانە. چۆنکە ئەم بەشە زۆر هەستیار و ناسکە و، ئاوازدانەرێکی هۆشیار و بەرپرسیار، پێویستە بەشێوەیەک شیعری گۆرانی بنووسێ، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکە پەسندی بکەن بە خوێندەوار و نەخوێندەوارییەوە. بە هۆی هەست و چێژ وەرگرتنی جیاوازی ئەندامانی کۆمەڵ، شیعردانەری گۆرانی، دەبێ کارەکەی بە شێویەک بێ، کارکرد لە سەر هەست و ڕەوانی خەڵک دابنێت. شیعری گۆرانی زۆر جیاوازە لەو شیعرانەی لە پەرتۆک و دیوانی شیعری شاعیراندا بڵاوکراونەتەوە و لە بازاڕدان، هەر چەندە زۆر شیعرمان هەیە کە چاپکراون و شیعری بەرزن و، کراونەتە ستران و لەلایەن گۆرانیبێژێکەوە خوێندراون، مەبەستم ئەوەیە، شاعیری ئەو شیعرانە بەو مەبەستە داینەناون کە ببنە گۆرانی، بەڵام شیعرەکانیان هێندە ناسک و هەستبزوێن و جوان داڕێژراوە کە پێیانناوەتە جیهانی مووسیقییەوە.. لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە شیعری شاعیرانی گەورەی ئێرانی وەکو **شێخ سەعدی، حافزی شیرازی، مەولانا جەلالەدین محەمەد بەلخی، هەروەها لە شاعیرەکانی کورد، باوەتاهیر، گۆران، هێمن، نالی و پیرەمێرد** و...هتد. بە باوەڕی من وێژەی مووسیقی، دەبێ دەربڕی کەش و هەوای زەمان و سەردەمی خۆی بێ. جا پاش ئەم پێشەکییە کورتەی لێوەی دووام، ئاماژە دەکەم بەکاری وێژەی مووسیقی خۆمەوە!

هەر لە سەردەمی لاوێتیمەوە دەستمکرد بەئاوازدانان و، شیعرەکانم دەدا بە گۆرانیبێژانی ئەوکات، لەوانە: ڕەزا سەقایی،

دەروێش مسقەفا جاویدان، بەهمەن ئسکینی و... هتد. شیعرەکانم بە زمانەکانی فارسی و کوردی (زاراوەی لۆڕی) دەنووسین. هەوڵمدەدا بەرهەمێکی نوێ پێشکێش بکەم کە جیاواز بێ لە شێوازەکانی باوی پێشوو. سەرەتا شیعرەکانم، هەموویان شیعری دڵداری بوون. بیرم لەوە کردەوە، شیعری دڵداری، چ دەردێکی خەڵکێکی داماو و برسی دەرمان دەکا؟ لەلایەکی دیکەوە شیعر و گۆرانیی ساکار و بێسەروبەری لۆڕی ئازاری دەدام. بڕیارمدا رستە و شیعری گۆرانی لەو دۆزە دواکەوتوو و چاوش بازاڕییە داسەپاوە رزگار بکەم و، بەرەو رێگە و هێڵێکی نۆژەن و پێشکەوتووی بەرم. بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە، سەخت و دژوار بوو، چۆنکە بۆ خۆشم نەمدەزانی چ بکەم و لە کوێوە دەسپێبکەم!.

هەر ئەوەندەم دەزانی کە دەبێ لەم بوارەدا شۆڕشێک بکەم. هەستێکی شۆرشگێریم تێدابوو، کاتێ شەڕی **"سیاهکل"**(1) روویدا، وەکو ئاگرێ کە بەر هەمارێکی بارووت بکەوێ، هەست و مێشکمی ئاگردا و پێنووسم بە دەستەوە گرت و نووسیم:

**تفەنگ حەیفە کە ئاهوو بەکوشی ئاهوو قەشەنگە**

**تفەنگ حەیفە بەکۆشی کەوک کویی رەنگ وەرەنگە**

**تفەنگ بەزە وەئوو دوزێ فەراری**

**تفەنگ جا گوللەکەت سینەی پڵنگە**

**تفەنگ دەردت وەجونم**

**تفەنگ بی توو نەمۆنم**

**تفەنگ تا تونەدارم غەمی نارم یەبرارم**

تونی یارم ڕەفیقێ روزێ شووێ تارم

تفەنگ بردنە یارم کەس و کارم بەک حەلالم

تفەنگ دوشمە می خەنە سەیل بەکو دجو بیزارم

تفەنگ دەردت وەجونم

تفەنگ بی توو نەمۆنم

تفەنگ دوشمە وەشۆ دەچیتەجا(2) بردە قەرارم

تفەنگ بەشی دسینەی دوشمنم دوزییە یارم

تفەنگ دەوەقت شۆوە دوشمنۆنکم بین دوچارم

تفەنگ کاری بەزە ئوو دوشمنم بووسییە یارم

تفەنگ دەردت وەجوونم

تفەنگ بی توو نەمۆنم

شیعری "**تفەنگ**"، دەسپێک و سەرەتایەکی نوێ بوو لە بواری وێژەی مووسیقیدا لە لۆڕستان. پاش ئەوە بڕیارمدا ئەم ڕێگەیە درێژە پێبدەم، چۆنکە ئیدی ڕێگەی خۆمم دۆزیبووەوە. لە شیعرەکانمدا، ئەڤین و حەماسەم تێهەڵکێشی یەکدەکرد و بە لەبەر چاوگرتنی زەمان و پێویستی (قسە و دەردی دڵی خەڵک) گەلێک بەرهەمی دیکەم دانان. شیعری "**داڵکە**" و "**کەم بو دیرە**" و دەیان هۆنراوەی دیکەم دانا کە زۆربەیان بە هەندازەی شیعری "**تفەنگ**" نێوبانگیان دەرکردووە.

پاش سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی، هۆنراوەی مووسیقی، بەو شێوەی کە من دەمویست وانەما و تا ماوەیەک برەوی نەما. دەزگەی سانسۆر لەژێر نێوی "**شورای شیعر**" کە نێوەندەکەی لە

تاران بوو، دەستیگرت بە سەر کاری ویژەی موسیقیدا. **پێهەڵگوتن (مداحی)** جێگەی ویژەی رەسەنی گرتەوە، منیش ئامادە نەبووم لەشیعرەکانمدا بەشان و باهۆی کەسدا هەڵبلێم. هەر بۆیە وازم لە نووسین هێنا، بەڵام ئەڤینی شیعر نووسین و ویژەی موسیقی، بۆ ساتێکیش لێمنەدەگەرا، چۆنکە شاعیر لە چوارچێوەی دانانی شیعری گۆرانیدا، باشتر و هاسانتر دەتوانی پێوەندیی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا رابگرێ. لەلایەک، بە هۆی ئەڤین و خۆشەویستییەکی زۆرەوە کە خەڵک بەرامبەر هونەر و موسیقا هەیانە، گۆرانییەک دەتوانێ بچێتە قووڵایی دڵ و ناخ و هەستی هەموو توێژێکی کۆمەڵگەوە. کاسێتێکی تۆمارکراو کە لە گۆرانی و موسیقی و شیعر پێکهاتبێ، لە ماوەیەکی کەمدا بە هەزاران کاسێتی لیدەفرۆشرێ. بەڵام کتێبێکی تازە لەنیو کۆمەلگەدا کڕیاری کەمە. جیاوازیی لە نێوان فرۆشتنی کاسێت و پەرتۆک، گەلێک هۆی هەیە کە من نامەوێ لێرەدا لە سەریان بڕۆم، تەنێ دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە گۆڕەپانی فرۆشی کتێب زۆر بەرتەسک و بچووکە، چۆنکە لە نێو کۆمەڵگەدا خەڵکێکی کەم هەن کە کتێب بخوێننەوە، بەڵام لە بواری موسیقی و شیعر و گۆرانیدا، گۆڕەپانەکە بەقەدەر پانتایی هەموو کۆمەڵگەکەیە و کڕیاری زۆرە.

سالآنی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، سالآنی کزبوونی مووسیقی و ئاوازدانان بوو، ئەوەش دەرفەتێکی باشی بۆ من رێخست تا بەرهەمی زیاتر بنووسم و کۆیان بکەمەوە و، چاوەڕوانی دەرەفەتێکی گونجاو بووم، پێ بنێمەوە گۆڕەپانی

شیعر و مووسیقیەوە، حەوت ساڵی یەکەم بەو شێوەیە تێپەڕی. لەو کاتەدا رەزا سەقایی کە لە نێوچەی لوڕستان و لە هەموو کوردستان و هەروەها لە ئێراندا نێوبانگی هەیە و، شیعری "تفەنگ" و "داڵکە"ی خوێندبوو، ئیدی نەیدەتوانی بەو دەنگە زوڵاڵەیەوە گۆرانی بچڕێ، چۆنکە لەکاتی شەڕی (8) ساڵەی عێراق-ئێراندا، رۆژێکیان لە لۆڕستاندا، لەنێو ئۆتۆمۆبیلەکەی دەبێ، لە نەکاو دەکەوێتە بەر هێرشی فرۆکەکانی رژێمی سەددام و، بە توندی بریندار دەبێ. لە نەخۆشخانەدا پاش نەشتەرگەریی کە لەسەر قورگی ئەنجامدرا، ئیدی ئەو دەنگە خۆشەی لە دەستدەدا. بەڵام گۆرانبیێژێکی تازەپێگەیشتوو بە ناوی محەمەد میرزاوەندی پێینایە گۆڕەپانی مووسیقییەوە و، داوای شیعری کردلێم. منیش شیعری "سوار"م داپێی، کرا بە کاسێت و چووە بازاڕەوە و لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێکرا و زۆری لێ فرۆشرا و لە فێستیڤاڵی سەرتاسەریی لە ئێراندا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

شیعری "سوار"، داستانی نەبەردی بوو...رەمز و پەیامێک بوو بۆ خۆ دەرهاویشتن لە زەلکاو و بیرکردنەوە لەزەریا.... چیرۆکی خوێن و یەکێتی و رزگاربوون بوو لە تاریکی...

ئێستاش پاش چواردەساڵ شیعری سوار لە تەنیشت شیعرەکانی "تفەنگ" و "داڵکە" دا جێیگرتووە و بە دەگمەن ماڵ هەیە کە ئەم کاسێتەی نەبێ. بەو شێوەیە لە پاش شۆرشی ئیسلامیی، بە شیعری سوار، جارێکی دیکە ئاوازدانانم دەسپێکردەوە و، ئێستەش

هەر بەردەوامم لەسەری. لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا کە لە وڵاتی نۆرویژ دەژیم، سێ دانە کاسێتی دیکە لە شیعرەکانم لەلایەن گۆرانیبێژانی لۆڕەوە لە نێوخۆی وڵات، خوێندراون و چوونەتە بازاڕەوە. جگە لەوانە زۆر شیعری دیکەم داوە بە گەلێک گۆرانیویژ کە بەراستی ژمارەیان نازانم.

**پ: شیعری تفەنگ لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی رژێمی پەهلەویدا لە ئێران و لە کوردستان زۆر دەنگی دایەوە. ئەو شیعرەت کاتی خۆی بەچ مەبەست و بۆنەیەکەوە هۆنییەوە؟!**

و: شیعری "تفەنگ"، چیرۆکی تەنیایی من و تەنیایی هەموو مرۆڤێکی بندەست و ژێرستەمە کە بە زمانی "تفەنگ" ەوە لە گەڵ زۆرداران و بکوژاندا دەدوێ. بۆ بەربەرەکانێکردن لەگەڵ ستەم و بێدادیی، چەک کاریگەرترین ئامرازی دەستی زۆرلێکراوانە، هەر ئەوەش بوو کە تفەنگ، سەرئەنجام لمۆزی رژێمی ستەمکاری پاشایەتیی لە خاک و خوێنەوە وەردا و لە نێوی برد. ئەگەر لە کوردستاندا شیعری "تفەنگ" ناوبانگی دەرکرد، لە بەر ئەوەیە کە ستەمێکی گەلێک زۆرتر بەرامبەر کوردستانی سەربەرز دەکرێ و، نەتەوەی مەزن و دلێری کورد، باشتر و رۆنتر پەیامی چەکیان وەرگرت. چۆنکە بە درێژایی مێژوو بەخوێن و چەک، بە سەتان داستانی دلێری و نەبەردی پرشانازییان تۆمار کردووە. نەتەوەی کورد لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیاندا بوون، لە ڕێگەی وتووێژەوە هیچ کاتێک نەیانتوانی بە ئامانج و مافەکانی خۆیان بگەن، چۆنکە رژێمەکانی داگیرکەریان هیچ بڕوایەکیان

بەوە نەبووە و نییە کە مافێک بۆ نەتەوەی کورد بسەلمێنن، هەربۆیە، بارودۆخی داسەپاویان حوکمی پێکردوون کە وەک تاکە پشتیوان، دەست بۆ چەک بەرن.

ئەورۆکە پێموایە نەتەوەی کورد، زۆر بیر لەچەک ناکاتەوە، چۆنکە ئاڵوگۆڕ بەسەر دنیا دا هاتوون و، چالاکیی فەرهەنگی و دیپلۆماسی و، وتوویژی سیاسیی لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بوونەتە ئالتەرنەتیڤ و ڕێگەچارە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەدام تا زەمانێ کە زۆردار و ستەمکار هەن، چەکیش دەبێ ببێ، هەرچەند من خۆم بڕوام بە کاری فەرهەنگی هەیە، بەڵام لە کانگای دڵەوە ئێستەش هەر دەڵێم: "تفەنگ دەردت وەجونم...".

ئەوەی کە بە چ بۆنەیەکەوە، هۆنراوەی "تفەنگ"م نووسی، دەبێ بڵێم، من لە ڕەگ و ریشەوە کوردم، بەڵام بە هۆی بارودۆخی تایبەتی لۆڕستانەوە، نەمتوانیوە زمانی کوردی فێربم، تا هەندازەیەک لە زمانی کوردی دەگەم و، بە زاراوەی کەلوڕی تا رادەیەک دەتوانم قسەبکەم. دایکم لۆڕە و لە لۆڕستاندا گەورە بووم و، بە لەهجەی لۆڕی قسەدەکەم و شیعر دەنووسم. لەو روانگەوە ریشەی کورد و لۆڕ یەکە، لەو کاتەوە کە خۆمم ناسیوە ئاگاداری خەبات و تێکۆشینی نەتەوەی کورد، بووم و هەم.

گوتم کە ڕووداوی **"سیاهکل"**، وەکو شەمچەیەک، ئاگری لە ڕەوان و هەستم بەردا، بەڵام ڕووداوی **"سیاهکل"** بە تەنێ نەبووە هۆی نووسینی هەڵبەستی **"تفەنگ"**.

بەڵکو شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی دلێری ڤێتنام، نەبەردی و ئازایەتی گەلی دلێری کورد، بەرخۆدان و بزاڤی ئازایانەی گەلی فەلەستین و نەتەوەکانی دیکەی بندەست لەسەر رووی زەوین، بەرامبەر بە ستەمکاران و دیکتاتۆرەکان، کە جگە لە خەباتی چەکدارانە هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان نەبوو، بوونە هەوێنی شیعری "تفەنگ".

پەیڤ و وشەی ستەمکار، زۆرداریی و وەرامی زۆرداریش بە دیالۆگ و ژیربێژی (منطق) نادرێتەوە. چۆنکە دەبێ هەر بە زۆر، وەرامی زۆردار بدەیتەوە، وەرامی چەک بە چەک.

کاتێ دەنگی نەتەوەی کورد بە هیچ کوێ ڕاناگا و، دوژمنانی نەتەوەی کورد، بە پێشکەوتووترین چەک و چۆڵی جەنگییەوە، دەیان هەزار کوردی بێتاوانیان کوشت و دەزگە نێودەوڵەتییەکانیش هیچیان بە هانای کوردەوە نەهاتن، پیاوان و ژنانی کورد بە چەکی دەستیانەوە ئاوارەی چیاکانی بەرزی کوردستان بوون، لەو کاتەدا چ ستران و سروودێک جوانتر لە شیعری تفەنگ هەیە؟

یەکەمین گرێی کوێری نەتەوەی کورد، لە پەرشوبڵاوی و جوگرافیای ولاتەکەیەتی، کە هێشتا ئەم بابەتە وەک پێویست نەبووەتە کێشەیەکی مرۆڤانە لای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی. زانایان و دڵسۆزانی کورد، پێویستە خۆیان و نەتەوەکەیان بپارێزن لە بەرپابوونی شەر و خوێنڕشتنی نێوخۆیی و، تێبکۆشن بۆ ئەوەی کێشەی نەتەوەکەیان بەرەوڕووی کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی

بکەنەوە و،کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ناچار بکەن گرنگی و بایەخ بدات بە کێشەی نەتەوەی کورد و، دەستنیشانی ڕێگە و شێوازەکانی چارەسەرکردنی بکەن. ڕێگە بە دەستە و تاقم و حیزبی شەڕخواز نەدرێ کە نابەرپرسیارانە و بە ناوی نەتەوەی کوردەوە، شەڕ و ئاژاوە سازبکەن.

کوردستانی دوێنێ و، کوردستانی ئەوڕۆ، دوو لێکدانەوەی جیاوازن، ئەم جیاوازییەش لەو رووەوەیە کە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە لە نێوچەکەدا روویانداوە، سەددام حسێن لە سەر دەسەڵات لابراوە و، ئەمریکا هاتووەتە کوردستانەوە. ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ئیتر توانای ئەوەی نەماوە، ناسیۆنالیزمی کورد سەرکوت بکات، ئەگەرچی نەتەوەی گەورە و خۆڕاگر و سەربەرز و تێگەیشتوو و، مرۆڤدۆستی کورد، زۆ مرۆڤتر و کەرامەتبەرزترە لەوەی کە بیەوێ پاداشی خراپکارییەکان بداتەوە و، تۆڵەی خۆی لە گەلی عەرەب بکاتەوە، بەڵکو نەتەوەی کورد دەیەوێ، لەم دەرفەتە مێژووییە کە هەڵکەوتووە بۆی، رزگاریی خۆی مسۆگەر بکا. بەڵام، کۆمەڵێک کەند و کۆسپی گەورە لەسەر ڕێن و ناهێڵن نەتەوەی کورد بگات بە ئامانجی خۆی. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بکەین بە ناکۆکی و ململانێی نێوان دوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان، (**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕێبەریی مام جەلال تاڵەبانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە ڕێبەریی مەسعوود بارزانی**). ئەم دوو حیزبە سەرۆکایەتیی نەتەوەی کورد لە باشوور دەکەن و، نەتەوەی کورد بە ڕێز و پێزانینەوە دەڕوانێتە

خەبات و تێکۆشینی دەیانساڵەیانەوە، بەڵام لە باتی ئەوەی کە ئەم دوو حیزب و سەرکردەیە، ڕەمز و سومبولی یەکگرتن و تەبایی و هاوکاریی هەموو نەتەوەی کورد بن، لێیان بووەتە شەڕی دەسەڵات و، بەجارێ "ڤین" (ارادە)ی نەتەوەی کورد لەبیر کراوە. ئاشکرایە ئەم کێشە و ناکۆکییەیان لای کورد و بێگانە شاراوەنییە و، تا ئێستا لەو رووەوە زیانێکی زۆریان لە کێشەی رەوای کورد داوە.

دەسبەسەرداگرتنی دەسەڵات، بەبی را و رەزامەندیی گەل، دیکتاتۆری لێ دروست دەبێ، دیکتاتۆریی سیاسیش، دیکتاتۆری ئابووری بە دوای خۆیدا دێنێ. باشترین رێگەچارە و ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەم دوو حیزبە و، پارتی و رێکخراوەکانی دیکە ئەوەیە، بەجێگەی شەڕی دەسەڵات و، کۆبوونەوە لە پشتی دەرگەی داخراو، با بێن و مل دانەوێنن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێمۆکراتیک، کە دەسەڵات لە ڕێگەی گەلەوە لە نێوان حیزبە سیاسییەکانیدا دابەشکرێ. ئەم دوو حیزبە هەر چەندە گەورەبن و خۆیان بە گەورەبزانن، بەڵام هەموو نەتەوەی کورد نین و، ناتوانن بە ناوی هەموو نەتەوەی کوردەوە بڕیار بدەن. پێویستە جەوێکی کراوەی سیاسیی بۆ خەڵک پێکبێنن. دەبێ رێبەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، زەوینە بۆ گشتپرسییەکی سەرتاسەریی خۆشبکەن و، دەستوورێکی تایبەت بەو کارە ئامادە بکەن و، لایەنەکانی دژبەر کە بیروڕای جیاوازیان هەیە، لە میدیا و راگەیاندنی گشتی و رۆژنامە و تەلەفزیۆندا پێکەوە دابنیشن و ئازادانە بەرنامە و

بیروبۆچوونی خۆیان، لە ئێستا و داهاتوودا، بە گوێی خەڵک بگەیەنن. ئەگەر بێتوو ئەم کارە نەکەن، ئەوا داهاتووی نەتەوەی کورد تاریک و لێڵ دەبێ و هەر لە ئێستەوە دەبێ پێشبینیی سەرهەلدانەوەی شەڕی نێوخۆیی بکەین. دیمۆکراسی فرموڵی هەیە و یەکەم مەرجی کارپێکردنی، پرس کردن و ڕێزدانانە بۆ بیروڕای خەڵک.

لەلایەکی دیکەوە، نەتەوەی کورد نابێ بە بوونی ئەمریکا لەسەر خاکی خۆی دڵخۆش بێ، چۆنکە مانەوەی ئەمریکا لە کوردستاندا هەمیشەیی نییە، جگە لەوە ئەمریکا دڵی بۆ نەتەوەی کورد نەسووتاوە کە پێیناوەتە نێوچەکەوە، ئەمریکا، شوێن بەرژەوەندی و پرۆژەی کورتخایەن و ستراتیژی خۆی کەوتووە. ئەمریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانەکانیان بۆ بە دەستەوەگرتنی رۆژهەلاتی ناڤین هاتوون، نەک بۆ رزگاریی نەتەوەی کوردا! ئەوەش لە نەتەوەی کورد دەخوازێ تا بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی لەم قۆناخە گرنگ و مێژووییەدا بناسێ و کاس و کەمتەرخەم نەبێ، ئەگەر ئەو دەرفەتە نەقۆزێتەوە، ئەوا زۆر ناخایەنێ کە بە ناو و درۆشمی فریوکارانەوە دەکەوێتە نێو داو و تەڵەی داگیرکەر و کۆلۆنیالیستێکی تازەوە. هەر بۆیە لەیەک وشەدا دەڵێم: "هەست بە مەترسی دەکەم....!".

دەرفەتێک بە دەستەوە نەماوە، داهاتوویەکیش بۆ نەتەوەی کورد نابینرێ، چۆنکە پێویستیی بوونی دوارۆژێکی رۆناک،

داڕشتنی بەرنامەیەکی ڕۆشنە. حیزب و ریکخراوەکانی کوردستان ئەگەر لەم دەرفەتەی کە هەڵکەوتووە، بە هۆشیاری و زانستی کەڵک وەر نەگرن، بەرەوڕووی داهاتوویەکی لێڵ دەبن، ئاشکرایە ئاکامی نەبوونی ستراتیژی سیاسیی، کەوتنە نێو داو و تەڵەی سیاسییەوەیە.

من لەو باوەڕەدام کە هەمیشە چاوێکی نەتەوەی کورد لە خەودایە، یان باشترە بڵێم، هەندێ دەست لە کاردان بۆ ئەوەی نەهێڵن نەتەوەی کورد بە هەر دوو چاوی تەماشای خۆی و دەوربەری بکات! ئەگەر هەروا چاوەڕوان بێ، بەرەوڕووی تاوان و زیانی گەلێک قورس و گران دەبێتەوە. جا بۆ پێشگرتن لە کارەساتی وا، پێویستە کورد هۆشیار بێ و ماف و داخوازییەکانی بە تەواوەتیی بناسێت. شارەزایان و پسپۆرانی بواری فەرهەنگی، لە بارودۆخی ئەوڕۆدا ئەرکێکی گەلێک گەورە و مێژوویيان لەسەرە. پێویستە خۆ بپارێزن لە بیری تەسکی حیزبایەتی و دەستە و دەستەگەرێتی و، لە سەرتاسەری کوردستاندا لەگەڵ خەڵک بدوێن و مافی رەوای خۆیانیان پێ بناسێنن، چۆنکە بناخەی کاری سیاسی، کاری فەرهەنگییە و، تا زەمانێ نەتەوەیەک لە ڕووی فەرهەنگییەوە هۆشیار نەبێ، هۆشیاری سیاسیی پەیدا ناکا.

کاری فەرهەنگی لە رکێف و ژێردەسەڵاتی هیچ حیزبێکی سیاسیدا نییە. هەر حیزب و رێکخراوەیەکی سیاسی، تێدەکۆشێ روانگەی تەسکی خۆی لە چوارچێوەی فەرهەنگی سیاسی و حیزبی خۆیەوە

پێشکێش بە جەماوەر بکا، کە ئەمە دیکتاتۆری فەرهەنگیی-حیزبییە. کاری راستینەی فەرهەنگیی، کاری زانایان و شارەزایان و پسپۆرانی بێلایەنە کە ناحیزبین و بە شێوەیەکی گشتگر و بەربلاو هەموو لایەنەکان هەڵدەسەنگێنن و، خەڵکی خۆیان بە مێژوو و، فەرهەنگ و مافی کۆمەڵایەتی و تاک و، هەروەها ئەرکیان بەرامبەر بە نیشتمانەکەیان و، ئێستە و داهاتووی وڵاتەکەیان ئاشنا دەکەن....

ئەگەر لە تەوەری " هۆش "(عقڵ) و "ژیربێژی" (منطق) ەوە، تەماشای هەلوومەرجی ئەورۆی کوردستان بکەین، دەبینین کە هیچ شتێک روونەداوە.

وڵاتێکی گەورەی ئیمپریالیستی هاتووەتە نیوچەکە، بکوژێکی وەکو سەدام حسێن و حیزبی بەعسی لەنێوبردووە، ئەگەرچی لەنێوبردنی رژێمی سەددام، دەسکەوت و دیارییەکی گەورەیە بۆ نەتەوەی کورد، بەڵام دەبێ بزانین کە لابردنی سەددام و ئەو گۆڕانکارییانەی روویانداوە لە دەرەوەی " ڤین" (ارادە)ی نەتەوەی کوردەوە بووە و، زلهێزێکی وەکو ئەمریکا ئەو کارەی ئەنجامداوە. جا ئەگەر ئەمڕۆ حیزبەکانی کوردستان و نەتەوەی کورد رانەچڵەکێن و ئەو دەرفەتە هەڵکەوتووە بۆیان بە شێوەیەکی زانستی و ژیرانە نەیقۆزنەوە، ئەوا سبەینێ زۆر درەنگ دەبێ! چۆنکە ئەگەر ئەمڕۆ گۆڕانکارییەکان بەم شێوەیە روویان دا، هیچ گەرەنتییەک نییە کە سبەینێ ئاڵوگۆڕەکان بە بارێکی دیکەدا روو نەدەن، هەر گۆڕانێکیش بێت، لە دەرەوەی توانا و ڤینی گەلی کوردەوە دەبێ. بۆیە پێویستە بە هۆشیارییەوە مێشک و قەڵەم

بکەونە کار و دوور لە بیری تەسکی حیزبایەتی و دەمارگرژی و پاوانخوازییەوە، زەوینە خۆشبکرێ بۆ بڕیارێکی چارەنووسساز لەلایەن نەتەوەی کوردەوە و، چارەنووسی نەتەوەی کورد، بسپێردرێ بەخۆی! ئەمەش بەبێ ئەنجامدانی ریفراندوم و دارشتنی بەرنامەیەکی دریژخایەن نایەتەدی. پێویستە حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان، تا کات بەسەر نەچووە، خۆیان و نەتەوەی کورد لەم دۆخە پڕهەستیار و مەترسیدارە رزگار بکەن، چۆنکە سیاسەتی حیزبایەتیی، تەمەنێکی کورتی هەیە، بەلام ڤینی نەتەوەیەک بۆ هەمیشە راوەستاوە و، تەنێ ئەو حیزبانە سەرکەوتوو دەبن کە خۆیان بە خزمەتکاری خەڵک بزانن و، بە دەنگدانی زۆربەی جەماوەر هاتبێتنە سەرکار.

**پارت و حیزبەکانی کوردستان، چوار رێگەیان لە پێشە!**

1/ رێگەی یەکەم ئەوەیە، پارتی و رێکخراوەکانی کوردستان، ببن بەگوێڕایەڵ و گوێ لەمستی ئەمریکا و، بە ویست و ئارەزووی ئەو کاربکەن، ئەوا ئەمەیان نەتەنیا بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردی تێدا نابێ، بەڵکوو کوردستان دەبێتە کۆڵۆنییەکی نوێ و ناچار دەبن بۆ مانەوەی خۆیان بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد بفرۆشن بە ئەمریکا، زۆر سروشتییە، لەم نێوەدا دۆڕاوی سەرەکیی نەتەوەی کورد دەبێ.

2/ رێگەی دووەم ئەوەیە، پارتی و حیزبەکانی کوردستان، تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد بکەنەوە، کە ئەمەش بە دڵخوازی ئەمریکا نابێ و، درەنگ، یان زوو هەموویان لەنێو دەبا

و، دەبنە قوربانی پیلانی سیاسەتبازان، چونکە بیری زانا پێماندەڵێ، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان پووڵی خوڕاییان نییە کە لەشکرکێشییان بەرەو نێوچەکە کردووە، بەڵکوو مەبەستیان بەرژەوەندیی درێژخایەن و کورتخایەنە، ئەزموونی رابردووی سیاسی لە جیهان ئەم راستییە دەسەلمێنێ.

3/ رەنگە هەندێ لە حیزب و ریکخراوەکانی سیاسی کوردستان، بیانەوێ بەرژەوەندیی ئەمریکا بپارێزن و، لە پشتی پەردەوە لە بارەی بەرژەوەندیی کوردەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمدا ساتوسەودا بکەن. هەندێکی دیکەش بیر لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد بکەنەوە و، ئامادە نەبن لە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان لەگەڵ ئەمپریالیزمدا رێبکەون، لەو کاتەدا هیچ شکی تێدا نییە کە دەبێتە شەڕی نێوخۆیی لەنێوان حیزب و لایەنە کوردییەکاندا.

4/ رێگەی چوارەم ئەوەیە، هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، رێگە بدەن بە گەلی کورد تا لەسەر کێشە چارەنووسسازەکان خۆی بڕیاربدا! بەمجۆرە پشتیوانی و هێزێکی گەورەی نەتەوەیی پاڵپشتیان دەبێ و، هەموو پێوەندی و هاوکارییەک لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر بناخەی دەنگدان و رای ئارەزوومەندانەی نەتەوەی کورد رێکدەخەن و کاری پێدەکەن، بەم شێوەیە، هەم خۆیان دەمێنن و هەمیش بە قازانجی نەتەوەی کورد تەواو دەبێ...

رێگەی پێنجەمێک نییە!

لەبیرمان بێت دەسەڵات بەبێ پشتیوانیی گەل، بێڕەوشتی بە دوای خۆیدا دێنێ، ئەوانەی کە بیر لە دەسەڵاتی خۆیان دەکەنەوە، جگە لە "نوقمبوون لە بێڕەوشتییەکی تۆخ و زەق"، (فساد مطلق)، هیچ دەسکەوتێکی دیکەیان نابێت!

لەگەڵ ئەپەڕی ڕێزم...

حشمەتوڵڵا شەفیعیان

ئۆسلۆ/ نۆروێژ

بەهاری2004 ی زاینی.

# پەراوێز!

**1/ سیاهکل** (سیاهکەل)، **نێوی گوندێکە لە باکووری وڵاتی ئێران. ڕووداوی "سیاهکل"، ساڵی** 1349 **ی هەتاوی بەرامبەر بە**1970 **ی زاینی ڕوویدا و کۆمەڵێک ئەندامی "ڕێکخراوی چریکەفیداییەکانی گەلی ئێران" کە لە دژی ڕژێمی شا، شەڕی چەکدارییان دەکرد، هەڵیانکوتایە سەر، پێگەیەکی ڕژێم لە "سیاهکل". دواتر هەموویان گیران و، لەلایەن دەزگەی "ساواک" ەوە گوللەبارانکران، بەڵام ئەو ڕووداوە لە سەردەمی حکومەتی شەوەزەنگ و تاریکی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشادا دەنگی دایەوە.**

**2/ " چیتەجا"** (ڕەشماڵ)- **چواردیوارییەکی تەنک و ناسکە بەوێنەی هۆدە، لە زەل و قامیش دروستدەکرێ، بەو شێوەیە کە قامیشەکان لە تەنیشتی یەکەوە دادەنێن و، بە دەزوویەک کە لە مووی بزن دروستکراوە، بە ڕێکوپێکی و بەرامبەر یەک،، قامیشەکان پێکەوە دەبەستن. لە وەرزی بەهار و هاویندا ئەم "چیتەج" یە لەلایەن گوندی و ئەو کۆچەرییانەی خاوەن مەڕ و ماڵاتن لە دەشت و هەواردا هەڵدەدرێن، بۆ ئەوەی گەرما و تینی زۆری هەتاو کاریان تێنەکا.**

# گوتوویژ

# لەگەڵ پسپۆڕ و زانای مێژوو، دوکتۆر جەمال ڕەشید:

-----------------



ئەم گفتووگۆیە، ساڵی 2007 لەلایەن نووسەری ئەم بەرهەمە (سیروان کاوسی) ئامادەکرا بۆ بڵاوکردنەوە لە رادیۆی رۆژاوای کوردستان کە بەرنامەکانی لەسەر سەتەلایت پەخشدەکرا. پێشکێشکردنی ئەم گفتووگۆیە، لە لایەن بەڕێز "شیلان کوردیی" یەوە بوو. هاوبیری هێژا و نیشتمانپەروەر و دڵسۆز کاک شوان بەرزنجی کاری دەنگ و ئامادەکردنی لەسەر کاسێت ئەنجامداوە.

ساڵی 2008 ی زاینی، ئەز (سیروان کاوسی) کۆی وتووویژەکەم تایپ و هەڵەبڕ کردووە و لەسەر شێوازی ڕێنووسی کۆنگرە دامڕشتووە و، لە پێنج بەش و، وەک زنجیرە بابەتێکی مێژوویی، لە گۆڤاری (کۆنگرە)، لە ژمارەکانی (40) و (41) و (42) و (43) و (44) و (45) دا بڵاوم کردووەتەوە.

❋ ❋ ❋ ❋


**ڕێزدار دوکتۆر جەمال ڕەشید، ڕۆژ باش و سوپاس بۆ ئامادەبوونتان لەم وتووێژە**

**زانستی و گرنگەی کە پێوندیی بە مێژووی کەونارانی کورد و، ناسنامەی کورد و گەلانی سەردەمی میزۆپۆتامیاوە هەیە. یەکەم پرسیارمان بە وشەی تاریخ دەسپێدەکەین. وشەی "تاریخ" و نووسینی "مێژوو" یان "تاریخ"، لە چ زەمان و قۆناخێکی مێژووی و لە لایەن چ گەلێکەوە بەکار هێنراوە؟**

**د. جەمال رەشید:** بەڵێ، وشەی **"تاریخ"** ی عەرەبی، لە کوردی دا "دیرۆک" یان "مێژوو"، لە ئینگلیزیدا "هیستۆری" (History)، پێدەگوترێت. لە زمانە سلاڤییەکان دا، (رووسی، بولگاری، چێکی، سێربی، پۆلۆنی، مۆرافی، ئۆکرانی، بیلۆرووسی و سلۆڤێنی) بووەتە "هیستۆریا".

**تاریخ** و **هیستۆری** هەردووکیان لە بنەڕەتدا دوو وشەی یۆنانین. یەکەمیان لە وشەی "ئەرەخاییۆس" داڕێژراوە، (واتە گەڕان بە شوێن رووداوە کۆنەکان دا). لە زمانی عەرەبیدا کرداری (أرخ، یوءرخ، موءرخ)ی لێ پەیدا بووە. دووهەمیشیان لە وشەی **هیستۆریا** داڕێژراوە، واتە (داستان یان چیرۆکە ئەفسانەییەکان)، کە لە عەرەبی دا (الاسطورة)ی لێ داڕێژراوە، کە لای یۆنانییەکان کار و کردەوەکانی خوداوەندانی تێدا باس دەکرا. وشەی دووەم کە هیستۆری یان هیستۆریایە، دیسان دەگەڕێتەوە سەر وشەی **هیستۆریای یۆنانی**، بەڵام کاتێک لە سەدەی پێنجی پێش زایندا، بیری فەلسەفی لە وڵاتی یۆنان بووژایەوە، **"هێرۆدۆت"** لەشاری **"هەلیکەرئاسۆس"** کە کەوتبووە سەر زەریای سپی لە باشووری **"ئەنادۆل"**ی ئەمڕۆ، دیرۆکی جیهانی پێش خۆی، بە ناوی **هیستۆریا** بڵاوکردەوە، واتە کتێبەکەی ناوی **هیستۆریایە**. بەڵام

نێوەرۆکەکەی نەک بەشێوەی ئەفسانە، بەڵکوو بەشێوەی دیرۆک، یان تاریخ نووسیوەتەوە. چۆنکە مەبەستی لەم کارەی خۆی تۆمارکردنی کردەوەکانی مرۆڤ و گەلانی سەرڕووی ئەم



زەمینە بوو، نەک کاری خوداوەندانی ئاسمان. بەم جۆرە هێرۆدۆت توانی بەرگی زانستی بکاتە بەر وشەی (هیستۆریا). هەر بۆیە تا وەکوو ئێستا هێرۆدۆت بە باوکی مێژوو دەناسرێت، واتە مێژوو وەک زانست، بۆ یەکەمجار لە وڵاتی یۆنان لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین، بەدەست هێرۆدۆت دەسپێدەکات.

**پ: زمان چۆن درووستبوو؟ لە ڕووی زانستی زمانناسییەوە ئەو قۆناخ و هۆکارانەی لە پەروەردە و پێگەیاندنی زمان رۆڵیان هەبووە کامانە بوون؟**

**د. جەمال رەشید:** هەر چەندە ئەم پرسیارە وەڵامەکەی زۆر دوور و درێژە، بەڵام زۆر بە کورتی دەیڵێم: بێگومان زمان ئامرازێکە، مرۆڤ توانیویەتی پێی ئەو هەست و پێویست و بیروباوەڕانەی خۆی بە هاودەمێک، یان کۆمەڵێکی خۆی بگەیەنێت، ئەویش بە گواستنەوەی هەست و بیری، لەڕێی چەن دەنگێکەوە بۆ پلەی "دووان". ئەو دەنگانە لە سەرەتادا بەرپەرچی دەنگەکانی سرووشت

بووه و، پله به پله دەسکاریکراوه. جا بۆیه له گەڵ داهاتنی ژیانی کۆمەلایەتیی، زمان وەک دیاردەیەکی مێژوویی، له زۆر شوێنی ئەم زەمینەمان دا سەریهەڵداوەتەوه. له هەر پلەیەکی ئەم مێژووەش دا و له شوێنێکی تایبەتی ئەم زەوینەدا، زمان دەسنیشانی پێکهاتووی کولتوورێکی تایبەت دەکات. له گەڵ پەیدابوونی نووسین، تێکستەکان بۆیان هەیه ببنه کلیلێک بۆ لێکۆڵینەوەی کولتووره هەمەجۆرەکانی گەلان و جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ و هەستەکانی، سەبارەت به چەرخی مێژوویی و دیاردەکانی جیهانی دەوروبەری. مەبەستم لەم قسەیه ئەوەیه، کاتێک مرۆڤ تەنیا ژیاوه، زمانی نەبووه، بەڵام کاتێک کۆمەڵ درووست بووه و تێکەڵ بووه (له کتێبێکی خۆم دا باسی ئەمەم کردووه!)، به پێچەوانەی مارکسیستەکان که دەڵێن: ئابووری و پێویستیی ئابووریی وایکرد کۆمەڵ پەیدا بێت! من دەڵێم وا نییه بەڵکوو پێوەندیی "سێکشوەڵ" یان پێوەندیی خۆشەویستیی نێوان نێرومێ یەکی خستن. چۆنکه ئەمه دیاردەیەکی سروشتییه، نەک دەسکرد. بابەتی پێوەندیی ئابووریی، بابەتێکی دەسکردە. پەیدابوونی زمان و نووسین له مێژوودا، گەورەترین و گرنگترین کاری مرۆڤایەتییه و گەلانی ئەم جیهانه به هەموویان، هاوبەشن له پێشخستنی ئەم دیاردەیه. له زۆرێک له تابلۆ کۆنەکاندا ئێمه ئەم بۆچوونانه دەبینین که وا زمان و نووسین له خوداوەندانەوه پێشکێش به ئادەمیزاد کراوه، وەک له تێکسته سۆمەری و بابلی و ئەکەدییەکان دا بەرچاومان دەکەویت، که دەڵێن: زمان یان نووسین

دیاردەیەکی خوداوەندانەیە بۆ ئادەمیزاد. هەر لە بەر ئەم بۆچوونەشە کە وا لە سەرەتای هەر وشەیەک دا، نێوی خوداوەند بەشێوەی (ئەل) تۆمار کراوە و، ئەمڕۆ ئەم ناوە بە دووبارە کردنەوەی (ئەل ئەل واتە الله) لە جیهانی موسڵمانانیدا بووەتە ناوی خودا و لە بەر ناساندنەوەی ناوەکان نیشانەی (معرفە) لە زمانی عەرەبی دا هێشتا ئەم بڕگەیە وەک پێشگر دەکەوێتە بەر ئەم ناوانە، بە وێنە "البیت" (ماڵ، خانوو)، "الرجل" (پیاو)، "السماء" (ئاسمان)، "البحر" (زەریا) ...هتد.

جا بێینەوە سەر بابەتی قۆناخ یان هۆکان!

دەڵێین قۆناخ و هۆکان لە پەروەردە و پێگەیاندنی زمانی مرۆڤ هەمەجۆرن، وەک قۆناخی سەرەتایی زمان، کە مرۆڤ لەم قۆناخەدا تەنیا لاسایی دەنگی دیاردەکانی سروشتی کردووە و، دووبارەی کردوونەتەوە. لێرەدا من دەتوانم چەن نموونەیەک بێنم، وەک، کە ئاوی بینیوە شۆڕ بووە، ئاوەکە لە شاخێکەوە بۆ خوارەوە، پێی دەگوت: "خوڕ خوڕ". ئەمە لاساییکردنەوەی دەنگی خوڕەی ئاوە. یان لە شوێنێکی داوە و، دەنگێکی لێ پەیدا بووە، پێیگوتووە: "تەک تەک"، کە ئەمە دووبارە کردنەوەیە. کە پشیلەیەکی دەبینی "پش پش" ی پێدەگوت، یان سەگێکی دەبینی "عەو عەو" ی پێدەگوت، ئەمە لاساییکردنەوەی دەنگەکانی سروشتە. ئەمڕۆ لە زۆر زمانانیدا دەبینین ئاسەواری ئەم زمانە کۆنانە ماون. بە وێنە لە کوردیدا وشەی (مامە) کە (مامە) واتە دایکی لێداڕێژراوە. هەروا (کاکە و بابە و دادە) هێشتا بەکار دێن.

**واتە ئەم زمانە وەک زمانێکی کۆنسەرڤەتیڤ، داب و نەریتی کۆنی پاراستووە. لە گەڵ پێشکەوتنی باری ژیان، زمانیش پێشدەکەوێت.** زمان بە چەن قۆناخیک تێپەڕیوە و، ئاین و ئاینزا و تەکنۆلۆژیا و وێژە (ئەدەب) و زانست لە پێشکەوتنی زمانا رۆڵی گەورەیان بینیوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە وا هەندێک زمان لە تێکەڵبوونی چەن شێوەزارێک پەیدا دەبێت، یان چەن شێوەزارێک لە زمانێک پەرشوبڵاو دەبێتەوە. **واتە پەیدابوونی زمان دوو رەگی هەیە، یان دوو سەرەتای هەیە.**

1- **زمانێکە و دابەش دەکرێت.**
2- **چەن شێوە زارێکە و دەبێتە زمانێک.**

هێندێک جار شێوەزارێک خۆی دەسەپێنێتە سەر کۆمەڵانێک، وەک شێوەی زاری **"قورەیش"** بە سەر عەرەبەکان دا، ئەمەش هۆیەکەی بێگومان ئاینییە. جا ژیاندنەوەی ئەدەب و نووسین بەم **تاقەشێوەیە و، لە سنوورێکی فراواندا، بوو بە هۆی درووستکردنی** زمانێکی ئەدەبی. کەچی لە هەندێ شوێنی تردا جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندیی بازرگانی و ئابووریی دەبنە هۆی درووسبوونی شێوەی ئەدەبی. لەلایەکی دییەوە درووسبوونی دەوڵەت، وا دەکات شێوەزاری پێتەخت ببێتە زمانی فەرمیی دانیشتووانی. یان وەک **بولغاری** شێوەزاری نێوچەیەکی باکووری **بولغارستان** کە لەسەر رووباری **"دانووب"** ە، بووەتە شێوەزمانی فەرمیی دەوڵەتی بولغاریا.

**پ: ئایە مێژوو، بریتییە لە نووسینەوەی رووداو و کارەساتە**

**مێژووییەکان، یان لایەن و بواری دیکەش دەگرێتەوە؟**

**د. جەمال ڕەشید:** نا! بێگومان مێژوو بریتی نییە لە نووسینەوەی ڕووداو و کارەساتەکانی ڕابردوو، بەڵکوو ئەمڕۆ مێژوو یەکێکە لە زانستە هەرە گرنگەکان، کە بە یارمەتی زانستەکانی دی وەکوو ئەرکۆلۆگیا، فیلۆلۆژی، ئانترۆپۆلۆژیا و جیئۆلۆژیا و هەتا دوایی، ڕووداوەکانی کۆن لەسەر ڕووی زەویندا شیدەکاتەوە. لە نووسینی مێژوودا دەبێ لە هەموو ڕووداو و سەرچاوەکان بکۆڵدرێتەوە. هەر بۆیە لە وشەی "هیستۆریا" ی "هێرۆدۆتس" تاوەکوو سەدەی پێنجەمی پێش زاین، ئەم وشەیە بە ئەفسانە دەزانرا، بەڵام هێرۆدۆتس بەرگی زانستیی کردە بەری مێژوو. هێرۆدۆتس دەیگوت: "مێژوو هەر ئەوە نییە ڕووداوەکان بگرێتەوە، یان باسی ڕووداوەکانی تێدا بکرێت، بەڵکوو دەبێ باسی هۆی ئەو ڕووداوانە بەدەست مرۆڤایەتی لەسەر زەویندا بکرێت، نەک لە ئاسمان لەلایەن خوداوەندەوە، یان بە دەستی خوداوەندان ڕووی دابێ!".

**پ: دەتوانین بڵێین، دوو بەش و دوو دەستەی ڕۆشنبیر، لە نووسینەوەی مێژوودا ڕۆڵیان هەبووە و، هەیە. دەستەی یەکەم مێژووڤانن، دەستەکەی دیش مێژوونووس. بە بۆچوونی بەڕێزت، کام دەستە و گرووپ توانیویانە خزمەتی پێشخستنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەن و، لەبەر چێ!؟**

**د. جەمال ڕەشید:** ئەوەی مێژووڤان دەتوانین پێی بڵێین "مێژووان"یش. بەلای ئێمە مێژووان ئەو پسپۆڕەیە کە لە مێژووی

گەلێک یان وڵاتێک دەدوێت و توانایەکی زۆری هەیە لە بواری ئەو زانستانەدا کە یاریدەدەری زانستی مێژوون. مەبەستم ئەوەیە، کەسێک مێژووان بێت، پێویستە یەک دوو زمانی دی بێجگە لە زمانی خۆی بزانێت، یان هیچ نەبێت، زمانێکی مردوو بزانێت. یان دەبێ توانایەکی زۆری هەبێت لەو بوارەدا کە یاریدەری زانستی مێژوون. بەڵام مێژوونووس، نووسەرێکە ئەو توانایەی مێژووانی نییە، بە بۆچوونی ئێمە، مێژووان پتر توانیویانە خزمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤ بکەن، چۆنکە هەر ئەمان توانیویانە دیاردەکانی مێژوو بەڕاستیی شی بکەنەوە. مێژوونووسان هەمیشە وتەکانی مێژووانایان دووبارە کردووەتەوە و، زۆر جاریش لەبەر نەزانین مێژووەکەیان تێکداوە. زۆرجار من بە تەجروبەی خۆم بینیومە، هەتاکوو دوێنێش لە کەناڵێکی کوردی گوێم لێبوو، زۆر شتیان دەگوت، قسەکانی من بوون. بەلام ناویشم ناهێنن، ئەمانە مێژوونووسن. پێیان عەیبە، یان پێیان گرانە بتوانن سەرچاوەکان بدەنە دەست.

بەڵام مێژووان، هەموو سەرچاوەکان کۆدەکاتەوە و شییاندەکاتەوە، لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکا، ئەوجا پشت دەبەستێ پێیان. بۆ نموونە من لە ژیانمدا باوەڕم بە **"ئاشوور بانی پاڵ"** نەکردووە کە چووبێتە وڵاتی میسر. چۆنکە خۆی نووسینێکی بەدرۆی هەیە و، دەڵێ: **"چوومە میسر، ئەوەم کرد و ئەمەم کرد"**. لە کاتێکدا لە **فەلەستین** بەولاوە ترەوە نەچووە. جا من مێژووانم بۆیە ئەمە دەزانم، بەڵام مێژوونووسێک دەڵێ:

"ئاشوور بانی پاڵ چووە وڵاتی میسر، چۆنکە خۆی وا دەڵێ!".
یانی زۆر شت هەیە سەدام نووسیویەتی، من نابێ بڵێم ئەمە راستە، دەبێ لێی بکۆڵمەوە. یان کابرایەکی ترک، یان کابرایەک لەوانەی ناکوردن و مێژووی کوردیان نووسیوە، دەبێ لێی بکۆڵمەوە.

**پ: کۆنترین نووسراوی مێژوویی تا ئێستا دۆزرابێتەوە، سەر بە چ زمانێکە و لە چ نێوچەیەکی جیهان دۆزراوەتەوە؟**



**د. جەمال رەشید:** خۆشبەختانە ئەمڕۆ هەواڵێکم بیست کە پێوەندیی بەم پرسیارەتانەوە هەیە. دەڵێم، تاوەکوو ئەم دواییانە، وا باو بوو، کە کۆنترین نووسین، لە میسر و چین و مەکزیکۆ بەرچاو کەوتووە، بەڵام ئەوەی میسر بە کێشانەوەی وێنەی مارێک، یان باڵندەیەک کە بە هیرۆگلۆفی نێودارە، هەر لە پێش پێنج هەزار ساڵ بە شێوەی (**پیتکتۆگراف- نووسینی وێنەدار**) تاکوو چەرخی هیلینی و رۆمانی، واتە هەتا هاتنی ئەسکەندەری مەکدوونی بۆ میسر، هەر تەنیا لە وڵاتی میسر مایەوە، هەر لە میسریش مایەوە و، بە دەوروبەری میسر دا بڵاو نەبووەوە. وەکوو خەتی بزماری کە سۆمەرییەکان دایانهێنا،

بڵاونەبووەوە، کە ئەمیش لە بنەڕەتدا هەر بە شێوەی "ئایدیۆگرام" (واتە ئەوەی لە مێشکدا بوو، دەخرایە سەر قوڕ). پاشان شێوەی "پێکتۆگرافی" وەرگرت، واتە پلە بە پلە پێشکەوت و سووکتر بوو. بەڵام خەتی چینی هەر بە پەنجاهەزار نیشانەکەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەر مایەوە، کە بۆ زۆر کەس هاسان نییە بەکاری بێنێت.

جا خەتی بزماریش لەسەرەتادا هاسان نەبوو، بەڵام ئەکەدییەکان، ئاشووری و بابلییەکان، بەپێی پێویستیی ڕێزمانەکانیان، نووسینەکانی خۆیان بەم خەتە داڕشت. ئەوجا لە وڵاتی ئەنەدۆڵ و سووریا بڵاوبووەوە و، بەناوبانگترین تێکست لە سووریا دا کە بەم خەتە تۆمار کراوە، ئەوانەی "ئۆگاریتە" (ڕاست شمڕای– ئەوڕۆکە کەوتووەتە سەر زەریای سپی نێوەڕاست)، واتە گەلێک نەتەوە، بە پێچەوانەی هیرۆگلۆفی، ئەم خەتە بزمارییەیان قبووڵ کرد. بەڵام کاتێ خەتی "کەنعانی" و "فینیقی" پەیدابوون، کە لە 22 نیشانە پێکدەهات و شێوەیەکی هاسانی هەبوو لە تۆمارکردنی تێکستەکاندا، پاشان خەتی "ئارامی" داڕێژرا و خەتی بزماری و هیرۆگلۆفی لەنێوبرد کە لەم زۆر کۆنتر بوون. بەڵام ئەو خەتەی میسر وەک باسمان کرد، کەس قبووڵی نەکرد، لەبەر ئەوە مرد، نەما. بەم جۆرە سەرەتای نووسین کە دەگەڕێتەوە پێش پێنج هەزارساڵ، تییایاندا خەتی بزماری و هیرۆگلۆفی کۆنترن لە خەتی زمانە سامییەکان، چۆنکە

زمانە سامییەکانیش خەتی خۆیان هەیە، وەک کەنعانی و فینیقییەکان، عیبری و ئارامی. ئەمانە لە خەتی بزمارییەوە وەرنەگیراون، خۆیان ئەو خەتانەیان درووست کردووە. بەڵام لەم دواییانەدا چەن نیشانەیەکی نووسین لە "حەراپا" لە پاکستان دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی لەوەی سۆمەر و میسر کۆنترە. ئەم هەواڵە زۆر تازەیە. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە هێندستان دا جۆرە



خەتێکی نووسین هەبووە، لەنێوان 4000 ساڵ بۆ 2000 ساڵ پێش زاین بەکار هاتووە. کەچی مێژووی خەتی یۆنانی دەگەڕێتەوە ساڵی 800 ی پێش زاینیی. خەتی یۆنانی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر خەتی کەنعانی، یان فینیقی، واتە دەگەڕێتەوە سەر خەتە سامییەکان. بێگومان خەتی عەرەبی کە ئێستا کوردی باشوور پێی دەنووسێت، دەگەڕێتەوە سەر خەتە ئارامییەکە. ئارامییەکەش دەگەڕێتەوە سەر خەتە عیبرییەکە. یانی ئێستا "ئارامی" و "عیبری" کۆن دانێ، لە نووسیندا شێوەی یەک دەدەن. بەڵام عەرەب لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی دا، "خاڵ" یان بەکارهێناوە،

چۆنکه تا ئەوکات "خاڵ" نەبووە. ئێستا ئەگەر قورئانەکانی سەدەی یەکی کۆچیی، یان سەدەی دووی کۆچی تەماشا بکەی، دەبینی "خاڵ"ی نییە و بێ "خاڵ" نووسراوە و زۆر لە خەتی "ئارامی" دەچێت".

**پ: ئایە زانینی ڕووداوەکانی چەن هەزار ساڵ لەمەوبەر چ پێویستی و گرنگییەکی هەیە بۆ کورد؟ گەلانی دیکە چەن بایەخ دەدەن بە مێژووی رابردووی خۆیان و، کۆمەڵگەی مرۆڤ بەگشتی؟**

**د. جەمال رەشید:** بەڕاستی ئەگەر ئێمە لە مێژووی کورد بکۆڵینەوە، یان ناوی کورد لە مێژووی کۆندا شی بکەینەوە، دەبێ پشت بە خەتی بزماریی ببەستین. خەتی هیرۆگلۆفی دوورە لە ئێمەوە و تەنیا لە میسردا بەکار دەهات، لەویوە نەچووە دەرێ. بەڵام بزماریی وەکوو خەتێک بوو بە خەتێکی جیهانی و لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بڵاوبووەوە و تاکوو گەیشتە ئەنادۆلیا و لوبنان و سووریا و شوێنەکانی دیکە. هەروەها لەلایەن ئێرانییەکانیش بەکار هات. مێژووی خەتی بزماری کەی دۆزرایەوە و، لەلایەن کێوە دۆزرایەوە، من لێرەدا بەکورتی هەندێ رۆشنایی بخەمە سەر ئەم خاڵە. نووسینەکانی هەخامەنشی لە پرسەپۆلیس دا، هەروەها لە "بێستوون" دا یارمەتی ئەو کەسانەی دا کە دەیانویست لە خەتی بزماری بکۆڵنەوە. یەکەم کەس لەو بوارەدا کابرایەکی ئیتالی بوو بەناوی "پێترۆ دیڵەواری"، کە لە ساڵی 1621ی زاینیدا، لە گەشتێکی نێزیک پرسەپۆلیس توانی پێنج لە نیشانەکانی ئەم شارە لە گەڵ خۆی بێنێتە ئەورووپا، بەلام ئەو

پێنج نیشانەیە هیچ سوودێکی نەگەیاندە زاناکان بۆ شیکردنەوەی نووسینی بزماریی. لە ساڵی 1765دا، کابرایەکی ئەڵمان بەناوی "نیپوور"، نووسینەکانی پرسەپۆلیسی لای خۆی تۆمار کرد و لە ساڵی 1778دا بڵاوی کردنەوە. بەمجۆرە، بناخەی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەی ئەو خەتە داکوتا. هەروەها "نیپوور" وای بۆ چووبوو کە ئەم خەتی بزمارییە، سێ جۆرە و، یەکێکیان 42 نیشانەیە. پاشان کابرایەکی دیکە بەناوی "تیتسین"، لە ساڵی 1798دا توانی بزانێت کە وا ئەو بزمارە لارانە لەنێوان دێڕەکان دانراون، وشەکان لە یەک جیا دەکەنەوە. ئەوجا کابرایەکی دیکە بەناوی "مۆنتەر" لە ساڵی 1802توانی بزانێت کە وا ئەم تێکستانە، نووسینی پاشایانی هەخامەنشین و زمانەکەشی دەبێت نێزیکی زمانی "زەند ئاوێستا" ی سەردەمی ساسانی بێت، کە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان پێی نووسرابێت. هەروەها توانی بزانێت کە وا هەر سێ جۆرە نووسینەکە، باسی یەک رووداو دەکات. لە کۆتاییدا توانی وشەی "خشایشا" کە وا ئەمڕۆکە بووەتە "پادشا" بخوێنێتەوە.

دوای لێکۆڵینەوەی ئەم چەن زانایە، زانایەکی دیکە بەناوی "فرێدریک گرێفێند"، لەشاری "گۆیتینگێن" لە ساڵی 1802 توانی (42) نیشانە، لەم نیشانانە شی بکاتەوە و، لە کۆبوونەوەیەکدا ئەوەی سەلماند، کە وا ئەم نووسینە لە چەپەوە بۆ راست و نووسینەکە پێوەندیی بە ئەندامانی خێزانێکەوە هەیە کە لە ئێراندا دەسەڵاتدار بوون. ئەوانیش بێگومان بەپێی کتێبی "تەورات" دەبێ هەر هەخامەنشی بووبن، کە بە عەرەبی پێیاندەڵێن: "اخمینی".

کاتێک **گرۆفێند** بینی کە وا ئەم (7) نیشانەیە زۆرجار دووبارە دەبێتەوە، زانی ئەمە دەبێت نازناوی پاشایەک بێت. هەروەها جارجارە دووبارە دەبێتەوە، وەک بڵێی واتای **"پاشای پاشایان"** بێت. لەبەر ئەوەی داوونەریتی نووسینی ناوی پاشایان تا کۆتایی سەردەمی ساسانی هەروەکوو خۆی مایەوە و لە نووسینەکانی پاشایانی ساسانی دەبینین ئەم نازناوە وەک پاشای گەورە، پاشای پاشایان، پاشای ولاتان دەنووسرا. **گرۆفێند** هەروەها زانی سەرەتای تێکستەکان بەم نازناوە دەسپێدەکات. بۆیە توانی ناوی کەسایەتییەکان لە نازناوەکان جیا بکاتەوە. جا لەبەر ئەوەی یەکەم پاشای هەخامەنشی بەپێی سەفەرەکانی **"تەورات"**، **"کۆرش"**ە، دوابەدوای ئەمیش **"داریووش"**ە، بەلام کاتێک کە نیشانە بزماریەکانی بژارد، زانی کە ئەمە ناوی **"داریووش"**ە. بەم جۆرە ناوی کەسایەتییەکانی لە نازناوەکان جیاکردەوە. پاشان کە ناوی کورش و داریۆشی بەراورد کردەوە، تەماشای کرد **داریووش** حەوت دەنگە و **کۆرش** پێنج دەنگە، زانی درێژەکە ناوی داریۆشە. هەر بەم جۆرە زانی ئەم نووسینە دەبێت هی داریووش بێت و، ئەو نیشانەی دیکە کە لە تەنیشتیدا دەبینرێت، دەبێ ناوی باوکی بێت. بەوەدا دەزانرێت کە داریووش کوڕی **"هیستاسپ"** ە. کوڕەکەشی ناوی **"کسیرکس"**ە. جا **"فرێدریک گرۆفێند"** هەموو ئەم ناوانەی سنووردار کرد، بۆ ئەوەی بتوانێ وشەکانی دیکەش بخوێنێتەوە. بە یارمەتی پەرتۆکی **"زەند ئاوێستا"**، توانی شێوەی ناوەکە لە زمانی هەخامەنشی دا بدۆزێتەوە. چۆنکە لە **زەند ئاوێستا** ناوی

"**داریووش بە داریاهیووش**" نووسراوە. لێرەدا کاتێ سەیری ناوەکە دەکات دەبینێ بەشێوەی "**داریاهیووش**" نووسراوە. بەم جۆرە گرۆفێند زانی کە دەنگی نیشانەکانی **خشایشیا**، واتە "**پاشا**" و **داریووش** و **هێستاسپ** و **کسێرکس** بزانێت. پاشان زانایەکی فەرەنسی بەناوی "**بڕنۆڤ**"، زانیارییەکانی ئەم بوارەی دەوڵەمەند کرد، ئەویش بەدەسنیشانکردنی ناوی وڵاتان و گەلان بوو کە لە تێکستەکەدا تۆمار کرابوو. چۆنکە داریووش لە تێکستەکەدا باسی زۆر وڵاتان و ساترابەکانی خۆی دەکات، یەکێک لەوانە **ئەرمەنیا** (**ئەرمەنستانی ئەمڕۆ**). ئەوجا **بڕنۆڤ** ناوی ئەو ولاتانەی یەکە یەکە جیا کردەوە. هەروەها ناوی وڵاتانی لە گەلان و هۆزەکان جیا کردەوە. لە کاتێکدا زانیاران لە ئەورووپا سەریان بەم بابەتەوە قاڵ بوو، ئەفسەرێکی بریتانی بەناوی "**هێنری راویڵسێن**" کە لە سوپای ئێراندا کاری دەکرد، ساڵی 1835 کاتێک لە کرماشانەوە بەرەو هەمەدان دەچوو، تابلۆکەی داریووشی لەسەر چیای بێستوون بینی. ئەم ئەفسەرە بریتانییە ماوەی (20) ساڵ لەوێدا خەریکی نەخشکردن و تۆمارکردن و تۆمارکردنی تێکستەکانی ئەو تابلۆیە بوو. لە سەر چیاکەوە بە گوریس خۆی دەبەست و دەهاتە خوارێ، چۆنکە شوێنی ئەو تابلۆیە زۆر سەختە، هەروەکوو خۆمان دیومانە. لەوێدا **راویڵسێن** هەموو تێکستەکانی بەدەست خۆی نووسییەوە، کە زۆر دووردرێژن. جا لێرەدا نامانەوێت بە درێژیی ئەم بابەتە باس بکەین، بەڵکوو دەبێ بپرسین **راویڵسێن** چوون بۆی چووە کە بزانێ تێکستەکان بە سێ زمانی جیاواز

نووسراون؟ ئەم کابرایە تەماشای کرد لەنێوان تێکستەکاندا خەتێک کێشراوە، ئەوجا ئەو وای بۆچوو، کە هەر تێکستێک زمانێکی تایبەتە، بەڵام نێوەڕۆکی نووسینەکە هەر یەکە و، یەک کەسیش نووسیویەتی. لێرەدا نامەوێ باسی نیشانەکان بکەم کە ژمارەیان دەگاتە (400) نیشانە، واتە جۆرە نووسینێکە بە چوارسەت شێوە دەنگ دەنووسرێ و لە سەر ئەو شاخە سەختەدا تۆمار کراوە. ئەمە لە باوەڕی ئەرکیۆلۆژییەکاندا کارێکی زۆر گەورەیە. لەلایەکی دییەوە لە بەر ئەوەی تێکستەکانی **"بێستوون"**، بە سێ زمان نووسراونەتەوە، **راوێڵسێن** توانی بە خوێنندوەی تێکستە هەخامەنشییەکەوە کە بە ڕێی زانایانی پێش خۆی دۆزرابوونەوە، نیشانەکانی دیکەش بخوێنێتەوە. چۆنکە ئەو دەیزانی شێوە بزمارییە هەمەجۆرەکان چ دەنگێک بەدەستەوە دەدەن. ئەوجا کە ناوی **"داریووش"** یانخوێندەوە، دەیزانی پیتی (د) بە بزماری چۆن دەنووسرێت. کە سەیری کرد تێکستەکان نێوەڕاستیان **"ئەکەدی" (بابلی)** کۆنە، ئەوەی خوارەیان **"عێلامی"** یە. جا ئەم تێکستانە بوون بە ڕێگە و قامووسێک بۆ بەراورد کردنی وشە **بابلی** و **عیلامی** و **هەخامەنشییەکان**. لە کۆتاییدا بە ڕێگەی ئەم نووسینانە، ئەرکیۆلۆژییەکان توانییان تێکستەکانی **سۆمەری** و **بابلی** و **ئاشووری** و شوێنەکانی دی بخوێننەوە. بەڕێی بابلییەکان توانییان لە **سۆمەری** بگەن. ئەوجا کابرایەکی دیکە بە ناوی **"نۆریس"** سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زیاتری تێکستە کۆنەکان بەتایبەتیی **بابلی** بوو. بەڕێگەی کارەکانی راوێڵسێنەوە ئەمانە

توانییان هەموو تێکستە بزمارییەکان بخوێننەوە. بەرە بەرە چەن پسپۆڕێکیش لەم بوارەدا لە ئەورووپادا پەیدا بوون. هێشتا هەر لە سەدەی نۆزدەوە **"کۆمیتەی ئاسیەوی شاهانەی بریتانی"**، بەبێ ئەوەی پسپۆڕەکان بە خۆیان بزانن، ئەنجامی کارەکانیانی لە بواری خوێندنەوەی تێکستە بزمارییەکان، ناردە لای سێ کەسی جیاواز کە ئاگایان لە یەکتری نەبوو، بۆ ئەوەی بزانن وەرگێرانەکانیان تەواوە یان نا؟. کاتێ وەڵامەکانیان هات، هەرسێ وەرامەکان زۆر نێزیکی یەکتری بوون. ئەوجا کۆمیتەی ئاسیەوی شاهانەی بریتانی باوەڕی کرد کە وا ئەو وەرگێڕانانە هەمووی راستن و، هەموو تێکستەکانی بێستوون بە تەواوەتیی خویندراونەتەوە.

کاتێک لە ساڵی 1977 لە کتێبخانەی شاری **"لایدن"** لە وڵاتی هۆلەندا کارمدەکرد، هەموو کارەکانی راوێڵسێن مخوێندەوە. تێکستەکانیشیم بەدەسخەتی خۆی بینی، هەموویم کۆپیکرد. پاش راوێڵسێن، ئەو زانایانەی ناوم بردن، دوای خوێندنەوەی تێکستە کۆنەکان، هاتن لە رێزمانی بابلی و عێلامی و ئاشووری بکۆڵنەوە. لەراستیدا خەتی بزماریی وەکوو خەتێکی نووسین، لە دەورووبەری سێ هەزار ساڵ پێش زاین سەریهەڵدا و تاکوو سەدەی یەکەمی زاینی بەکار هێنرا. دوا پارچە نووسینێک بەم خەتە دۆزرابێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (50) ی زاینیی. دەبێ ئەوەش بزانین، بەهاتنی ئەسکەندەری مەکدوونی و لەنێوبردنی دەولەتی هەخامەنشی، کولتووری هیلینی لە رۆژهەڵاتدا بڵاوبووەوە. خەتی

**یۆنانی** زاڵبوو بەسەر خەتی بزماری و کزی کرد، بەڵام لە کۆتاییدا خەتی **ئارامی** هەر بە یەکجاریی لەنێو یبرد. خەتی **ئارامی** لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی پێش زاین بڵاوبووەتەوە. ئەوجا لەگەڵ داهاتنی سەدەی یەکەمی زاینی، کۆتایی بە خەتی بزماریی هات.

**پ: ئێستا با بێینە سەر ناوی کورد! مێژووی ناوی کورد، بۆ چ چەرخ و سەردەمێک دەگەڕێتەوە و، یەکەم جار ناوی کورد لەچ چاخ و سەردەمێکدا نووسراوە؟**

**د. جەمال رەشید**: با بڵێین مێژووی کورد وەک گەل و نەتەوەیەک لە کەیەوە دەسپێدەکات؟ یان وشەی کورد لە کوێ پەیدا دەبێ، یان چۆن پەیدا دەبێ؟ لە وەرامی ئەم پرسیارەدا دەبێ دوو پنت رەچاو بکەین، واتە دوو بابەت رەچاو بکەین: یەکەمیان مێژوو خۆی، کەی دەستپێدەکات؟ دووەمیان وشەی کورد بە چی واتایەک دەستپێدەکات و کەی دەبێتە ناوێکی نەتەوەیی بۆ گەلێکی تایبەت لە سەرووی میزۆپۆتامیا و لە چیاکانی زاگرۆس دا؟

بێگومان مێژوو هەر لە کاتی پەیدابوونی نووسین لە هەرێمی **سۆمەر و ئەکەد** دا، لە سێ هەزار ساڵ پێش زاینەوە دەستپێدەکات. هەر چەندە پێش ئەوەش هەوڵە سەرەتاییەکەی لە نێوەراستی هەزارەی چوارەوە دەستپێدەکا. واتە مێژوو لای ئێمە 5000 ساڵە دەستپێکردووە. خەتی بزماریش وەک گوتم یەکەمجار بە شێوەی **پێکتۆگراف** (وێنە) دەسپێدەکا و پاشان شێوەی ئایدیۆگرام وەردەگرێت. واتە ئەوەی لە مێشکتدایە بە نیشانەیەک مرۆڤ دەریدەبڕێت، بە دەنگ، وەک ئێستا نەبوو کە نیشانەکان پیت (حرف) بێت. وەک خەتی **چینی و ژاپۆنی** کە بە دەنگ دەیخوێنن.

**جا سەبارەت بە ناوی کورد، دەتوانین بڵێین کۆنترین تابلۆیەک کە ئەم ناوەی تێدا دەبینرێت، دەگەڕێتەوە کۆتایی هەزارەی پێش زاین، واتە نێزیکی** 2250 **ساڵ پێش زاین. ئەم تابلۆیە لەگەڵ کۆمەڵێک تابلۆی دیکە لە نێوچەی سەرووی رۆژهەڵاتی سووریای ئەمڕۆ، لەلایەن دەستەیەکی شوێنەوارناسیی بەلژیکی لە ساڵی** 1988 **دۆزرایەوە. ئەم تابلۆیە بە واتایەکی تۆبۆگرافی دێتە بەرچاو، مەبەستیشم لەمە، وشەی کورد بە شێوەی "کورددا" نووسراوە. لە نووسینی خەتی بزماریدا وا باو بوو کە هەر ناوێک دەبێ نیشانەی جنسی خۆی بۆ دابنرێت. واتە ئەگەر ناوێک هی خوداوەند بوایە، دەیاننووسی: "د" لە وشەی (دنگر) ەوە هاتووە، واتە خودا. جا ئەگەر ناوی گەلێک بوایە، بەشێوەیەکی دیکە دەیاننووسی. ئەگەر ناوەکە هی زەوی و وڵات بوایە نیشانەکەی "ک" بوو. بە ولاتیشیان دەگوت: "مات". جا لەو تابلۆیەدا نووسراوە "مات کورداکی"، واتە ولاتی (کورددا زەوی). بە بیروباوەڕی من، ئەمە کۆنترین بەڵگەیە کە ناوی کورد لە مێژوودا تۆمار کراوە. سەردەمی ئەم تابلۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی** 22 **یان** 23 **ی پێش زاین. مەبەستیش لەم ولاتە ئەم نێوچەیە کەوتووەتە سەر رووباری خابوور و دەوروبەری شاری حەسەکە و دەوروبەری جغجغە و تل الاسود لە سووریا. جا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە وا ناوی کورددا لە هەزارەی پێش زاین لەو هەرێمە ناسراو بووە و، ئەگەر ئەم ناوە پێوەندییەکی ئەتەمۆلۆژیی لە گەڵ ناوی کورددا هەبێت، ئەوا نێوچەی حەسەکە لە دێرزەمانەوە بەشێک بووە لە**

ناوچەی کوردەواریی. کە وابوو بوونی کورد لە سووریا بەو جۆرە نییە کە ئەورۆ دەولەتی سووریا پڕۆپاگەندەی بۆ دەکات و دەلێ لە سووریاوە هاتوون و، کوردستانیش لە خاکی سووریا بوونی نییە. هەرچۆنێک بێت، گرنگ نییە لەو سەردەمە کۆنەدا خەڵک بە چ زمانێک قسەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی زانیاریمان دانیشتووانی کورددا لەسەرەتای چەرخی مێژووییدا بەزمانی هووری دوواون، زمانەکەشیان زمانێکی زاگرۆسی بووە نەک هێند و ئێرانی.

لە سەردەمێکی درەنگتردا ناوی ولاتی کورد لای نووسەرانی یۆنان و رۆمان، وەک پۆلیبیۆس و سالیستۆنیس بەشێوەی "کۆردۆینێ" تۆمار کراوە و لای پۆلینیۆس و سترابۆن بەشێوەی 'گۆردۆینیی" بەرچاو دەکەوێت. لەسەدەی یەکەمی زاینیدا، لەلایەن پلۆتارخۆس کە بە عەرەبی پێیدەڵێن پلۆتارخ، دیسان بەشێوەی کۆردۆیەنێ تۆمار کراوە. بەڵام لای نووسەرێکی رۆمی بەناوی یۆسف فلاوی کە لە بنەڕەتدا جوولەکەیە و خەڵکی فەلەستینە، هەروەها لە نووسینەکانی پێتۆنیماییەس جێگری ئەلکساندەر لە ولاتی میسر، ناوی وڵاتی کوردەواریی بەشێوەی کوردییا تۆمار کراوە. ئەم ناوە تۆپۆنۆمییە هەتاکوو سەدەی چوارەم، لەلایەن سێکتۆس، رووفۆس، ئۆزابیووس و ئەمیانۆس مەرکلینۆس، بۆ وڵاتی کوردەواریی بەکار هێنراوە. ئەمیانۆس مەرکلینۆس ئەفسەرێکی قشوونی رۆم بوو، یان باشترە بڵێم بیزەنتی بوو، چۆنکە رۆمانیای رۆژهەڵات ناوی بیزەنت بوو. لە نێوەڕاستی

سەدەی چوارەم، پێتەختی ولاتی کوردییا شاری **"ئامێد"** (دیاربەکر) بوو. ئەمیانۆس وەک ئەفسەرێک لەو نێوچەیە دەگەڕا و، تا نێزیکی زێی گەورەی باشووری کوردستان جەولەی دەکرد بۆ ئاگاداربوون لە جمووجۆڵی لەشکری ساسانییەکان. ئەوجا کە ساسانییەکان لە ژێر سەرکردەیەتیی **شاپوور کوڕی ئاردەشێر** شاری **ئامێدیان** گەمارۆدا، شەڕێکی زۆر لە ولاتی **کۆردۆینێ** کرا کە **ئەمیانۆس** تێیدا بەشداری کردووە و، کارەساتە دڵتەزێنەکانی ئەم شارەی لە پەرتۆکەکەی خۆیدا بە درێژی تۆمار کردووە و زۆر جوان باسی شەڕی کوردەکان دەکا دژ بە لەشکرەکەی دەولەتی **ساسانی**، کە چۆن خۆیان نەداوەتە دەست، هەرچەندە ئاویشیان لێ بڕاوە. تاکوو زستان چاوەڕێیان کردووە بۆ ئەوەی ئاوی باران بخۆنەوە، تا کشانەوەی **شاپوور** و لەشکرەکەی بەرگرییان لە شارەکە کردووە. جا **ئەمیانۆس** لە (10) لاپەڕە لە پەرتۆکەکەیدا باسی ئەم شەڕە دەکات کە لێرەدا نامانەوێ بە دوور و درێژی باسی بۆچوونەکانی بکەین.

لە هەزارەی یەکی پێش زاینیدا، ناوی **کورد** هەر بەو شێوەیە دەبینین، بەڵام جار جار "ی" یەکیان دەخستە پاڵ وشەکە و دەیانکرد بە **"کورتی"**. ئەوجا لە ساڵنامەکانی پاشایانی ئاشووردا زۆرجار ئەم ناوە دەبینین. بە بۆچوونی من، ئەم ناوی **"کورتان"**ە کە ئاشوورییەکان باسی دەکەن، لە نووسراوەکانی ساسانیدا، وەک **"کارنامەکی ئاردەشێر پاپەکان"**، ناوی **کورد** هەر بەشێوەی **"کورت"** تۆمار کراوە و، هەندێ جاریش بە شێوەی **"کۆم"** **(کورتان)**

دەبینرێت. هەر بۆیە لە پەرتۆکی **"کارنامەک"** دا پێیاندەڵێن **مادگان** یان، **کورتانی مادگان.**

**لەسەدەی** پێنجەم و 200 ساڵ پێش پەیدابوونی ئیسلام، ناوی **ولاتی کورد** هەر بە شێوە کۆنەکەی لە نووسراوەکانی کلێسەکانی **ئەرمەنستان** و یۆنان دا هاتووەتە بەرچاو و ناوی کورد هەندێجار بەشێوەی **"کوریلیا"** دەبینرێت. کەچی ناوی **کوردستان** لەسەردەمی **سەلجووقییەکان** تۆمار دەکرێت؟ لە راستیدا ناوی **کوردستان** وەرگیراوی ناوی **"کوریلیا"** یە. دەبێ بزانین ئەمڕۆ ترکەکان ناوی کورد بە "ت" **(کورت)** دێنن، بە کۆمەڵگەکەشی دەڵێن (کورتلەر). هەروەها ئەرمەنییەکانیش بە **"کورت"** و کۆمەڵگەکەشی بە **"کورتێر"** ناو دەبەن.

**پ: بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان، پێش شۆڕبوونەوەی "'ئارییەکان"، ئەوەی ئەمڕۆ پێیاندەڵێن: "هێندوئەورووپایی، لە قەفقازیاوە بۆ نێوەڕاست و خوارووی ئاسیا، چەندین تیرە و رەگەزی جیاجیا لە کوردستانی ئەمڕۆ و دەوروبەری زاگرۆسدا ژیاون، ئایە گەلی کورد و زمانی کوردی، پاشماوەی ئەو هۆزە رەسەنانەی هەرێمەکەیە، یان لە ئارییەکانەوەیە؟ تکایە ئەم بابەتەمان بۆ روون بکەنەوە!**

**د. جەمال رەشید:** جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان **هێندوئاری** و **هێندوئێرانی** و **هێندوئەورووپی**. ئەمەی دواییان زۆر نەتەوە دەگرێتەوە و، ئەمانەش گرووپ گرووپن. بۆ وێنە **هێندوئەورووپی** بە گشتی ئەمانەن:

**گرووپی یەکەم: هێندوئارییەکانی کۆنن،** واتە ئاوانەی لە

هێندستان خاوەنی زمانی سانسکریتین و، بەوێدا بڵاوبوونەوە و ئەوانەی هاتنە ئێران. هەروەها کۆمەڵێک خەڵک هەبوون بەناوی "سکیت"، لای ئێمە پێیاندەلێن "سەکەس"، لەنێوان کەرتی ئاسیا و ئەورووپادا دەهاتن و دەچوون، هێندێکیان لە "سەگستان" بڵاوبوونەوە، ئەمڕۆ پێێدەڵێن "سیستان"، بەڵام لە یۆناندا پێیاندەگوتن "سکیت". ئەمانە وڵاتی بنەڕەتییان ئۆکرانیا بوو، بۆلغارستانیش بە "سکیتای خواروو" ناودەبرا. ئەمانە بە کۆمەڵێک زمانی هێندوئاری قسەیان دەکرد کە زۆر نێزیکی زمانی کوردی ئەمڕۆ بوو.

دووهەم گرووپ: گرووپی سلاڤین. سلاڤی زۆرن وەک رووس، پۆلۆنی، مۆراویی، بولغاری، بۆسنەی، کۆرواتی، چێکی، سلۆڤێنی و ...هیتد. وشەی سلاڤ لەزمانی لاتینیدا بە مانای دیل (کۆیلە) یە، چۆنکە ئەمانە لەلایەن رۆمانەکانەوە بەدیل دەگیران و دەکران بە کۆیلە. لەبەر ئەوە ناوی "سلاڤ" بەسەر ئەو نەتەوانەدا سەپێنرا، ئەوڕۆکەش بووە بە ناوی کۆمەڵێک لە گرووپێ زمانەوانی.

گرووپی سێیەم لە هێندوئاری، "ئەنگلۆسێکسۆن" ن، پاشان جێرمان (ئەڵمانین). جێرمانەکانیش زۆرن وەک لاتیڤیا، لیتڤانیا، ئەڵمانیا، ئاوستریا (نەمسا) و هۆڵەندا.

ئەمانە هەمووی هێندوئەورووپین. بەڵام ئێمە ئەگەر بێین باسی هێندوئاری، یان هێندوئێرانی بکەین، هێندوئارییەکان کۆنترن لە هێندوئێرانییەکان. هێندوئێرانییەکان بریتین لە ماد و هەخامەنشی

و پۆرت و ساسانی. بەڵام ئەوانەی لە هێندستان نیشتەجێ ببوون و لە گەڵ ئێرانییەکان لە زماندا زۆر نێزیکی یەکتری بوون، دەگەڕێنەوە بەشی هێندوئارییەکان، لەبەر ئەمە ئەگەر زمانی ئاوێستای کۆن (گاتەکان) بەراورد بکەین لە گەڵ نووسینەکانی سانسکریتی هێندستان دا، دەبینین زۆر نێزیکی یەکترین. بۆ وێنە بە ئاوێستایی بە "سوور"یاندەگوت (سۆگرا)، لە هێندستان بە سانسکریتی دەیانگوت (چۆگرا)، هەروەها ئەمان دەیانگوت "ئەزم"، لە هێندستان دەیانگوت (ئەدم). قانوونێک هەبوو لەو شێوە زارانەدا کە هەر شتێک لە هێندستان بە پیتی "س" بەکار بهاتایە، لە ئێراندا بە پیتی "هێ" بەکار دەهات. بۆ وێنە لە سانسکریتی بە (حەوت) دەڵێن (سەپتا)، کە وشەی (سەبت) لەوەوە هاتووە، ئێرانییەکان پێیاندەگوت (هەفتە)، ئێستا پێیدەڵێن (حەفت/حەوت). لەگەڵ ئەم جیاوازییە، ئەم زمانانە لە بنەڕەتدا دەگەڕانەوە سەر زمانێکی یەکگرتووی کۆن کە بۆ ئێمە هیچی بەجێ نەهێشتووە، چۆنکە لە چەرخێکدا بەکار هاتووە پێش داهاتنی نووسین بووە.

هەرچۆنێک بێت، هێندوئارییەکان پێش ئێرانییەکان هاتوونەتە چیاکانی زاگرۆس، لە کوردستان و لە عێراقیش دا بڵاوبوونەتەوە. بۆ وێنە لەسەرەتای هەزارەی دوو، تەماشا دەکەین لە ڕۆژاوای کوردستان دا دەوڵەتێک پەیدا دەبێ، هێدی هێدی نێوچەی دهۆک و هەولێر و هەتا "کەرکووک"یش دەکەوێتە بندەستی. پێتەختەکەشیان ناوی "واشووکانی" دەبێ لەنێزیکی "سەرێکانی"

و **"قامیشلوو"** ی ئەمڕۆ. **"واشووکانی"** لە زمانی ئەواندا واتای **"باش کانی"** هەبووە، چۆنکە ئەوان دەنگی **"با"** یاندەکردە **"وا"**، هەروەک چۆن لە **کەرکووک** ئەڵێن **"واران ئەواریٚ"** **(باران دەباریٚ)**. ئەوجا بەو شێوەیە دەدوان. ئەمانە وەک عەرزم کردن **پێش** (4000) **ساڵ** دەوڵەتی خۆیان درووستکردووە. بەخۆشییەوە پاشاکانیان کە لە گەڵ **فیرعەونەکانی میسر** پێوەندییان پەیدا کردووە، نامەیان نووسیوە بۆیان و هێندێکیان لە (**تل العمارنة**) دۆزراونەتەوە. لە نامەکاندا وا دیاردەکەویٚ کە وا فیرعەونەکان داوای کچیان لیٚ کردوون و، سیٚ نەوە لە شازادە **میتانییەکان** شوویان بە **فیرعەونەکان** کردووە. ئەو نامانە ئێستا لە مووزەخانەی **بریتانیا** و لە مووزەخانەی **بەرلین** و، هەروەها لە **قاهیرە**ش پاریزراون. سەردارانی **"واشووکانی"** بەناوی **"میتانی"** ناوبانگیان دەرکردبوو، لە گرووپی **"هێندوئاری"** بوون، نەک **"هێندوئێرانی"**. لەبەر ئەوەی ئەم باسە دوورودرێژە، پێویست ناکات لەسەری بڕۆین، تەنیا ئەوە پێویستە بڵێین، کە وا کوردستانی ئێمە دەوڵەمەندە بە مێژووی خۆیەوە، ئەگەر ئێمە زانستانە لێی بکۆڵینەوە.

**پ: وشەی کورد ئەمڕۆ چ واتایەکی هەیە؟ لە کۆندا ئەم وشەیە لەلایەن کورد خۆیەوە دانراوە، یان لەلایەن دراوسێکانییەوە ئەم ناوەی لیٚ نراوە؟**

**د. جەمال رەشید:** ئەمڕۆ وشەی کورد واتایەکی ئیتنیکی هەیە، گرووپێکی خەڵکە لە شوێنێکی تایبەتدا دەژی. بەپێی وتەی خۆمان کە زۆر جار دووبارەی دەکەینەوە، **کورد** کۆمەڵێکی ئیتنیکییە لە خۆرهەڵاتی ناڤین دەژی، بەرهەمی کارەساتی هەزارەها ساڵی

**چیاکانی زاگرۆس** و سەرووی **میزۆپۆتامیایە**. واتە ئەنجامی کارەساتەکانی ولاتی کوردەوارییە، هەرچییەک روویداوە ئەم کوردەی لیَ پەیدا بووە. ئەو کارەساتانەش لە مێژوودا روویانداوە هەمەجۆرن. **کاتێک کە دەڵێین گرووپێکی ئیتنیکییە، واتە نەتەوەیەکە. جا بۆ شیکردنەوەی بوونی ئەم نەتەوەیە، پێویستە مەرجە نەتەوەییەکانی وەک زمان و ناوی نەتەوەیی و خاک و داوونەریتی شی بکەینەوە**، هەروەها دەبێ بایەخ بە لایەنی ئەنترۆپۆلۆژی و زۆر لایەنی دیکە بدرێت، کە ئەمەش باسێکی دوور و درێژە و لێرەدا پێویست ناکات لەسەریان بڕۆین.

بابەتی ئەنترۆپۆلۆژیا لە لایەنی ستراکتۆری مرۆڤ دەدوێت. بۆوێنە بێینەوە سەر **ترک** کە ئەمرۆ لە **ترکیا** دەژیت، لەلایەنی ئەنترۆپۆلۆژییەوە شێوەیەکی زەریای سپی **نێوەڕاستی** هەیە، کەچی بۆ **کازاخستان و ئۆزبەکستان** تەماشا دەکەین، هەر ئەو ترکە لەوێ شێوەی **مەنگۆلیی** هەیە، واتە ئەمانە هەر چەندە یەک ناوی نەتەوەییان هەیە، بەڵام ناگەڕێنەوە سەر یەک رەگەز. واتە ئەو ترکانەی هاتوونەتە **ئەنادۆل**، گۆڕانکارییەکی ئەنترۆپۆلۆژییان هاتووەتە سەر، لەگەڵ خەڵکی ئەوێ تێکەڵ بوون. بۆوێنە **یۆنانییەکانی ئەنەدۆل و ئەرمەنییەکانی رۆژهەڵاتی ئەم هەرێمە** کە بوونەتە موسڵمان، بوونەتە **ترک**، بەڵام شێوە و روخسارەکەیان نەگۆڕاوە. وەکوو یۆنانی و ئەرمەنی ماونەتەوە. ئەم دیاردەیە لە کوردستانیشدا دەبینین، لە کاتێکدا لە هەزارەها ساڵدا ئەو جۆرە تێکەڵاوییە لە خاکەکەیاندا روویداوە. بۆوێنە، لەو کاتەدا کە مەنگۆلەکانی **هۆلاکۆ** هەموو هاتن لە **نەغەدە** و لە

مەهاباد و میاندووئاو و بۆکان و لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا نیشتەجێ بوون، بێگومان تێکەڵ بە کورد بوون و بەرە بەرە بوون بە کورد. جا بۆیە دەتوانین بڵێین کە وا کورد بەرهەمی هەزارەها ساڵی ولاتی کوردەوارییە. بەڵام نازناوی کورد لە چەرخە کۆنەکاندا مانایەکی دیکەی هەبووە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا "مات کورداکی" ناوی تۆپۆنۆمی بووە نەک ئەتنیکی، کە بە واتای زەوینی ولاتی کورددا تۆمار کراوە نەک نەتەوەی کورد، کەچی ئەم ناوە ئەمڕۆ واتای نەتەوەی کوردی وەرگرتووە. لە چەرخی ساسانی و پاشان لە سەرەتای ئیسلامدا، ناوی کورد واتای شوان و کۆچەر بوو، هەروەک چۆن ناوی عەرەبییش هەر بەو واتایە بەکار هاتووە کە ئەمڕۆ پێیاندەڵێن "بەدوو" (بدو). لەم بوارەدا "ابن الاثیر" کاتێک باسی سووتاندنی حەزرەتی ئیبراهیم دەکات، دەڵێت: "ان نمرود و اصحابة اجمعوا علی ابراهیم فتال الحرقوه و انصروا الهتکم، قال عبدالله بن عمر اشار بحرقه رجل من اعراب فارس و قیل هل للفرس اعراب قیل نعم الاکراد هم اعرابهم". واتە: (ئەوەی کە بڕیاری دا حەزرەتی ئیبراهیم بسووتێنێ، عەرەبێکی وڵاتی فارس بوو. گوتیان لە ئێرانیشدا عەرەب هەیە؟ گوتی: بەڵێ، کوردەکان عەرەبی فارسن!).

لێرەدا تەمەشا دەکەین، وشەی کورد مانای کۆچەر دەگەیەنێت، نەک ناوێکی ئیتنیکی نەتەوەیی. بەڵام پاشان کە هەستی گشتیی یەکگرتوویی پەیدا دەبێت، وشەی کورد فۆرمی نەتەوەیی خۆی دەگرێت و خەڵکی چیاکانی زاگرۆس زیاتر پشتگیری لەم چەمکە دەکەن. بزووتنەوەی نەتەوایەتیی وەکوو بزووتنەوەیەکی سیاسیی

پشتگیری لە چەسپاندنی ئەم چەمکە لەنێو دراوسێکانی کورد دا دەکات. بەڵام لە زمانی کورددیدا لە بەرامبەر ئەم نازناوە، وشەی **کورمانج یان کرمانج** بەکار هاتووە. وشەی **کرمانج** نازناوێکی نەتەوەییە بۆ کورد. وشەکە هێشتا هەر بەکار دێت و، هەموو کوردستانی دانەپۆشیوە.

لە مێژوودا نازناوی **کرمانج**، لە شێوەی **"کوردماد"** دارێژراوە کە لە (**کارنامەکی ئاردەشێر پاپەکان**) بەشێوەی **"کورد مادیگان"** تۆمار کراوە و، هەر لە سەردەمی **ساسانی** دا هەندێجار ناوی کورد بە **"مادگان"** هاتووە. ئەوجا فۆرمی **"کوردماج"** هەروەک چۆن لە کوردیی ئەمڕۆدا هەندێ ناو پیتی (**ن**) دێتەسەری، وەکوو **تاج**، دەبێتە (**تانج**)، جا بۆیە کرماج دوایی بووە بە **کرمانج**. بەڵام وشەی **کورد** هەروەک خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاوە. **کوردماد** وشەیەکی تێهەڵکێشە و بڕگەی یەکەمیان (**کورد**) بەتەنێ بەشێکە لەو تێهەڵکێشە بۆ ناسینی نەتەوەی کورد.

**پ: ئەمڕۆکە (40) ملیۆن کورد، ڕەنگە زیاتر لەم ڕێژەیە، بە زمانی کوردی دەپەیڤن، کۆنترین نووسینێ بەم زمانە دۆزرابێتەوە بۆ چ چاخ و سەردەمێک دەگەڕێتەوە، هەروەها زمانی کوردی سەر بە چ گرووپ و ڕەگەزێکی زمانەوانییە؟**

**د. جەمال ڕەشید:** ئێستا کتێبێکی رووسیم لە بەردەستدایە کاتی خۆی لە **"پترزبۆرگ"** ەوە ناردیان بۆمان. تێکستێکی ئاینی بەزمانی **"ماد"**ی تێدایە لە کلێسەیەکی **"ئاران"** لە **قەفقازیا** نووسراوە ئەمڕۆکە دەکەوێتە **ئازەربایجانی باکوور**. لەوێدا ئەو

تێکستە یان ئەو دۆعایە، بە چەن زمانێکی دی تۆمار کراوە، وەک **تركیی نێوەڕاستی ئاسیا، فارسی، یۆنانی و ئارامی**، دوای ئەمانە بەزمانی **"ماد"** نووسراوە و لە کاتی خوێندندا دەردەکەوێت کوردییە و بە زاراوەی کرمانجی سەرووە و نووسەر تێیدا دەڵێ: **"پاکژ خودێ، پاکژ زەهم، پاکژ بێ مەرگ هاتێ خاچێ ئەشکەرمی رەهمەتێ مە".**

لێرەدا دەبینین وشەیەکی عەرەبی وەک "رەحمەتێ" بەکار هاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سەردەمەکە سەرەتای چەرخی ئیسلامی بووە، لەوانەیە سەدەی هەشتی زانییە. بەداخەوە زۆری وا هەن دەلێن، کۆنترین پارچە نووسینێک دۆزرابێتەوە هی سەردەمی **باوەتاهیری هەمەدانییە، واتە لە سەدەی (10و11)**، بەڵام وەکوو دیارە ئەم نووسینەی ئاران بە دوو سەدە لەوەی **باوەتاهیر** کۆنترە. بەڵام وا دیارە لە سەدەی (8) هێشتا ناوی ماد سێنۆنێمی نازناوی کورد بووە. جا کورد لە چەرخەکانی ئیسلامیدا لەلایەن زۆر نووسەرەوە باسکرابێت، ئەوا لای هەندێکیان مێژووەکەی بەشێوەیەکی ناڕاست تۆمار کراوە. بۆوێنە "مەسعوودی" کە باسی کورد دەکات، دەڵێ: "لە زەمانی کۆندا کە حەزرەتی سلێمان حەزی لە ژن بووە، کۆمەڵێک پەری ناردووە بۆ ئەورووپا ژنی بۆ بێنن. لە گەڕانەوەیاندا لە شاخەکانی کوردستان شەیتانەکان هاتوون ژنەکانیان بۆخۆیان بردووە. ئەوجا لە تێکەلبوونیان منداڵیان بووە، کە ئەمڕۆکە بە کورد دەناسرێن. واتە باوکی کوردەکان هەموو شەیتانن، دایکەکانیشیان مەلائیکە

(پەرین).

ئەم وتەیە وەکوو دیارە چیرۆکێکی ئەفسانەییە و ڕاست نییە و لە نووسینی عەرەبەکاندا چەن جارێک ئەم نووسینانە بەرچاو دەکەون. جا بە پێی سەرچاوەکان، یەکەم کەس کە باسی هێرشی عەرەبە موسڵمانەکان بۆ سەر وڵاتی کورد و ئەرمەنی کردبێت، **ئەبولقاسمی کوڕی عەبدوڵلایە بە (ئیبن خۆرداژییە)** بەناوبانگە. ئەم کابرایە لە دەسنووسێکی خۆیدا بەناوونیشانی **(ئەلمەسالک و ئەلمەمالک)** کە ساڵی 232ی کۆچی نووسیویەتی، واتە ساڵی 846ی زاینیی، باسی وڵاتی **کورد** و **ئەڕان** و **بەردەعە** و **نێوچەکانی** دیکە دەکات. پاشان، لەساڵی 891ی زاینی نووسەرێکی دەوڵەتی عەبباسی بەناوی **یەعقووبی** دەڵێت: **هێزەکانی عەرەب لە وڵاتی کوردەوارییەوە لە ساڵی 22 ی کۆچی، واتە لە ساڵی 643ی زاینیی، هێرشیان بردووەتە سەر ئەرمێنیا.** لێرەدا جێ خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەین، لەو سەردەمەدا بە هەموو **کوردستان** دەگوترا **"ئەرمێنیا"**، چۆنکە **ئەرمێنیا** لە مێژوودا وشەیەکی نەتەوەیی نییە. هەر لە زەمانی داریووشەوە کە لە **بێستوون** ئەم نازناوەی تۆمار کراوە، تەنیا واتایەکی تۆپۆنۆمی داوەتە دەست، کە کوردستانیشی دەگرتەوە. بۆیە وڵاتی **کۆردۆیەنێ** لە نووسراوە **"یۆنانی"** و **"ڕۆمانی"**یەکاندا بەشێک بووە لە **ئەرمێنیا.** هەر بۆیەش ئەرمەنییەکان تاکوو ئەمڕۆش بە خۆیان نالێن **"ئەرمەنی"**، بەڵکوو دەڵێن **"های"** و بە وڵاتەکەشیان دەڵێن **"هایستان"**. لەبەر ئەوە وشەی **"ئەرمێنیا"** بە واتای ئەرمەنی نییە

و ناویکی جوگرافییه. بەڵام نازناوی کورد لە گەڵ داهاتنی ئیسلامدا واتایەکی نەتەوەیی هەبووە ، بۆیە لەم بوارەدا یەعقووبی لەساڵی 891 دا دەڵێت: "بە فەرمانی خەڵیفە عوسمان کوڕی غەففان لەشکری عەرەبە موسڵمانەکان لە ژێر سەرکردەیەتیی "حەبیب بن مەسلەمە" چوون بۆ غەزای ئەرمەنستان و بەسەر زێدی کوردەکاندا پەڕینەوە".

هەر چۆنێک بێت، پاش تالانکردنی پێتەختی ساسانی، شاری شارستانان (المدائن)، عەرەبە موسڵمانەکان لەساڵی 16ی کۆچی بەرامبەر بە 637ی زایینیی، روویانکردە نێوچەی ئەڵوەن (حلوان) ی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکات سەعد کوڕی ئەبوو وەقاس، روویکردبووە نێوچەی میسڵ (مووسڵ). ئیبن حۆقەل لەم بوارەدا دەڵێ: "زۆربەی دانیشتووانی مووسڵ کوردن (وان جؤل اهلها من الاكراد). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ لە کۆندا عەرەب لە مووسڵ نەژیاوە، کەچی ئیمڕۆ کوردەکان وادەزانن مووسڵ لە بنەڕەتدا شارێکی عەرەبی بووە. جا بەم جۆرە و بەپێی بەڵگەی مێژوویی، مووسڵ، شارێکی کوردییە و ئیبن حۆقەل ئەم راستییە دەسەلمێنێ.

عەرەبەکان بەردەوام بوون لە هێرشکردن بۆ سەر هەموو کوردستان. دەسیان گرت بەسەر نێوچەکانی مەرگە و بانۆ هەدرا و باعەزرا و داسن و ئەو شوێنانەی برائێزیدییەکان لێیان دەژین. ئبن ئەسیر (ابن الاثير) لەبارەی ئەم کارەساتەوە دەڵێت: "في عهد عوثمان بن عەفان احتل حبيب بن مسلمة قاليقلا ثم سار فنزل، مير

بالا فاتاه بطريرک بکتاب من عياض بن غنم بامانة فاجزاه عليه، و حمل اليه البطريرک ما عليه من المال". واته (له زەمانی عوسمان کوڕی عەفان دا، حەبیب کوڕی موسلەمە، قالیقای داگیر کرد، دواتر له میربالا دابەزی و قەشەیەک نووسراوەیەکی له عیازی کوڕی غەنەمەوە هێنابۆی و جەزای دایەوە. قەشەکە ئەو پووڵەی دایە کە هێنابوو بۆی).

ئەگەر موسڵمانەکان بەپێی وتەی "ئبن ئەلئەسیر" یەکەم جار لەژێر سەرکردەیەتیی "عیاز کوڕی غەنەم"، بە فەرمانی عومەر کوڕی خەتاب پەلاماری هەرێمی جەزیرە یاندابێت، ئەوا نێوچەی "مات کورداگی"یشی دەگرتەوە، کە ئەمڕۆ شارەکانی قامیشلوو، عامووده و سەرێکانی و هەروەها جزیز و بۆتان له رۆژاوا و باکووری کوردستان لەخۆ دەگرێت. بەڵام لەبارەی هێرش بۆ سەر شارەزوور، "ئێبن ئەسیر" دەڵێت کە وا عومەر، کوڕی عەزرەی قەیسی نارد، بەڵام کاتێک نەیتوانی داگیری بکات، عەتبەی کوڕی فەرقەد یان نارد. "و قيل ان عمر بن الخطاب استعمل عتبة بن فرقد على قصد موصل و فتحها سنة عشرين فاتاه قتاتلة اهل نينوى فاخذ حصنها و هوالشرقى عنوة و عبر دجله فصالحه اهل الحصن الغربى و هو الموصل على الجزية ثم فتح المرج و باعذرا و حبتون و داسن و جميع معاقل الاكراد و جميع اعمال الموصل"، واته (عومەر کوڕی خەتاب، عەتبەی کوڕی فەرقەدی نارد بۆ ئەوەی مووسڵ داگیر بکات، توانی شوورەی رۆژهەڵاتی بگرێ، له

رووباری دجله پەڕییەوە، لە گەڵ شوورەی ڕۆژاوا کە مووسڵ دەگرێتەوە،ڕێککەوت لەسەر باجوەرگرتن. لە درێژەی هێرشەکانی، توانی هەرێمەکانی مەرج و باعەذرا و حەبتوون و داسن و هەموو نێوچە کوردییەکان بگرێت).

ئێبن ئەسیر هەروەها لە بەرگی سێیەمی پەرتۆکەکەیدا لەبارەی ستەمکاریی دەسەلاتدارانی عەرەب بەرامبەر بە کوردەکان زانیارییەکی زۆرمان پێدەگەیەنێت، بە پێویستی نازانین لێرەدا تێکستەکانی دووبارە بکەینەوە، بۆ زانیارییش زۆر تێکستمان لا هەیە لەبارەی جەنگەکانی کورد لە دژی کۆلۆنیالە عەرەبەکان کە هەموو لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکان خۆیان نووسراون. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە وا کورد بە هیچە نەبووەتە موسڵمان و بەخێرهاتنی عەرەبی نەکردووە و بە زەحمەتییەکی زۆر وازی لە ئاینی خۆی هێناوە و بووەتە موسڵمان. هەرچۆنێک بێت، بێجگە لە بلاژری و ئێبن ئەسیر و مەسعوودی، زۆر نووسەری موسڵمان هەیە باسی هەڵسووکەوتی کوردانیان کردووە، لەوانە ئێبن ئەلازرقی لە ساڵی 902 ی زاینی مردووە، ئەبوو دەلەف لە ساڵی 942 ی زاینی مردووە، ئێبن حۆقەل کە لە ساڵی 977 مردووە، یاقووت حەمەوی لە ساڵی 897 ی زاینی مردووە، هەروەها ئێبن مسکۆیە و ئیدریسی و ئێستەخری و هەتا دوایی...

لێرەدا ئەوەی گرنگە دەسنیشانی بکەین ئەوەیە کە وا ئێبن مسکۆیە کاتێک باسی کورد دەکات، وەک نەتەوەیەک باسی دەکات، دەڵێت: گەلی رووسی، گەلی ترک، گەلی عەرەب و گەلی

کورد". واتە وەک گەلێکی سەربەخۆ ناوی کورد دەبات. ئەمە لە زانستی مێژوو زۆر گرنگە کە مەرجی نەتەوایەتیی کوردەکان لەسەرەتای چەرخی ئیسلامیدا بوونی هەبووە. جا بەم بەڵگەنامە و سەرچاوانەی ئاماژەمان پێکردن کە لەلایەن موسڵمانە عەرەبەکان خۆیانەوە نووسراون. ئەو راستییە دەزانین پێوەندیی کورد بە عەرەبەوە، هەر لە سەرەتای داهاتنی ئیسلام و لە چەرخی ئەمەوی و عەباسی دا لەسەر چ بناخەیەک دامەزرابوو، کە پێوەندییەکی نێوان سەردەستە و ژێردەستە بوو. ئەوەتا لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب دا، کوردەکان توانییان بە شۆرشێک، عەرەبەکان لە "سەیمەرە" و "مات کورداکی" دەر بکەن. هەروەها هۆزی "گەلاڵییەکان" کە لە شارەزوور دادەنیشتن، بەرەنگاری سوپای داگیرکەری عەرەب بە سەرۆکایەتیی ئەبوو مووسا ئەشعەری بوونەوە. ئەشعەری هەتا لە ژیاندا ما، هەر خەریکی کوژاندنەوەی راپەڕینی کوردەکان بوو. لە کاتی عەلی کوڕی ئەبوو تالب دا، کودەکانی خرێت لە نێزیکی ئەهواز شۆرشێکیان لە دژی عەرەبەکان هەڵگیرساند و سەرۆکەکەیان لە "رامهۆرمۆز" بەدەستی موسڵمانان کوژرا. کاتێکیش موختار لە ساڵی 685ی زایینیی، لەلایەن عەبدولمەلیک خەڵیفەی ئۆمەوی یەوە بوو بە فەرماندەی موسڵمانان و هێرشی هێنا بۆ هەرێمی "ئەلوەن"، تاکوو مرد، لە گەڵ کوردەکان لەو نێوچەیە هەر خەریکی شەڕ و لێکدان بوو. کوردەکانی لۆڕستان و بەختیاری و خوارووی کوردستان لەساڵی 808ی زاینی ئەو نێوچەیان لەدەستی عەرەب رزگار کرد کە ئیمڕۆ

لە ئێران پێیدەڵێن: "ستانی فارس/شیراز". بەڵام پاش لەنێوبردنی کوردێکی زۆر حەجاج کوڕی یۆسف سەقەفی، دەستی درێژ کردە ئەو نێوچەیە و لە ساڵی 746ی زایینیی، کوردەکان بەناچاری بوونە هاوپەیمانی "خواریجەکان" کە شۆرشیان دژ بە "مەروان"، دووەم خەڵیفەی ئۆمەوی بەرپاکرد. لە سەدەی نۆیەمی زاینی و بە تایبەت لە سەردەمی خەلیفە مەئموون و خەڵیفە موعتەسەمی عەباسی دا بە درێژایی ژیانیان سەرقاڵی شەڕ و پێکدادان بوون لەگەڵ کوردەکانی شارەزوور. بەتایبەت ئەوکات کە "جافر کوڕی فەهەرگەس" ناوچەی مووسڵی ئازاد کردبوو کە هێشتا عەرەب بە تەواوەتیی تێیدا نیشتەجێ نەبوو. لەم بارەیەوە ئێبن ئەلئەسیر لە پەرتۆکەکەیدا خۆیدا بەناوی "ئەلکامل فی تاریخ" دەڵێت: "فی هذة السنة 839 ز عصی باعمال الموصل انسان من مقدمی الاکراد اسمة "جعفر بن فهرجس و تبعة خلق کثیر من الاکراد و غیرهم ممن یرید الفساد فاستعمل المعتصم عبداله بن السید بن انس الاذی علی الموصل و عمرة بقتال چعفر"، واتە: (لە ساڵی 839 کاروباری مووسڵ سپێردرا بە کوردێک بەناوی جەعفەر بن فهرس کە لە سەرۆکەکانی کورد بوو. کوردێکی زۆر پشتیان گرت و، لە دەوری کۆبوونەوە. خەڵیفە موعتەسەم لە ترسی هەڵگەڕانەوەی کوردان لێی، فەرماندەیەکی عەرەبی دەسنیشانکرد بە ناوی عەبدوڵڵا کوڕی سەید کوڕی ئەنەسی بۆ شەڕ لەدژی کوردان و جەعفەری سەرۆکیان و داگیرکردنەوەی مووسڵ).

پ: ئەگەر سەرەتایەک بۆ بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد دانێین کە بە ئاڵا و

**دروشم و ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانەوە هەڵگیرسابێ، کات و سەردەمەکەی کەی بووە؟ هەروەها بە باوەڕی ئێوە خەباتی رزگاریخوازانەی کورد بۆ چەن قۆناخ و پلە دابەشدەکرێت؟**

**د. جەمال رەشید: وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ دوو جۆر بێت! یەکەم، باسی کورد وەکوو نەتەوەیەک. دووەم، بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، وەک نیشتمانێک. بێگومان خاڵی یەکەم زۆر کۆنتریکە لە خاڵی دووەم، چۆنکە کوردستان لە کۆنەوە هەر هەبووە. بەلام کورد کاتێک لەسەر ئەو خاکە پەیدای بووە، کە مەرجی "مليت" (نەتەوایەتیی) بۆ پەیدا بووە. واتە وەکوو نەتەوەیەک کورد لە مێژوودا پەیدا دەبێ. واتە شێوەی هەڵچوون، یان بزووتنەوەی رزگاریی، لێرەدا بە چەن پلەیەک دابەشدەکرێت:**

**یەکەم، بزووتنەوە دژ بە سیستەمی کۆیلایەتی، واتە دیلایەتی لە جەرخی بابلی و ئاشووری و رۆمانی و بیزەنتی و ساسانی دا کە خەڵکی کوردستان بەرهەڵستیی لەشکری ئەو دەوڵەتانەیان دەکرد. بۆوێنە وەکوو دەوڵەتی "حەموورابی". لەشکری حەموورابی گەیشتە نێوچەی رانیە و بێتواتە و قەلادزێ و، سەرزێی بچووک. لەوێدا خەڵکی ئەوێ بەرهەڵستییان دەکردا بۆ؟ چۆنکە بابلی و لەشکری حەموورابی کە هاتبوونە ئەوێ، لەبەر دوو هۆ هاتبوون:**

**1-پێویستیان بە کەرستەی بینای خۆیان هەبوو، وەک کانزا، جا کانزاکە ئاسن بێ، زێڕ بێ، یان هەر شتێک.**

**2 – پێویستیان بە خەڵک بوو، لە جەنگ دەیانگرتن، وەکوو دیل دەیانبردن**

کاریان پێدەکردن، بەبێ مزە و بە بێ پووڵ، بیناى دەوڵەتى خۆیان پێدەکردن.

لێرەدا بزووتنەوە دژ بەم سیستەمە لەو کاتەوە دەسپێدەکات، واتە لە سەرەتاى چەرخى مێژوودا ئەمە روویداوە. ئەو کێشەیە هەروا دەمینێتەوە تا ئەمپراتۆریى رۆمانى پەیدا دەبێ و، ئەمپراتۆریى ساسانى پەیدا دەبێ. سیستەم هەر سیستەمى دیلایەتى بوو. تەماشا دەکەین لە زەمانى یۆلیۆس، قەیسەرى رۆم لە ساڵى 76ى پێش زاین، دەولەتى ئەمپراتۆریى فەرماندەیەک دەنێرن بە ناوى "لۆکۆلۆس"، بۆ ئەوەى بچێت بۆ ئاسیاى بچووک، لە ئێستا پێیدەڵێن (ترکیە)، لەوێ میرێک بەناوى میترەدات کە پاشاى هەرێمى پۆترۆس (زەریاى رەش) بوو، لە حکوومەتى رۆم هەڵگەرابووەوە، خزمایەتیشى هەبوو لە گەڵ "تیگران/تیگرانى گەورە" پاشاى ئەرمەنستان کە لە مێژوودا ناوبانگى هەیە. ئەمانە بە هەردووکیان پەلامارى دەوڵەتێکى کوردییان دا بەناوى "پاشایەتیى کۆردۆیەنێ"، پێتەختەکەشى ئامێد بوو، ئەمڕۆ پێیدەڵێن دیاربەکر. سوپاى هەردوو حکوومەتى پۆترۆس و ئەرمەنستان پەلامارى وڵاتى کۆردۆیەنێ یاندا کە ئەمڕۆکە ناوى کوردستانە. زەربیۆن بە لاتینى (زەربیۆنۆس) پاشاى کۆردۆیەنێ کوژرا و، ماڵ و سامان و ژن ومنداڵى بەتالان برا، بەڵام خەڵکى ئامێد بەرگرییان کرد و شارەکەیان نەدا بەدەستەوە. فەرماندەى نێردراوى دەوڵەتى رۆم (لۆکۆلۆس) خۆیگەیاندە ئامێد و توانى سەرپەرشتیى بەرخۆدانى خەڵک بکا و، ئامێد بەتەواوەتیى ئازاد کرا. کۆردۆیەنێ نازناوێکى رۆمانییە بۆ

وڵاتێک کە ئیمڕۆ پێیدەڵێن **کوردستان**. ناوی **کوردستان** لە کۆندا **کۆردۆیەنێ یان کۆردۆڤاییا یان کۆردۆدانیا** یە. بەڵام ناوی **کوردستان لە**سەدەی (12) ی زاینی و لە سەردەمی **سەلجووقی** بەکار دەهێنرێ.

**دووەم پلە** لە بزووتنەوەی **کورد**، دژ بە کۆلۆنیالکردنی نیشتمانی باووباپیران لەسەدەکانی (10) و (11) ی زاینییەوە دەسپێدەکا کە **مەغۆلەکان** پەیدادەبن. پێویستە ئەوەش بڵێم، پێش هاتنی **مەغۆلەکان**، بزووتنەوەمان هەیە دژ بە کۆلۆنیالکردنی ئاینی و فەرهەنگیی، کە لە سەدەی حەوتەوە دەسپێدەکات، واتە لە کاتی داهاتنی دیانەتی ئیسلام، کە **عەرەب**، **کوردستان** داگیر دەکات. لێرەدا ئەو خەڵکە، ئەو کوردە کە دژ بە عەرەب شەڕ دەکات، لەبەر ئەوە بووە بەرگریی لە ئاین و فەرهەنگی خۆی کردووە، چۆنکە ئەمیش هەر بە بزووتنەوە دەناسرێت. لە پاش **مەغۆل**، واتە لە سەدەی (10) و (11) **ترک** پەیدا دەبن، **سەلجووقی** پەیدا دەبن. ئەو بزووتنەوانەی لەدژی سەلجووقی دەسپێدەکەن، بۆ بەرگریی لە خاک و زەوین و نیشتمان کراون. ئەمە لە سەردەمی فیۆدالیزم بووە. لەوکاتەدا میر و بەگی کورد، بەرگریی لە زەوی و خاکی خۆیان دەکەن. بەلام کە پلە بە پلە زوڵمی **ترک** بەسەر دانیشتووانی **کوردستان** دا زۆر دەبێ، بیری نەتەوایەتیی پەیدا دەبێ.

لێرەدا مێجەرسۆن کە باسی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد دەکات، دەڵێت: **"لە گەڵ پەیدابوونی تەیموور شەل، بزووتنەوەی**

**کورد و بیری نەتەوایەتیی کورد پەرەی سەند". ئەم بۆچوونەش تا** رادەیەک راستە، **چۆنکە دەبینین پاش هاتنی تەیموور، یەکێک وەکوو میری عەبدالّ (میری بەدلیس)، کە لەگەڵ سوڵتان موڕادی چوارەم لە جەنگدا بوو، سوڵتان موراد** لەساڵی 1643ی زاینیی هێرشی هێنا بۆ کوردستان، **میرعەبدالّ هاوار لە کوردان دەکا، نەک بۆ موسڵمانان** و، دەڵێ: **"بە چ مافێک رێ دەدەن بە خۆیان، خاک و نیشتمانی کورد داگیر بکەن؟"**. لێرەدا واتە بە بیرێکی نەتەوەییەوە ئەو بزووتنەوەیە دەسپێدەکا. واتە دەتوانین بڵێین لەگەڵ داهاتنی **چەرخی سەلجووقی**، بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد، شێوەی نەتەوەیی وەردەگرێت. ئەمە ئەو پلە و قۆناخانەن کە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد تێیدا دابەش دەکرێت. واتە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد هەر لە چەرخی بابلییەوە دەسپێدەکات تا ئەم چەرخ و سەردەمەی ئێمەی تێدا دەژین.

**پ: ماوەی هەشتا ساڵە، کوردستان بە فەرمیی دابەشکراوە، هەریەکێ لە داگیرکەرانی کوردستان، سیستەمی ئابووری و سیاسیی خۆیان بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، بەڕێزتان وەک زانستکارێکی شارەزا و پسپۆر، لە نێوان کۆمەڵگەی پارچە و بەشەکانی کوردستان چ جیاوازییەکی ئابووری و فەرهەنگیی دەبینن؟**

**د. جەمال رەشید:** هەر بەپێی **کۆنفرانسی لۆزان، کوردستان** دابەشکرا، هەر چەندە کورد تاکوو ئێستا باسیدەکا، دەڵێ: دابەشکراوین بۆ چوار بەش! خۆی وانەبوو، دابەشکراین بۆ پێنج بەش. بێجگە **لە ترکیا و ئێران وعێراق و سووریا**، بەشێکی کەوتە

نێو یەکێتیی سۆڤێت، لە نێوچەی ئازەربایجان و ئەرمەنستان دا. لەوێدا کۆمارێک درووست ببوو بە فەرمانی "لێنین" بەناوی کوردستانی سۆر کە نێزیک بە (8) ساڵ بەردەوام بوو، تاکوو ستالین لەنێویبرد. واتە پارچەیەکی کوردستان و بەشێکی نەتەوەی کورد لەوێ گوزەرانی دەکرد. هەر لە سەرەتای دابەشکردنی کوردستان، دوو جۆرە سیستەمی ئابووریی پەیدا بوو، جۆرێکی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە کوردستانی سۆر دا، ئەوانی دی هەر چەندە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە سەردەمی فیۆدالیزم مابوونەوە، بەڵام لە ترکیا دا بزووتنەوەی "کەمالی" و دەوڵەتی ترکی، بەرە بەرە ئەو سیستەمە فیۆدالییەی لە کوردستان دا نەهێشت، چۆنکە بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد هەمیشە لە ژێر سەرکردەیەتیکردنی شێخ و بەگ بوو. جا ترک بەرە بەرە ئەو سیستەمەی نەهێشت و هەوڵیدا بەرە بەرە سیستەمێکی بۆرژوازی لە نێو شارە کوردییەکاندا درووست بکات. جا لێرەدا جیاوازییەک هەیە لەنێوان باکووری کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستان. لە خوارووی کوردستان (باشوور)، سیستەمی پاشایەتیی پشتگیریی لە سیستەمی فیۆدالی و دەرەبەگایەتی دەکرد، ئەو دۆخەش مایەوە تا عەبدولکەریم قاسم راگەیەندراوەیەکی دەر کرد بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر جۆتکار و رەشایی گوندەکان و پشتی فیۆدالیزمی پێ شکا.

ئەمە لەلایەنی ئابوورییەوە! ئەوجا لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە بێگومان جیاوازییەک پەیدا بوو، چۆنکە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی،

به پێوەندیی ئابوورییەوە گرێدراوە. لە **کوردستانی سۆر**، ژن ڕزگاری بوو لەژێر دەسەڵاتداریێتیی پیاو، مافی خۆی وەرگرت، وەکوو پیاو لە **"کۆلخۆز"** و **"سۆلخۆز"** ەکاندا کاریدەکرد. بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، دیاردەی ڕزگاربوونی ژن زۆر درەنگ دەسیپێکرد کە بچێ ئازادانە لە قوتابخانە بخوێنێ. لێرەدا ئەگەر ئاماژەیەک بکەین بە جیاوازیی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باشووری کوردستاندا، ژن زیاتر و زووتر ئازاد بوو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. خوێندنی ژنان لە قوتابخانە زووتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیپێکرد. هەر چەندە ئەم پێشکەوتنەی باشوور، بەداخەوە لە ڕۆژی ئیمڕۆدا بەریگیراوە و، بەهۆی سەرهەڵدانەوەی بیری بنچینەگر و توندئاژۆی ئیسلامیی، ژنان دیسانەوە ناچارکراون خۆیان بشارنەوە و جلووبەرگی ئیسلامیی بپۆشن و، لەنێو کۆمەڵگە ڕۆڵیان کەمتر بکرێت. ئەم دۆخە تازەیە بە داخەوە گەیشتووەتە نیو زانستگە. لە زانستگە دەخوێنێ بەڵام خۆی پێچاوەتەوە، واتە خۆیان وا پێشاندەدەن کە هەمیشە پێشانگەیەکن بۆ پەلاماردان. ئەم دۆخە سیاسییە لەلایەن بینا و بناخەی کۆمەڵایەتییەوە بایەخی هەیە. لە **ترکیا** دا، ترکەکان، هەر چەندە لە ئەنەدۆلی ڕۆژاڤا و لە ئەنەدۆل بەگشتی بە نێزیکبوونەوەیان لە ئەورووپا، بە چوونی ژن بۆ کارگە بۆ کارکردن، جۆرە ئازادییەک پەیدا ببوو، بەڵام ترک وەک داگیرکەرێک وایدەکرد کە لە کوردستاندا ئەو پێشکەوتنە ڕوو نەدات. ژنی کورد لە باکووری کوردستان، دیلی داوونەریتی

چەرخەکانی نێوەڕاست بوو، هەرواش مایەوە. ئێستا تازە بە هاتنی دوو ملیۆن کوردێک بۆ ئەورووپا بۆ کارکردن، لێرە هەر چەندە جلوبەرگیان وەک خۆی ماوەتەوە،تا رادەیەکیش بیریان بەستراوە بە چەرخی نێوەڕاستەوە، بەڵام هەڵسانیان، چوونیان بۆ کارکردن و رێکخستنی نێومالْیان باشتر بووە. کە دەچنەوە بۆ باکووری کوردستان، هەوڵدەدەن کاربکەنە سەر کۆمەڵگەی خۆیان.

لەنیو سەدەی رابردووەوە چەن جارێ هاتنی ژمارەیەکی زۆر کوردی باشوور بۆ ئەورووپا، دەستێپێکرد. رێژەیەکی زۆری کوردی باشوور لە ئەورووپا دەژین. کوردی باشوور زووتر پێشکەوتن وەردەگرێ، چۆنکە بە بەراورد لەگەڵ کوردی رۆژهەلات و باکووری کوردستان، پاشەکییەکی کۆمەڵایەتیی باشی هەبووە. بەلام وەک ئاماژەم کردپێی، ئیسلام زۆر دەور دەبینێ لە بینای کۆمەڵی کوردەواریدا. بۆ وێنە ژنهێنان بەپێی شەریعەتی ئیسلامە. هەندێ جار خێزانی وا هەن توندڕەون، کچی خۆیان نادەن بە یەکێک نوێژ نەکا، یان شەراو و ئەلکهۆل بخواتەوە. هەروەها لە کوردستاندا جۆرە چینایەتییەک هەیە، بۆوێنە بەگ کچی خۆی نادا بە جۆتکار. یان بەگ کە ژن دێنێ، یان ژن بۆ کوڕەکەی دێنێ، لە چینی دەرەبەگ ژن دێنێ. بۆوێنە لەنێو هۆزی جاف ئەم دیاردەیە زۆرە. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر بەم شێوەیە. بەداخەوە ژن و ژنخوازیی لەنێو ئاین و ئاینزاکان وەک عەلەوی و یارسان وشیعە و سوننە یان هەر نییە، یان زۆر کەمە. ئێوەش بیستتان و ئاگادارن ماوەیەک لەمەوبەر کچێک لە باشووری کوردستان بەشێوەیەکی

دڕندانە کوژرا، چۆنکە مێردی کردبوو بە کوڕێکی موسڵمان. ئەمە نیشانە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی بزانین کە ئێمە هێشتا دیلی بیری چەوتی چەرخەکانی نێوەڕاستین. نموونەی دیکە لەم بارەوە زۆرن و، لەسەری ناڕۆین. دەبینین لەنێو کورد دا هەندێ شێواز هەیە کە لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا نابیندرێت. بۆ نموونە "ڕەدووکەوتن" لە نێوچەی "پشتدەر". تەماشادەکەی، کچێک دەکەوێتە دووی کوڕێک، نایکوژن، بەپێچەوانەوە، لەنێو کچاندا پێیدەلێن، ئەگەر جوان بوویتایە، ئەگەر خێرت هەبوایە، ڕەدوودەکەوتی! جا ئەمە لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا نییە، تەنانەت لەنێو کورد خۆیشی دا نییە، کەچی لەوێدا هەیە. ئەمە بێگومان پێوەندیی بە کارەساتێکی مێژووییەوە هەیە، کە لەو نێوچەیەدا ڕوویداوە. دەتوانین بڵێین، پەیدابوونی چەن ئاینێک لەنێو کورد دا، وەکوو ئاینی "حەققە"، یان ئەو ئاینەی لە سالانی سەرەتای پەنجاکاندا پەیدابوو لە نێو کورد دا، "حەمەسوور" (کڵاوقوت) یان پێدەگوت، ژن ئازاد کرابوو، ژن وەکوو پیاو کاریدەکرد. بەرهەمەکان کە دەفرۆشرا، داهاتەکەی بە یەکسانیی لە نێوان ژن و پیاودا دابەشدەکرا. وەک لەبیرمبێ، ئەوکاتە تەمەنم (13) و (14) سالان بوو. گیروگرۆیەکیان بۆ "حەمەسوور" نایەوە، لە ڕۆژنامەی "النهار" کە لە بەغدا دەردەچوو، کابرایەک سەرپەرشتیدەکرد، ناوی "عەبدوڵلا" بوو، پڕۆپاگەندەیان دەکرد دژ بەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی حەمەسوور، دایڕشتبوو. لە ڕۆژنامەی ئەلنەهار نووسیبوویان، گوایە دانیشتووانی چەن گوندێک پێڕەویی لە حەمەسوور دەکەن،

لەنێو خۆیاندا ژنەکانیان بۆ یەک بەکار دێنن و حەمەسووریش دەلێ: "ئەمن پێغەمبەرم و ئاینێکی تازەم هێناوە!". بەڵام ئەم پرۆپاگەندەیە راستنەبوو، چۆنکە من خۆم حەمەسوورم دیبوو، قسەشم لەگەڵ کردبوو، جارێکیشیان چووینە گوندی "کلاوقوت" و سەرمانلێدا، باسی شتی واینەدەکرد. دەیگوت: ئێمە زەوییەکانمان دابەشکردووە و، هەر کەسە خاوەنی زەویی خۆیەتی. هەموومان پێکەوە کاردەکەین. کچمان شوو بکات بە ئارەزووی خۆی مێردی دڵخوازی خۆی هەڵدەبژێرێ، کەس زۆری لێناکا، حەزی لە کێ بێ شووی پێدەکات. مارەی و شیربای و شتی وا لەنێوماندا نییە، بۆ چارەسەری کێشەکانمان ناچینە لای مەلا. خۆمان، شوورا و ئەنجومەنێکی "پیران" مان پێکهێناوە، هەموو کێشەیەک لەڕێگەی ئەو شووراوە چارەسەر دەکەین.

جا موسڵمانەکان و مەلاکان قسەی خراپیان لە دژیان بڵاو دەکردەوە، هەندێ جاریش دەیانگوت: ئەمانە کۆمۆنیستن و، دژ بە ئاینی ئیسلامن. دەتوانین بڵێین لەنێو کورد دا هەندێجار مرۆڤی وا پەیدابووە، هەوڵیداوە کۆمەڵگەی خۆی لە هەندێ پێوەندی و کولتووری خراپ دوور خاتەوە.

**ئەوجا با بێینەوە سەر لایەنی فەرهەنگیی!**

**لایەنی فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردەواریی، تێکەڵە و دەتوانم لە سێ پنت دا باسی بکەم:**

1- زمان. زمانی کوردی، زمانێکی هێند و ئێرانییە و سەر بە گرووپی هێند و ئۆرووپییە. لەلایەنی گراماتیک (رێزمان) و

**سێنتاکس (مۆرفۆلۆژی)، پێوەندیی بە جیهانی هێند و ئۆرووپییەوەیە.** بەڵام لە کاتیکدا بەو جۆرە زمانە قسە دەکات، بیرکردنەوەی، بیری ئاینیی عەرەبییە (مەبەستم زۆربەیە و هەمووی نا!)، چۆنکە ئێزدی و کریستیان و هیتدمان هەیە. لەبەر ئەوەی زۆرینەی کورد موسڵمانە، وەک گوتم، بیرکردنەوەشی بیرێکی ئاینی و عەرەبییە. بۆ نموونە هەر پەندێک مەلا بۆ قوتابی و فەقێ و خەڵکی دەهێنێتەوە، وتە و پەندێکی عەرەبییە، یان پارچەیەکی ئایەتێکی قورئانە، یان حەدیسە، واتە لەلایەنی رۆحییەوە سەر بە دنیای **"سامی"** یە، بەلام لەلایەنی زمانەوە وەک لەسەرەوە گوتم، سەر بە گرووپی ئێرانییە. ئەوجا بێینە سەر جلووبەرگ و مووسیقا و هەڵپەڕکێ و ئەوانە، سەر بە دنیای زاگرۆسییە و، لە گەڵ قەفقازیش هەندێک تێکەڵاوی هەیە. بۆ نموونە کە هەڵدەپەڕێ، ئەمە بەشێکە لەلایەنی فەرهەنگی نەتەوەیەک، بە مووسیقای تایبەتی خۆی دڵی دەبزوێ و هەڵدەپەڕێ، بەڵام ناتوانێ بە مووسیقایەکی عەرەبی هەڵپەڕێت. بۆ نموونە کابرایەکی عەرەب **"یا لەیلی یا لەیلی"** بۆ بخوێنێ پێی هەڵناپەڕێ، چۆنکە کولتوورەکەی جیاوازە و مووسیقاکەی جیاوازە. ئەوجا بێینە سەر خواردن و خوان و چێشت لێنان. کورد داوونەریتی تایبەتی خۆی هەیە. بێگومان بەرهەمی وڵات، سنوور بۆ جۆری خواردن دادەنێت. کورد زۆربەی زۆری **"ساوەر"** یان بەکار دەهێنا، کە عەرەب نایخوا. عەرەب برنجی دەخوارد، جگە لە مووسڵ کە پێوەندییەکەی بە کوردستانەوە گرێدرابوو. لەو ساوەرە

کوببە و کفتە و شتی دیکەیان درووست دەکرد کە عەرەبی سووریا و عێراق و شوێنەکانی دیکە ئەم خواردنانەیان نەدەزانی. هەروەها کورد کە دۆڵمە (یاپراخ) لێدەنێ، لە ترکەوە فێری بووە، ناوەکەشی هەر ترکییە. جا کورد بەمە نازانێ، وادەزانێ ئەمە بەشێکە لە فەرهەنگی خۆی، بەلام لە بنڕەتدا لە گەڵ داهاتنی شەپۆلی ترکی سەلجووقی ئەم جۆرە خواردنەی لەگەڵ خۆی هێناوە. خواردنی کوردەواریی پێوەندیی لەگەڵ هەزارەها ساڵی لەمەوپێشی کوردەوە هەیە و، هی ئەمڕۆ نییە. لە چەرخی رۆمانی، لە چەرخی هێلینی واتە کات و سەردەمێک ئەسکەندەری موکدوونی هاتووەتە وڵاتی ئێمە، بێگومان لە گەل خۆیان جۆری خواردن و داوونەرێت و بیروبۆچوون و فەلسەفە و قانوونی خۆیان هێناوە و، پاشماوەکەی لە کوردستاندا ماوە. بەلام عەرەب کە لە سەدەی چوارەم هاتە عێراقی ئەمڕۆ و لە "حیرە" دابەزین و بوونە دانیشتووی وڵاتی ساسانی، ئەوان لە کورد زۆر شت فێربوون، وەکوو لایەنی فەرهەنگ و جۆری ژیان. پێش ئەوەی عەرەب لە "جزیرە" دەربچێت، خواردنی بنەڕەتییان خورما بوو. دوای هاتنی ئیسلام، بوو بە خواردنێکی پیرۆز و لەمانگی رەمەزان رۆژووی پێدەشکێنن. کورد ئەمەی نەبووە، کورد شتی دی هەبووە. دیارە لایەنی کۆمەڵایەتیی زۆر شت دەگرێتەوە، وەکوو پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، چیرۆک و ئەفسانە و چیرۆکی مندالان و ... هیتد، پێوەندییان بە رەوڕەوەی مێژووی کوردەوارییەوە هەیە.

**پ: پارتەکانی کوردستان لەماوەی پەنجا بۆ شەست ساڵی رابردوو بەملاوە،**

**دروشمی ئۆتۆنۆمی، یان خودموختارییان هەڵبژاردووە، چەن ساڵێکە دروشمەکەیان گۆڕیوە بۆ فیدرالی و دەڵێن: جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە داوای سەربەخۆیی بکەین، چۆنکە هێشتا بارودۆخی دنیا و خۆرهەڵاتی ناڤین لەبار نییە بۆ کورد! ئایە کاتی ئەوە نەهاتووە کورد راستەوخۆ داوای سەربەخۆیی بکات؟ بۆچوونی بەڕێزتان لەم بارەوە چییە؟**

**د. جەمال رەشید:** من بە یەک وشە تەنیا دەتوانم وەرامی ئەم بۆچوونەی حیزبەکان بدەمەوە: ئەگەر منداڵیک، نەک پیاوێک، ئازاری هەبوو، دەگری، هاوار دەکا. جا ئەگەر نەتەوەیەک چەوسابێتەوە دەبێ هاوار بکات. نابێ بڵێین کاتی نەهاتووە هاوار بکەی! ئەو هاوارە سمکۆ، هاواری پێدەکرد، شێخ سەعید هاواری پێدەکرد، شێخ مەحموود هاواری پێدەکرد، شەرمە ئەمڕۆ، سەد ساڵ دوای ئەوان بڵێم: هێشتا کاتی نەهاتووە!؟ ئەم بیری رزگاربوونە، یان بیری دامەزرانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردیی، بابەتێکی ویژدانیی مرۆڤە، وەکوو کێشەی نەتەوەیەک دەبێ باسی بکەین، نابێ شەرم بکەین و نابێ بڵێن هێشتا بارودۆخ لەبار نییە. بارودۆخ هیچکات نایەتە لات، تۆ دەبێ خۆت ئەو بارودۆخە پێکبێنی.

من لەبەر ئەوەی سەر بە هیچ حیزبێک نیم، بیرم ئازادە لە وتەکانم. لەبەر ئەوە دەلیێم هەموو کاتێک دەتوانین باسی دەوڵەتی کوردی بکەین. لێرەدا دەتوانم باسی ئەوە بکەم، کاک مەسعوود بارزانیی لە زۆر شوێندا باسی ئەوە دەکا، دەڵێ: دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، مافی سرۆشتیمانە. ئەوەی باسیدەکا،

ئازایەتییە و، لە گەڵ راستیدا رێکە. بەڵام کە دەڵێین کاتی نەهاتووە، ئەو کاتە هاتووە و ئێمە نەمانزانیوە و نەمانتوانیوە بیقۆزینەوە. بۆنموونە جەنگی جیهانیی یەکەم باشترین هەل بوو بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین دەوڵەتی خۆمان دامەزرێنین، نەک چاوەڕوان بین خەڵکی دیکە بۆمانی پێکبێنێ. وەکوو ئێستاش دەلێن: فەرانسە یان ئینگلیز بۆچی نایەن لە هەولێر و شوێنەکانی دیکەی کوردستان جادەمان بۆ درووست بکەن! یان زۆر عەیبە شیرکەتی بێگانە بێن لە هەولێر پێتەختی کوردستان دا بینای گەورە گەورە درووست بکەن، کورد خۆی نەزانێ و نەتوانێ درووستی بکات. جا لە سیاسەتیشدا هەر وابووە، یانی بیری کردووەتەوە خەڵکی دیکە بێن دەوڵەتەکەی بۆ درووست بکەن. لە جەنگی دووەمی جیهانیش هەر بەو شێوەیە، کاتێک ئەورووپا تووشی کارەساتی گەورە ببوو، کۆلۆنیالەکانی لە بیر چووبووەوە، کەچی کورد هەروەک خۆی مابووەوە. هەروەها ساڵی (1991) کە تۆ توانیت کەرکووک رزگار بکەیت، ئەی باشە بۆچی بەریدەدەیت و دەکشێیتەوە؟ کە واتە کورد خۆی بەرپرسە لەو بابەتە کە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردییە!

لە ساڵی (1961) ەوە هەتاکوو ساڵی (2003) کە سەدام رووخا، رۆژی بەلانی کەم دەجار پانزەجار وڵاتی کوردەواریی بە فڕۆکە بۆمباباران دەکرا. تانکەکانی عێراق لەو دێهاتانە هەمیشە خەڵکیان دەکوشت و ماڵیان وێران دەکرد. دەی باشە، تۆ ئەگەر سەربەخۆییت راگەیاندبایە، یان ئۆتۆنۆمی، یان فیدرالیت راگەیاندبایە، تۆ هەر ئەو شەقەت دەخوارد. باشە کە تۆ ئامادەی

نرخی ئەو شەڕە بدەی، بۆچی ئەبێ نەتوانی هەستی ڕاست و درووستی خۆت بەرامبەر دوژمنت دەربڕیی!؟ بۆچی دەبێ من شەرم لە "مالکی" سەرۆکوەزیرانی عێراق بکەم؟ بۆ شەرم لە عەبدولعەزیز حەکیم بکەم؟ ئەوان شەرم ناکەن، ئەوان هەموو شتێ دەلێن. ترکمانەکانیش شەرممان لێناکەن. دەی باشە بۆ دەبێ من نەوێرم بڵێم کەرکووک دەکەمە پێتەختی کوردستان و، کوردستانیش دەکەمە دەوڵەت!؟ ئەوجا ترکیا چ دەلێ با بلێ، ئەم کێشەیە کات و ساتی بۆ نییە. تۆ دەبێ هەموو ساتێ باسی کێشەیەک بکەیت کە پێیدەڵێن کێشەی کوردیی، کە دەبێ چارەسەر بکرێت، جا ئەمە بە یەکێتیی کورد دێتە دی، بە دەوڵەتی کوردی بێ، بە هەر شێوەیەک بێت، ئێمە ڕازین.

**پ: دامەزراندنی دەولەتی کوردستان، خەون و ئاواتی ئێمە و هەر کوردێکی نیشتمانپەروەرە. بە باوەڕی بەڕێزتان، ئەم خەون و ئاواتە چۆن دێتەدی، کاتێ دەبینین حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان، بیری دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازی و بەرژەوەندیی کەسی و، بیری پلەوپایەی حیزبیی بەسەریاندا زاڵە!؟**

**د. جەمال ڕەشید:** من پێموایە ئەو خەونە بەوە دێتەدی کە تۆ بتوانی هەموو چین و توێژێکی کوردی فێری بیری نەتەوەیی بکەی. واتە گەر نەتەوەیەک یەک بیری هەبوو دەتوانێ بڕیار بدات. بەڵام نەتەوەیەک هێندە حیزب و گرووپ و لایەنی جیاواز جیاوازی هەبێت، ناکەونە سەر یەک وشە. یەکێتیی نەتەوەیی پەیدا نابێ، یەکبوون بوونی نابێ. بە یەکبوونی بیر، یەکبوونی نەتەوە، بە یەکبوونی نەتەوە، گەیشتن بە ئامانج سەرهەڵدەدات. ئەمە سڕی

ئەوەیە کە خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بێتەدی. ئەگینا تەنیا ئەوە نییە تۆ کلاشینکۆفێکت هەبێ، بچی لەو شاخە شەڕ بکەی. تۆ دەتوانی سەربازێک یان دوو سەرباز بکوژیت، بەڵام ناگەیتە ئامانجت. ترکمان هەموو یەکن، من لەنێویاندا ژیاوم. یەکیان چی بڵێ، هەموو دەڵێن وایە، کەچی من هەڵسم شتێک بڵێم، یەکسەر هەموو کورد دەبنە دوژمنم! جا ئەوەیە جیاوازییەکە. عەرەبیش هەروایە، بۆ نموونە کە باسی فەلەستین دەکرێت، عەرەب هەمووی یەکە، پشتگیری لێدەکەن. ئێمە بێجگە لەوەی لە باشووری کوردستاندا جۆراوجۆرین، بێینەوە سەر کوردستانی گەورە، ئەوا هەر زۆر زۆر دوورین لە یەکتری. ئەو بزووتنەوانە لە باکووری کوردستاندا هەیە، یەکێ وەکوو پێ کێ کێ بۆ زۆر شت لەگەڵتا رێک نییە. جا دەبێ ئێمە وەک نەتەوەیەک یەک بین.

**پ: کێشەی کەرکووک و نێوچە بە عەرەبکراوەکان، پاش رووخاندنی رژێمی بەعس و لەسێدارەدانی سەدام حسێن، چارەسەر نەکراوە. ئەم کێشەیە بۆچی وا ئاڵۆز بووە؟ ئایە حکوومەتی تازەی عێراق بە مەبەست دۆخەکەی وا لێکردووە، یان سووچی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و نایانەوێ کەرکووک و نێوچە دابڕێندراوەکان بگەڕێنەوە سەر کوردستان؟ یان هۆکاری مانەوەی کێشەکە، کورد خۆیەتی!؟**

**د. جەمال رەشید:** لێرەدا کە باستکرد سەدام لەسێدارە درا، وەک بینیم لەسێدارە نەدرا، بە پەت هەڵواسرا، چۆنکە پرسەکەی لە من دەکەی، من لەبیرمە پەتیان بۆ هەڵواسیی.

سەبارەت بە کێشەی کەرکووک من نازانم لە کوێوە دەسپێبکەم!

کێشەکە لەسەرەتادا تاوانی کوردی تێدایە، واتە سووچ و تاوانی ئەو سیستەمانە نییە کە لە عێراقدا پەیدابوون، چ لە زەمانی پاشایەتیی، چ لە زەمانی کۆماریی بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم، یان سەردەمی بەعسییەکان. چۆنکە ئەوەی لەبیرم بێ، باوکم هۆتێلی هەبوو، هەمیشە دەچووم دادەنیشتم گوێ لە خەڵک راگرم. خەڵکی باش دەهاتن دادەنیشتن، زۆربەیان ئاغاواتی کورد بوون، لەوانە شێخ جەباری، ئەمە گەورە پیاوی عەشیرەتی جەباری بوو، شێخ تارقی باوا هەبوو، ئەمە گەورەی هەموو تالەبانەکان بوو، هەروەها شێخ فاتێح هەبوو، شێخ ساڵح محەمەدی کڵێشە هەبوو، سەیدەکانی کاکەییەکان هەبوون، وەکوو عەلی ئاغا و هیتد...، دەهاتن، من گوێم لەمانە دەگرت. هەموویان لە دەرەوەی کەرکووک دەژیان، بەڵام بەرهەمی کشتوکاڵیان وەک گەنم و جۆ و دانەوێڵەی دیکە، هەموو دەهاتە کەرکووک بەدەست ترکمان دەفرۆشرا. واتە کورد کاریدەکرد، سوودەکەی بۆ ترکمان بوو. باوکم دەیگوت پێیان: بابە گیان ئێوە بۆ وا دەکەن؟ ئەو تەڕەکاری و بەروبوومەی هەتانە، بۆ ئێوە دەیدەنە ترکمان؟ بیدەنە کورد، یان ئێوە خۆیان وەرنە شار، لە کەرکووک زەوی بکڕن، بیکەنە خانوو، خۆتان دووکان و هەمار بکەنەوە، بەوەش نەتەوە درووست دەبێ! ئەمە ساڵی 1952و 1953بوو، ئەم قسانەی باوکمم لەبیرە، کەچی گاڵتەیان پێدەهات، دەیانگوت بابە چۆن وا دەبێ؟ ئەو لادێ و هەوا خۆشە جێ بهێڵێن و بێین لەم گەرمایە بژین ؟ جا ئێمە وەکوو شارستانییەک بیرماندەکردەوە کە

وا کورد کەمایەسی و تاوانیکی هەیە، چۆنکە تەماشاماندەکرد حکوومەتی عێراق، عەرەبی هێنابوو بۆ نێوچەیەک بەناوی "خوێگە"، عەرەب ناوی نا "الملحا"، چۆنکە عەرەب بە خویٚ دەڵێ "ملح"، دواتر ناوەکەیان گۆڕی و کردیان بە "حەویجە" (حویجە)، دوو عەشیرەتی گەورەی عەرەبیان هێنایە ئەویٚ بەناوی "ئالعوبید" و "ئالجبور"، لەویٚ نیشتەجێیان کردن. ئاوی زێیان راکێشابۆیان و دەستیانکرد بە کشتوکاڵی، لەمەوە فێری بەرهەمهێنان بوون و، بەرهەمەکانیان دەهێنایە کەرکووک. ئەوانیش شێخەکانیان دەهاتن لە هۆتێلی ئێمە دادەبەزین، وەک شێخە کوردەکان ئەمانیش نەدەهاتن لە کەرکووک نیشتەجێ بن. تاکوو ئەو سەردەمە لە شاری کەرکووک، لە پاڵ کورد دا تەنیا ترکمان دەژیا. من کە لە ساڵی 1947 لە کەرکووک چوومە قوتابخانە، هەتا پۆلی سێیەمی ناوەندیی، لە پۆلەکانماندا، قوتابی، یان خوێندکارێکی عەرەبم نەبینی. لە پۆلی سێی ناوەندیدا یەکێکمان لێ پەیدابوو، ناوی زەرغام بوو. من شاهیدم بۆ ئەوە کە عەرەب نەبوو لە کەرکووک. ئەگەرچی زۆربەی دانیشتووانی شارەکە کورد بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە کورد حەزیان نەدەکرد بێن لە کەرکووک دانیشن.

بابەتی زیادکردنی کورد لە کەرکووک لەسەردەمی کۆماریی دەستپێکرد کە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بەیاننامەی دەرکرد بە بۆنەی دەستووری کاتیی، لە مادەیەکیدا دەڵێ: "ئەم ولاتە کورد و عەرەب تێیدا شەریکە!". جا ئەمە کاریگەریی زۆری هەبوو بۆ

سەر کورد، چۆنکە لەوە بەدواوە ئەو کوردانەی هەژار و دەسکورت بوون، روویان لە کەرکووک کرد و لە کۆمەڵێک خانوو خانوودا نیشتەجێ بوون کە پێیاندەگوت: "جمهوری". لەوێدا رێژەی کورد لەنێو شاردا زیاتری کرد. پارێزگەی کەرکووک هەر چوار دەوری کوردە، لە باکوورەوە نێوچەی "شوان" کوردە، لە رۆژهەڵاتەوە "چەمچەماڵ" و "قەرەهەنجیر"، لە باشووریشەوە هەتا دەچوویتە "کفری" و خانەقین"، سەر بە کەرکووک نەبوون، سەر بە دیالە بوون، ئەمانە هەموو کورد بوون، بەڵام لە نێوانیاندا هەندێ دێهاتی ترکمان هەبوون. بۆنموونە گوندی "بێشێر" لە خوار کەرکووک، گوندی "بڵاوە"، ئەم دێهاتە ترکمانانە هەندێ "قزڵباش" یان تێدا بوو. جا ئەو قزڵباشانە، هەرچەندە ترکمان بوون، بەڵام نێوانیان لەگەڵ ترکمانەکانی شار خۆشنەبوو، چۆنکە ئەمان سوننە بوون، ئەوان شیعە بوون. ترکمانەکانی کەرکووک ئێمەشیان فێر دەکرد ترکمانی ئەو گوندانەمان خۆشنەوێت و لە گەڵیشیان نان نەخۆین، دەیانگوت نانەکەشیان پیسە! واتە یەکێتیی لە نێوان ترکماندا نەبوو. جا کوردەکە زیاتر لە گەڵ هەردوو لادا تێکەڵاویی هەبوو.

لێرەدا ئێمە هیچ کێشەیەکمان نەبوو لەسەر کەرکووک، تاکوو چەرخی کۆماریی هات. کە چەرخی کۆماری هات و لە دەستوور دا نووسرا کورد و عەرەب لە عێراقدا شەریکە، بەڕاستیی کورد دەیویست بزانێ لەو وڵاتەدا سنووری تا کوێیە؟ بەڵام کێشەیەک کە لە کوردستان لەوکارەدا سەریهەڵدا ئەوە بوو، لە گەڵ بڕیاری

دابەشکردنی زەویی بەسەر چینی جۆتکار دا، وایکرد هەندێ دەرەبەگی کورد دژ بەم مادەیە بوەستن. لێرەدا ناتوانم بڵێم کە وا پارتی لەم نێوەدا چەن دەوری هەبوو کە پشتگیریی ئەو دەرەبەگانەی دەکرد (ئەمە بابەتێکی دوورە لەم پرسیارەی ئێوە!)، بەڵام کاتێک شۆرشی (11) ی ئەیلوول دروستبوو، یەکێ لە گیروگرفتە گەورەکانی ئەوە بوو، بۆ داخوازیی کورد بەرنامەیەکی نەبوو. هەندێجار بە "لامەرکەزی" رازیبوو، دوایی کە بەعس پەیدابوو، بە ئۆتۆنۆمی رازیبوو کە ئەویش سەدام خۆی، سەرۆکایەتیی کوردی ئامۆژگاریکرد داوای ئۆتۆنۆمی لێ بکەن، کورد خۆی داوای نەدەکرد. ئێمە داواماندەکرد رێککەوتننامەی (22) ی حوزەیران جێبەجێ بکرێ کە لە گەڵ عەبدولرەحمان بەزاز مۆر کرابوو، کەچی ئەوان (بەعسییەکان) وتیان نەخیر، مافی ئێوە زیاترە لە رێککەوتننامە لە گەڵ بەزاز. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە هەر لە زووەوە نەمانتوانیوە داخوازیی خۆمان وەکوو بەرنامەیەک لەسەر کەرکووک یان لەسەر کوردستان بچەسپێنین. بەڵام کێشەی کەرکووک لە کەیەوە دەستپێدەکات؟ لەکاتی گوتووبێژەکانی رەحمەتی مەلامستەفا بارزانیی لە گەڵ شاندی عێراقی لەبۆ رێککەوتننامەی (11) ی ئازار.

من لە ساڵی 1977 لەلایەن زانستگەی "لایدن" راسپێردرام هەندێ پەیماننامە و بەڵگەنامەی سەردەمی عوسمانی رێکخەم. ئەو بەڵگەنامانە سالەهای ساڵ بوو کەوتبوو لەوێ. من لەبەر ئەوەی زمانی ترکی دەزانم و بەڵگەنامەکانی سەردەمی عوسمانی بەزمانی

تركی و به خەتی عەرەبی نووسرابوون، توانیم هەمووی ڕێکخەم. لە کاتی ڕێکخستن دا چاوم کەوت بە "قامووسی ئێعلام" کە "شەمسەدین سامی" نووسیویەتی. حەزمکرد بزانم ناوی کەرکووکی تێدایە؟ کە پەرتۆکەکەم کردەوە، ئاوای نووسیبوو:"شاری کەرکووک لە کوردستان دایە و، نێوەندی سنجاقی شارەزوورە و سێ بەشی ئەم شارە کوردن!".

ئەمە لە ساڵی 1977 وای لێکردم کە بزانم دەوڵەتێکی وەک عوسمانلی دان بەوەدا دەنێت کە وا کەرکووک نێوەندی شارەزوورە لە کوردستاندا، چۆنکە بەزمانی ترکی دەڵێت: "کوردستان"، ئەمە زۆر گرنگە. لەمەدا کاتێک مامجەلال لەساڵی 1991 داوای شتێکی لە من کرد چوو بۆ ترکیا بۆ لای تۆرگۆت ئۆزال، من ئەمەم داپێی، وتم: لەگەڵ ئۆزال کە باسی کەرکووکتان کرد، تۆ بڵێ: من هیچ ناڵێم ئەمە بەڵگەنامەی خۆتانە!".

جا بەپێی پاشەکییەکی مێژوویی، هەروەها سیاسی و نێونەتەوەیی وەکوو دەوڵەتی عوسمانلی، هەروەها وەکوو ڕاستییەک کە کورد تێیدا دەژی، کەرکووک بەشێکە لە کوردستان. بەڵام کابرایەک کە نەزانێت، بچێت لە بەغدا دانیشێت، ناوی دوو شەقام، یان دوو کۆڵانی کەرکووک نەزانێ، خەڵکی ئەوێ نەبێ، لەوانەیە خەڵکی قەڵادزێ بێ، خەڵکی بارزان بێ، یان خەڵکی سەنجار بێ، تۆ دوو کەرکووکی بۆ نابەی لە گەڵ خۆت کە داوای مافی خۆی بکا، کە بە تەواوەتیی شارەزای شارەکە و مێژووی

شارەکەی خۆیەتی!؟ لێرەدا نە تاوانی دەوڵەتی مەرکەزییە و نە تاوانی دەولەتانی هاوپەیمانە وەکوو ئەمریکا، بەڵکوو لە شتێکەوە دێت، نەخۆشێک نەڵێت من من نەخۆشم، کەس ناتوانێ بڵێ پێی تۆ نەخۆشیت، چارەسەرت دەکەم! جا کورد دەبێ بۆ خۆی ئەو مافەی خۆی بچەسپێنێت. هەموو کاتێک ئەوەی لە تۆ نییە، ئامادەیە دان بە تۆدا نەنێت. کاتێک دان بە تۆ دا دەنێت، کە تۆ خۆت دان بە بوونی خۆتدا بنێی. دەڵێی: من هەم، ئەویش دەڵێ: ئا تۆ هەیت! حکوومەتی بەغدا بەهیچ جۆرێک دان بە تۆدا نانێت، ئەگەر بشڵێ ئا هەیت، بەڵام هیچت بۆ ناکا. جا تۆ دەبێ خۆت بیکەی. لەبەر ئەوە من لەو باوەڕەدام دەبێ کەرکووک رزگار بکرێت، جا بە زۆر بێ، یان بە هەر شێوەیەک بێ دەبێ رزگار بکرێ و، داوودەزگەی خۆتی لێدامەزرێنی، ئەوجا ترکیا پێی خۆشە، یان پێی ناخۆشە، ئەوا کەیفی خۆیەتی.

**پ: دێینەوە کەرکووک، شار و زێدی لە دایکبوونتان. لە بارەی بنەماڵەتان، بەسەرهات و بیرەوەری و ژیانی تایبەتی خۆتان بۆمان بدوێن!**

**د. جەمال رەشید:** لەبارەی خۆم زۆر بە کورتی باسدەکەم. نایەتە بیرم چۆن لە دایکبووم، بەڵام بەپێی ئەو نووسینەی باوکم نووسیبووی، شەوی هەینی سەعات (10) رۆژی (3)ی حوزەیرانی ساڵی 1941 لە قەڵای کەرکووک لە دایکبووم. ئێستا ماڵەکە نایەتە بەرچاوم. من نەختێ بیرم تیژە، لەبیرمە هێشتا نەمدەتوانی بەڕێدا بڕۆم، ڕەوڕەوەیان کریبوو بۆم، کە بە دەست بیگرم و پێی بڕۆم، ئەوەم لە بیرە. ئەو ماڵەشم لە بیرە

حەوشەکەی چۆن بوو. هەروەها شێوەی دایکم و برای گەورەم و ئەمانەم لە بیرە. ژیانی تایبەتیی خۆمم هەر لە قەلای کەرکووک بردەسەر، چۆنکە قوتابخانەکەشمان هەر لەوێ بوو. دەچوومە قوتابخانە و دەگەڕامەوە ماڵەوە. ماڵی ئێمە، ماڵێکی شارستانی بوو. دایکم خۆی هەر خەڵکی کەرکووکە، لە خوار قەلا لە دایک ببوو، لە گەڕەکی سەقاخانە، زۆربەی دانیشتووانەکەی کورد بوون، بەڵام ببوون بە ترکمان. لەبەر چیش ببوون بە ترکمان؟ کە ساڵی 1921 عێراق بوو بە دەولەت و قانوونی ناسنامەی عێراقی دەرچوو، لە قانوونی ناسنامەدا هاتبوو، دەبێ ئەو کەسانە ببن بە عێراقی، کە پێشتر ناسنامەی عوسمانییان بووبێت. جا زۆر لەو کوردانەی لە گەرەکی سەقاخانە دادەنیشتن، لە بنەڕەتدا کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بۆ ئەوەی ناسنامەی عێراقی وەرگرن، دەیانگوت ئێمە ترکمانین. ئەوکات کەس نەیدەزانی ترکمان لەو پەڕی سنووری ئێرانیشەوە هاتووە، چۆنکە ترکمانستان لە سەرووی ئێرانە و لە نێوەڕاستی ئاسیا هەڵکەوتووە. ئاستی هۆشیاری لەو زەمانەدا نزم بوو، خەڵک وایاندەزانی کورد ئێرانییە و ترکمانیش عوسمانلییە. جا دایکم خەڵکی ئەو گەڕەکە بوو، ئەو شتانەی بۆ من دەگێڕایەوە، دەیوت فڵانە کەس کوڕی فڵانە کوردە. با باسی ئەوەش بکەم، لە ساڵی 1959 رێکخراوەیەک پەیدابوو کە کوردیان دەکوشت، تێرۆریان دەکرد و سەرۆکە کوردەکانیان دەکوشت. سەرکردەی ئەم رێکخراوە یەکێک بوو لەو کوردانەی کە ببوو بە ترکمان و خەڵکی گەڕەکی سەقاخانە

بوو. جا دایکم دەیگێڕایەوە بۆم، ئەو کەسە کێیە و کوڕی کێیە؟

ئێمە ئەندامانی بنەماڵەکەمان کە بیری نەتەوەییمان پەسند کرد، هەر بە کاریگەریێتیی پەروەردەی باوکم بوو. دایکم زۆر بیری لە سیاسەت نەدەکردەوە. بەڵام باوکم نەک هەر بیری لە سیاسەت دەکردەوە، بەڵکوو لە زۆر بزووتنەوەی رزگاریخوازیشدا بەشداری کردبوو. کاتێک ئینگلیز سلێمانیی بوردمان کردبوو، بەیاننامەی فڕیدابوو کە وا سمکۆی شکاک دەبێ سلێمانی جێبێڵێ و بڕوا، باوکم لە گەڵ دوو جەنگاوەری سمکۆ لە هۆدەیەکی ماڵێکدا دەبن بوردمان دەکرێ و مشکییەکەی باوکم لە ژێر داروپەردووی ماڵەکەدا بەجێ دەمێنێ. لەو کاتەدا لەوانەیە تەمەنی 20 و 21 ساڵ بووبێ، نیشتمانپەروەر بووە. چووە ببێت بە پێشمەرگەی شێخ مەحموود کە ببوو بە مەلیک. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە مامم لەو بچووکتر بوو، لە شەڕەکانی مەریوان دا بەدەست رووسەکان شەهید کرا، ئێستاش گۆڕەکەی هەر لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

لەبارەی ژیانی تایبەتی خۆم، لە کەرکووک خوێندنم تەواو کرد، پاشان لە زانستگەی بەغدا خوێندنم تەوا کرد. لە سوپای عێراقدا سەربازیم تەواو کرد. ماوەی دووساڵ مامۆستای زمان بووم، پاشان سەرمهەڵگرت دەرچووم لە عێراق، لەسەر حیسابی خۆم هاتم بۆ خوێندن لە ئەورووپا، پووڵێکی زۆریشم نەبوو. پاش ماوەیەک کە لە بەرلینی رۆژاوا دادەنیشتم، توانیم مانگانە (40) دۆلار بدەم لە بۆلگاریا دانیشم، لەوێ تێزی خۆم بدەم بۆ دوکتۆر.

بەڵام بۆ ماوەی ساڵێک کە لەوێ دادەنیشتم، بەر لێبوردن کەوتم. قانوونێک دەرکرا بۆ هەموو کەس نەک هەر بۆ من، ئەوەی بێگانە بێ تەنیا دەتوانێ پارە بگۆڕێتەوە نەک پارە بدات. ئەوە بوو مانگانە (83) لیوەم وەردەگرت پێی بژیم. بەوجۆرە خوێندنەکەم لەوێ تەواو کرد و، دوکتۆرانامەکەشم لە بارەی **"کوردستانی کۆن"** بوو. واتە پێش سەرهەڵدانی مەرجی نەتەوەیی کورد، چەرخی **سۆمەری و ئەکەدی** و ئەوانە بوو. تاکوو ئێستا بڵاوم نەکردووەتەوە. پاشان گەڕامەوە، دەبوا لە سلێمانی دا دەستم بکردایە بە کارکردن. کەچی زانستگە گوێزرایەوە بۆ **قەڵادزێ**. من یەک شەوی لێبووم، بەیانییەکەی بوردمان کرا. پاشان لە **شۆڕشی ئەیلوول** گەیشتمە ئەندامی لێژنەی چاودێریی مەکتەبی سیاسی **پارتی دیمۆکراتی کوردستان**. ساڵی 1975 ئەوێم بە جێهێشت، هاتمە **هۆڵەندا**. لە هۆڵەندا لای کلۆبی مەلیکی ئەمستردام کارم کرد. من بە پاسپۆرتی عێراقی هاتبوو، هەر بەو پاسپۆرتە گەڕامەوە **عێراق**، لە زانستگەی **سلێمانی** دەستم بە کارکردن کرد. پاشان لە گەڵ **دوکتۆر کوردستان موکریانی** ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێنا. ئەوکات ئێمە لە دەرەوە بووین، بڕیارماندا سەر لە کوردستان بدەینەوە، ئەو ساڵەی **ئەنفال** دەستیپێکرد، ئێمەشیان گواستەوە بەو نیازەوە لە گەڵ ئەنفالکراوەکان ئێمەش تێدابەرن. برایەکم لە نێوچەی **سەی سادق** لە ساڵی 1987 شەهید کرا، سێ منداڵی لە دوای خۆی بەجێهێشت. ئێمە لە ماڵەوە دە کەس بووین، چوار خوشک و شەش برا، ئێستا ماون دووانیان لە ئەورووپان،

دوو براکەی تریشم لە کەرکووکن. خوشکەکانیشم لە هەولێرن، شوویان کردووە. ئەمە بە کورتی ژیانی من بوو. دیارە بە دووروودرێژی باسیناکەم، چۆنکە زۆر ناخۆشیم دیوە. چەن جارێ حوکم درام بە ئێعدام، هەر لە ساڵانی 62 و 63. ساڵی 62 گیرام بەناوی یاخیبوو، ساڵی 63 بەتاوانی کۆمۆنیستی گیرام کە واش نەبوو، چۆنکە من کۆمۆنیست نەبووم. ئەو بەڵگەنامانەی ساڵی 62 وەک ئەندامی پارتی لەسەری گیرابووم، لەساڵی 63 بوونە هۆی ئازادبوونم. بە کورتییەکەی لەسێدارە نەدرام، بەڵام ئازار و شکەنجەدەی زۆر کرام. گرنگ ئەوەیە مامەوە و توانیم بیر و زانستی خۆم بڵاوبکەمەوە.

**پ: دوای رووخانی رژێمی بەعس و لە سێدارەدانی سەدام حسێن، داهاتووی کورد و رۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی چۆن دەبینن؟**

**د. جەمال رەشید**: دوای هەڵواسینی سەدام داهاتووی کورد چۆن دەبینم؟ بەگشتی ئەگەر باسی بکەم، ئەم سەدەی بیست و یەکە، سەدەی رزگاربوونی گەلانە. واتە گەلێک وەکوو **کۆسۆڤۆ**، وەکوو **بۆسنیا**، وەکوو ئەو گەلانەی **باڵکان**، کە توانییان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان پێکبێنن، ئەی بۆچی کورد وەکوو خۆی بمێنێتەوە؟

دەمەوێ ئەم دوو وەڵامە تێکەڵ بە یەک بکەم: رۆڵەکانی کورد بۆ ژیانێکی تازەی هاوچەرخ، کە بتوانن دەولەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزرێنن، لەپێشدا پێویستە چاوێک بخشێنن بە بیر و ژیانی خۆیان، ئەمەش دوو بابەت دەگرێتەوە: **یەکەمیان ژیانی رۆحییان**

کە بە بیری مێتۆلۆژی و ئایینی گرێدراوە، دووەمیان پێوەندیی بە ژیانی مەتریاڵەوە هەیە، واتە ژیانی مادیی. لە هەردوو حاڵەتدا دەبێ پشت بە مێژوو ببەسترێت، واتە دەبێ رۆحی نەتەوەیی کورد لێی بکۆڵدرێتەوە، واتە من کە دەڵێم موسڵمانم، ئێزدی یان کریستیانم، دەبێ بیر بکەمەوە ئەم ئاین و بیروباوەڕە لە بنەڕەتدا چۆن لە من پەیدا بووە؟ ئایە ئەو پرنسیپانەی من هەمە، وەکوو موسڵمانێک، یان وەکوو ئیزدییەک لەگەڵ ئەم چەرخەدا رێکدەکەوێ؟ بۆ وێنە بە پێی ئەزموونی خۆم کە هێندێک لەنێو ئێزدیاندا گەڕاوم، ئیزدی مەسینە بەکار ناهێنێ، چۆنکە شێوەی مەسینە بە شێوەی مەلەکەی تاووس دەکات، کە مەلەکەی تاووس وابزانم لە ئیسلامدا مەلایکەی جبرەئیلی پێدەلێن. لەبەر ئەو هۆیە، لە ئاودەستدا ئاو بەکار ناهێنن، چۆنکە ئاو لە ئاینی زەردەشتی کۆنیش حەرامە و نابێ پیسی بکەی. ئاو و هەوا نابێ پیس بکرێن. ئەم خووخدە کۆنە لەنیو ئێزیدیاندا هێشتا ماوە. لەبەر ئەمە تەماشا دەکەین ئێزدییەک کە لە ئەورووپا دەژی، بۆوێنە لە ئاڵمانیا دەژی، لێرەش ئەو داوونەریتە کۆنەی کوردستانی ناگۆڕێ، ئەمە پێوەندیی بە لایەنی رۆحییەوە هەیە. هەروەها بۆنموونە جۆری خواردن، لە زۆر شوێنی کوردستان بەدەست نان دەخورێ، هەموو رۆژێ ناچار نیت، سینییەک یاپراخ و گۆشت و برنج و خواردنی دیکەت بۆ بێنن، دەبێ کورد فێر بێت گرنگیی بەلایەنی تەندروستی خۆی بدات، لەسەر ئەوە پێدانەگرێت ئەم خواردنانە پێوەندییان هەیە بە کولتووری ئێمەوە و نابێ وازی

لێ بێنین. موسڵمانێک، یان مەلایەک لەوێ دادەنیشێ، ئایەتێک دێنێتەوە بۆت، باسی رۆژووت بۆ دەکات. سەیری تۆ ناکا و گوێ بەوە نادا کە تۆ گەدەت برینی هەیە. جا لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ پێداچوونەوەی هزر و داوونەرێتی خۆمان بکەین.

**دووەم: دەبێ مێژووی کورد سەرلەنوێ بنووسینەوە.** کاتێک من دەڵێم ئیمرۆ ئێمە سەیری لایەنی رۆحی بکەین و بیگۆڕین، مەبەست ئەوەیە بزانین لە رابردووشدا ئێمە چی بووین؟ چ هەڵەیەکمان کردووە؟ بۆ واین؟ بۆچی بەم جۆرە دەژین؟

لێرەدا بە باشیدەزانم بچینە سەر بابەتێکیتر کە پێوەندیی بەم باسەمانەوە هەیە. لە **قورئان** دا زۆر وشە بەکار هێنراون، بەڵام ئاماژە بە سەرچاوەکەی نەکراوە و، نەنووسراوە کە ئەم وشانە لە چییەوە هاتوون؟ وەک وشەی **قەبیلە یان عەشیرەت. عەشیرەت** وشەیەکی کۆنی **سامی** یە و عەرەبی نییە و، لە زمانی سامیی کۆن وەرگیراون. عەشیرەت ئەو گرووپە خەڵکەیە کە تەنیا لەنێو خۆیاندا زاوزێ دەکەن. لە زمانی عەرەبیی ئیمڕۆدا وشەی **"الشعرة"** هەیە، بە مانای **تێکەڵاوبوون** بەکار دێ. لە سەردەمی کۆن دا خوداوەندی دایک هەبوو ناوی **"عیشتار"** بوو، لە **سووریا** پێیاندەگوت **"عشتەروود"** لەبەر ئەمە وشەی عەشیرەت پێوەندیی بە دایکەوە هەیە. ئەو جۆرە پێوەندییە سیکسییە کە هەبوو لەنێوان ئەندامانی عەشیرەت، بە بۆچوونی ئاینیی ئەو سەردەمە، دەبوو بە پیرۆزباییکردنی خوداوەندی دایک ئەنجامبدرێت. جا عەشیرەت لە کۆندا بەو مانایە بوو. بەلام کە کۆمەڵ پێشدەکەوێ و پرنسیپی تازە لە ژیانی ئادەمیزاد دا پەیدا دەبێ، ئەو چەمک و مانایەی

نامێنێ و واتایەکی تازە وەردەگرێ و عەشیرەت بە دەستە و گرووپێ لە نەتەوەیەک لێکدەدرێتەوە. کورد ئەم وشانە بەکار دێنێ، بەڵام کورد وشەی خۆی هەیە، ئێمە وشەی "هۆز" و "تیرە". هەر چۆنێک بێت، کۆمەڵ بەپێی پێوەندیی ئابووری و پێشکەوتنی ژیانی ئابووریی، جۆرە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتیی دەگۆڕێ و سنووری بۆ دادەنێ. واتە پێوەندییەکانی کۆنی دوو یان سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، وەکوو ئەوە نییە کە دەوڵەتی ماد پەیدا دەبێ، دەوڵەتی ساسانی پەیدا دەبێ، یان دەولەتی ئیسلامیی پەیدا دەبێ، هەرجارە و لە رەوتی مێژوودا گۆرانکاریی دێتەسەر. زەردەشتی بە جۆرێک، دیان بە جۆرێک و، ئیسلام بە جۆرێکی دیکە مەرج و دەستووریان بۆ پێوەندیی کۆمەڵایەتیی دانا. لە هەزارەی (2) ی پێش زاین، لە نووسینەکانی کەرکووک و "نووزی لەیلان" لە تابلۆکانیان کە باسی ژنهێنان و وەرەسە و دابەشکردنی مڵک و میرات دەکەن، زۆر شت دەبینین لەگەڵ قانوونی سەردەمی خۆیدا رێکدەکەوێ. بۆنموونە جیابوونەوە (تەلاق) نەبووە، سەیر ئەمەیە لە هەزارەی دووی پێش زاین، لە کەرکووک یەک ژن هێنراوە نەک دوو ژن، کەچی لە سەدەی (7)ی زاینیی، کە ئیسلام دادێ، واتە دوای (21) سەدە، پیاو لە عەرەبستان کۆمەڵێک ژن دێنێ و دەیفرۆشێ. کاتێک ئیسلام پەیدابووە، وەک ئاینێک لە چوارچێوەی بیر و کولتووری ئەو کۆمەڵگەی خۆیدا پەیدابووە و، ئیسلام خۆی سنووری بۆ پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی خۆی داناوە و کردوویەتی بە چوار ژن. جا ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ ئەوەی کەرکووک دا، کە (21) چەرخ لەمەو پێش بووە، پیاوێک

نەیتوانیوە دوو ژن بهێنێت. هەروەها لە دابەشکردنی میرات و وەرەسە دا، ژن، وەک پیاو و کوڕ، خاوەنی مافی یەکسان بووە، بەڵام لە ئیسلامدا ژن نیوەی مافی پیاوی دراوەتێ. لێرەدا من وەکوو مێژوونووسێک بەراوردی ئەمانە دەکەم. کە وابوو، لە ولاتی ئێمە دا پێش 4000 ساڵ، پێش 4600 ساڵ، قانوونێکی کۆمەڵاتیی زۆر پێشکەوتوو هەبووە.

ئەوجا با بێینەوە سەر باسەکەمان سەبارەت بە "نەتەوە". نەتەوە بەرهەمی پێشکەوتنی پێوەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتییە. واتە خەڵکێک نابێتە نەتەوە، ئەگەر کۆمەڵێک مەرجی نەبێت. سیاسییەکانی ئێمە زۆر مخابن هەڵەیەکی گەورە دەکەن کە ترکمان بە نەتەوە دەزانن، دەڵێن "شعب ترکمانی". من لە گەڵ ترکماندا ژیاوم، هەتا گەورە بووم، پیر بووم، یەک ترکمان بەخۆی نەوتووە "شعب ترکمانی". هەر گوتوویانە ئێمە ترکمانین. چۆنکە کە وتت: "شعب"، واتە زەوییەکە هی خۆیەتی! ئەوجا کورد مافی ئەوەی نییە پێی بڵێ ئێرە کوردستانە، چۆنکە تۆ خۆت بەو دەڵێیت "شعب!". سیاسییەکانمان هەروەها هەڵەیەکی گەورە دەکەن کە "کلد/کلدان" بە نەتەوە ناو دەبەن. وشەی کلدان کە ناوێکی ئێرانییە، ناوی گوندێک بووە، واتە ئەو خێزانە لەو گوندە ژیاون. هەروەها "ئاشوور" نەتەوە نییە، ئاشوور ناوی خوداوەندە، نەتەوەیەک نییە ناوی ئاشوور بێت. هەموو نووسینەکانی پاشاکانی ئاشوور بخوێنە، بزانە لە یەکێکیاندا باسی گەلی ئاشوور دەکات؟ باسی خوداوەندی خۆیدەکات. نووسیویانە: بە

ڕەزامەندیی خوداوەندی خۆم، چووم فڵانە و فیسارە وڵاتم داگیر کرد، ئەوەندەم خەڵک لێ کوشتن و ئەوەندەشم لێ بەدیل گرتن، ئیدی ناڵێ لەبەر خاتری نەتەوەی خۆم کە ئاشوورییە، ئەوەم کردووە! ئەی باشە! ئیمڕۆ کورد بۆ نەتەوەی ئاشوورم بۆ درووستدەکات؟ یان نەتەوەی ترکمانم بۆ درووستدەکات؟ لە کاتێکدا لە بنەڕەتەوە نەتەوە نەبوون و نیشن!

## پ: ئەی ترکمان چین؟

**د. جەمال ڕەشید**: ترکمان قەومن لە زەوییەکی **کوردستان** دا دەژین، هەر وەکوو کورد لە **ترکمانستان** دا دەژین. بۆوێنە کوردی دانیشتووی **"ئیشغابە"** لە **ترکمانستان**، یان کوردەکانی **بجنورد و شێروان** و ... هیتد لە نێوەڕاستی ئاسیا دەژین، قەت ناڵین ئێرە کوردستانە، دەڵێن **کوردستان** لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندایە، ئێمە کوردین لە **ترکمانستان** دەژین. **ترکمان لە کەرکووک** دەبێ وا بلێ، **بلێ من ترکمانم بەڵام لە کوردستان دەژیم**. بەڵام کوردە خۆی، هەم حیزبی بۆ درووستدەکا، هەمیش ناوی نەتەوەی لێدەنێ، ئەمەش بێگومان لە نەزانینەوەیە!

تکام ئەمەیە بۆ کورد، لە دنیای سیاسەتدا دەبێ زۆر چاک ئاگاداری بەکارهێنانی وشە بن. وەکوو وشەی **"نەتەوە" (امت)**، **"گەل" (شعب)**، یان هەر وشەیەکی دیکە، پێویستە لە نێوەرۆکەکەی تێبگات ئەوجا بەکاری بێنێ. سەیر ئەمەیە جگە لە **ترکمان، ئاشوور و کلدان و سریان** یشی هاتوونەتە سەر. خۆی لە

بنەڕەتدا کلدانییەکە بگری، یان ئاشوورییەکە بە خۆی دەڵێت: "سۆرایی"، ئەتۆ بۆ پێی دەڵێی ئاشووری!؟ وشەی ئاشوور، یان (ئاسۆر) ئینگلیز پەیدایکرد کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم هاتە نێوچەکەوە. پێیانیگوت "سیرێنس". کەچی لەنووسینی رۆژهەڵاتیی خۆماندا بە "س" دەنووسرا، ئاسوور خۆشیان وشەی "سریان" یان بەکاردەهێنا. لە وشەی سریان، سووریان (سووریا) پەیدا بوو کە ئیمڕۆکە دەوڵەتێکە خەڵکی ئەوێن، لە بنەڕەتدا خەڵکی کوردستان نین، بەڵکوو خەڵکی سووریان، ناوەکەش بە خۆیانەوەیە. عەرەب پێیدەگوت: "بلاد نبت"، یان "بلاد مسیحین". سووریا لە پێش ئیسلامدا هەمووی مەسیحی بوون. کە ئیسلام هات هەر مەسیحییەک لە سووریا بوو، بوو بە عەرەب، بەڵام مەسیحیشیان تێدا ماوە، لەلای دیمەشق ماون. کۆنترین لەهجەی "سریانی" (ئارامی)، لە گوندی "معلولە" یە لە نێزیکی دیمەشق. سووریا بە گشتی بەو زاراوەیە قسەیان دەکرد کە ئارامییە. کەچی لەبەر ئەوەی کورد بەمانە دەڵێ "شعب"، کە وابوو مافی زەوییان هەیە. لەم پنتەوە مەسیحییەکان داوای خاکێک دەکەن لە نێزیکی مووسڵ و کوردستان، داوای ئەوەشدەکەن جۆرە "ئۆتۆنۆمی" یەکیان هەبێت. لەوەش سەیرتر هەستی نەتەوەییان تێکەڵ کردووە بە هەست و سۆزی ئاینیی، رێکخراو و گرووپێکیان درووستکردووە. ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێی کورد، هەموو موسڵمان بکات بە کورد، ئەمە چۆن وا دەبێ؟

**پ: ئەی ئەو ئەرمەنییانەی لە کورکوک دەژین ئەوانە چین!؟**

**د. جەمال ڕەشید**: ئەرمەنی جیان، ئەرمەنی نەتەوەیە، خاکی خۆی هەیە ئەرمەنستان دیارە لە کوێیە. ئەرمەنی زۆر کەمن لە کەرکووک. لەوانەیە دە ماڵ نەبن، مەسیحین، کەنیسەی تایبەت بەخۆیان هەیە و جیاوازە لە کەنیسەی سریانی. کەنیسەی سریانیش جیایە لە نەستووری. نەستووریی پێڕەوی لە دەستوورەکانی "نەستۆریۆس" دەکەن کە لە سەدەی پێنجەم رایکرد پەنای بردە "ئۆرفا" و لەوێ بیری خۆی بڵاوکردەوە. بیرەکەشی ئەمە بوو کە وا حەزرەتی عیسا خودا نییە، بەڵکوو مرۆڤە و لە مرۆڤ لە دایکبووە. ئەمەش شۆرشێک بوو لەسەدەی پێنجەم کە نەستۆریۆس کردی. ئەوجا ئاسوورییەکان لە پێڕەوانی نەستۆرین، سەرۆکیان هەیە ناوی "پەتریاخ"ە، کاتی خۆی پێیاندەگوت: "ماری شەمعوون". ئەمانە جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ کلدەکانی کەنیسەی بابلی. کلدەکان 100% کوردن، بەڵام ئاینەکەیان، ئاینێکی بابلییە و، لە کەنیسەی بابلییەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەو مەسیحییانەی لە کۆیەن، ئەو مەسیحییانەی لە شەقڵاوەن، هەموو کوردن. داونەرێت و هەڵسووکەوت و هەموو شتێکیان کوردییە و، تەنیا ئاینەکەیان جیاوازە، بەڵام هاتوون بە جمووجوڵێکی سیاسی، بە ناوی مەسیحییەوە، شتێکی تێکەڵ و پێکەڵیان درووستکردووە، ناویاننناوە "نەتەوە"، بە سێ ناوی جیاوازی "ئاشووری و "سریانی" و "کلدانی". لە مێژوودا شتی وا نییە.

وەک گوتم، گەل بەرهەمی کارەساتی هەزارەها ساڵە لە

**هەلوومەرجیکی تایبەتدا درووست دەبێ. دەبێ خاکت هەبێ و لە پێناو پاراستنیدا گیانت بەخت بکەی. دەی دوو تەقەیان نەکردووە و داوای دەوڵەتمان لێدەکەن!؟ مەسیحی لە ئاینەکەیەوە دەڵێ: شەڕ قبووڵ ناکرێ، نابێ شەڕ بکەی! ئەگەر شەقێکیان تێهەڵدای، بڵێ جارێکیتر وەرە شەقێکی دیکەم تێهەڵدە! تۆ کە رازیت بەو دۆخە، چۆن دەتوانی دەوڵەت درووستبکەی؟ دەبێ هێزت هەبێ، داراییت هەبێ، هەموو شتێکت هەبێت.**

**جا بۆ ئەم دۆخە کە هێنراوەتە پێش، دەبێ لە کوردستاندا کۆنگرەیەکی بۆ بگیرێت و، پێوەندیی خۆمان لەگەڵ مەسیحییەکان و ترکمانەکان درووست بکەینەوە. بەڵام نەک بەرێگەی ئاینەوە، چۆنکە دیانەت شتێکی دیکەیە و، دەبێ دووری بخەی لە سیاسەت. من لە گەڵ ترکمانێک وەک موسڵمان قسە ناکەم، وەکوو کوردێک قسەی لەگەڵ دەکەم. هەروەها لە گەڵ سریانییەک وەک سریان قسەدەکەم. بەلای منەوە هەموواین سریانن، چۆنکە خۆیان بە زمانەکەیان دەڵێن سۆرایی، هیچی ناڵێ ئاشووری! ئاشووری تازە پەیدابووە، لە دوای سالی 1991، ئەگینا پێشتر نەبوو.**

**لەکۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بکەم بە گرنگیی مێژوو. لە مێژوودا زۆرشت هەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، مێژووی زمان، مێژووی نەتەوە، مێژووی داوونەرێت، مێژووی مووسیقا، مێژووی جلووبەرگ و .... هیتد. هەر یەکێک لەمانە مێژوویەکی هەیە و، دەبێ سەرلەنوێ ئەمانە بنووسینەوە. جا کە ئێمە توانیمان هەستی رۆحیی خۆمان و پێوەندی و داخوازیی خۆمان لە**

گەڵ ئەم چەرخی تازەدا ڕێکبخەین، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین ئێمە ڕزگاربووین و مافی ئەوەمان هەیە دەوڵەتی خۆمان هەبێ و، سیستەمێکی تازە قبووڵ دەکەین، سیستەمێکی دیمۆکراتی دادەمەزرێنین کە لە هەموو سیستەمێک چاکترە. پێویستە ڕێز لە بیروڕای یەکدی بگرین. مرۆڤ بە سێ جۆر کارکرد وەردەگرێ، واتە ئەگەر قسەیەکم لە بەڕێزتان گوێ لێبوو، دەتوانم بە سێ جۆر وەرامت بدەمەوە:

1- بڵێم: "قسەکەت ڕاستە، وایە، بەڵام ئەگەر وا بڵێین باشترە!". لێرەدا تۆ لە وەڵامەکەم زیز نابی و، لەوانەیە پەسندی بکەی. 2 – ئەگەر بڵێم: نەخێر، تۆ درۆ دەکەی! تۆ ئەمە قبووڵ ناکەی. 3- بە جوێن. کورد هەیە لەنێو خۆیاندا کە قسە دەکەن، یەکیان تووڕە دەبێ، وشەی خراپ بەکار دێنێ.

جا ئێمە لە قسەکردندا دەبێ جۆری یەکەمیان هەڵبژێرین. جا پارت و ڕێکخراوەی کوردیی چەک بەکار دێنن، یەکتری دەکوژن. کە دەگەڕیتەوە سەر هۆکاری ئەو شەڕە، تەماشا دەکەی دەتوانرێ بە دوو وشە چارەسەر بکرێت. واتە من نەمدەزانی کە پارتی و یەکێتیی یەک دەکوژن، بە هەردووکیان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، هەر باشە داوای دەوڵەت ناکەن!! چۆنکە ئەگەر لە ساڵانی (90) ی سەدەی ڕابردوو لەسەر حوکمی زاتی (3000) کوژرا، دەبێ لەسەر دەوڵەت چەند بکوژرێت!!

**جا بەراستی مرۆڤی سیاسیی دەبێ زانا بێت. ئەفلاتوون دەڵێ: مرۆڤی**

سیاسی دەبێ فەیلەسووف بێت!" لێرەدا فەیلەسووف دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات، نەک چەکدار. ئەمە دوا وتەی منە بۆ هاونەتەوەکانم، بۆ لاوان و بۆ وەچی ئەمڕۆ، بەرامبەر یەک توندوتیژی و چەک بەکار نەهێنن. لەگەڵ هاونیشتمانی خۆ هێمن بین. بەرامبەر دوژمن کاتێ بەرامبەرت چەک بەکاردێنێ، تۆش ناچاری پەنا بەریتە بەر چەک، بەڵام بەرامبەر هاونیشتمانی خۆت پێویست ناکا و تاوانە...

# وتوویژ لە گەڵ
# فەیلەسووف و کۆمەڵناس،
# دوکتۆر حسێنی خەلیقی،
# سەبارەت بە فەلسەفە



سازدان و ئامادەکردنی:

سیروان کاوسی

گۆڤاری کۆنگرە ژمارە

(52)

March 2010

.................

**پ: ڕێزدار کاک دوکتۆر حسێن خەلیقی، ڕۆژتان باش و، سوپاس و ڕێز بۆ ئامادەبوونتان لەم وتووێژە. وشەی فەلسەفە لە چییەوە هاتووە و، ئەم وشەیە لە سەرەتاوە لە چ زمانێکەوە وەرگیراوە؟**

**و:** وشەی فەلسەفە لە ئاوێتەی "فیلۆسوفیا" Philosophia وە هاتووە، بە واتای زانستدۆست و لە یۆنانەوە سەریهەڵداوە. فەلسەفە بەری تێڕامانە و ئەمەش تایبەتمەندیی مرۆڤە. ئەم دیاردەیە، مەیدانی بە بیرمەندان دا، چەند پرسیار لەبارەی دەوروبەر و جیهانی بەرفراوان و ئەگەری بوونی نادیار، بهارووژێنن و، بە دوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێن.


**پ : فەلسەفە لە چییەوە دەدوێ؟**

**و:** فەلسەفە، شێوازێکە لە شێوازەکانی بە ئاگاهاتنی کۆمەڵایەتی و چوارچێوەیەکی ڕێکوپێکە لە چەمکە گشتییەکان، سەبارەت بە جیهان و پلەی مرۆڤ لە جیهاندا و (لای خوداپەرستان سەبارەت بە بوونی خودا) نوێنەرایەتی دەکا. ئەم بابەتە بریتییە لە سێ تەوەر: 1– مرۆڤ. 2– جیهان. 3– خودا. باشترین شێوە بۆ نێزیکبوونەوە لە فەلسەفە، بریتییە لە گەڵاڵەکردنی چەند پرسیاری گرنگی وەک: **جیهان لە کوێوە هاتووە؟ ئایا لە پشتی ڕووداوەکانەوە، ئامانج و ئێرادەیەک خۆی حەشارداوە؟ ئایا دوای مردن، ژیانێکی دیکە هەیە؟ بەختەوەری کامەیە؟ چلۆن دەبێ بژین؟** و... وەڵامدانەوەی ڕاستی ئەم پرسیارانە، ئەرکی فەلسەفە و فەیلەسووفە. لە ڕاستیدا، گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر و هەستپێکراو، دەبوونە هۆی تێڕامان و هەڵوەدابوون بە دوای دۆزینەوەی ئەو گەوهەرەدا کە سەرەڕای گۆڕان، بوونی خۆی دەپارێزێ. **ناسینی فەلسەفی: گشت ئێمە لە ڕەوتی ژیاندا بەهۆی کۆی تێگەیشتنەکان و سۆزگەلێک کە وەدەستیان دێنین، ئەبینە خاوەن بۆچوونیکی گشتی کە گشت ناسینەکانمان دەگرێتە خۆی. ئەم ڕوانگە گشتی یان جیهان بینییە، دەکرێ پێی بوترێ "فەلسەفە".**

**پ: فەلسەفە لە سەرەتاوە کەی سەریهەڵدا و و، مێژووەکەی بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟**

**و:** هیچ فەرهەنگێکی جیهان نابینی، بە جۆرێک بەم تەون و کەونەوە خۆی خەریک نەکردبێ. لە سەرەتاوە، وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، لە قاپۆڕی ئەفسانەدا، هاتە ئاراوە. واتا بە گۆترەکاری و دوور لە ژیربێژی و لێکدانەوەی مەیدانی، تەنیا

به کەڵکوەرگرتن لە گۆمان، بە دوای وەڵامەکاندا دەگەران. ئەم



دیاردە وەک شێوازێک لە شێوازگەلی هۆشیاری کۆمەڵایەتیی، لە کۆمەڵگەی کوێلەداریدا سەریهەڵدا. ئەوکاتە کە مەیدانی دەستێوەردانی مرۆڤ لە سرۆشتدا بەرفروانتر بوو، کاری جەستەیی لە کاری هزری یان، لە بیر کردنەوە، جیاکرایەوە و دواتر وەک رێبازگەلی جیاواز، **لە یونان 2500 ساڵ پێش**، دوای تەوەق و بێژنگکردنی ئەفسانەکان، بە تایبەت ئەفسانەکانی **"هۆمر"**، بیری فەلسەفی، سەریهەڵدا. ئەوکات، فەیلەسووفگەلی وەک **سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرەستوو، ئاناکسیماندروس، فیساغورس، تالس** و... هاتنە مەیدان و هەر یەکەیان بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان و دۆزینەوەی گەوهەری ژیان و مادە و بوونەوەری نادیار، تێکۆشین و رچەی بیری بیرمەندانیان گرتەبەر. بابەتگەلی بنەرەتی فەلسەفی، بریتی بوون لە پێوەندیی **"بیر"** بە **"بوون/هەبوون"** ەوە. تێگەیشتن لە نێوەرۆکی مادە و گۆڕانکارییەکانی و سەرچاوەی جمووجۆڵ و یاساکانی. بۆچوون سەبارەت بە **"زانین"** و **ژیربێژیی (منطق)**. واتە بیری گۆڕانکاری دیالکتیکی یان مێتافیزیکی، هەروەها لیکدانەوەی سرۆشتی

"بوونی" کۆمەڵایەتی و یاساگەلی گشتی گۆڕانکارییەکانی، واتە کۆمەڵناسی، ڕەوشت و جوانیناسین، بێگۆمان، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و تەنانەت سیاسییەکانی نێوکۆمەڵگە، شوین لە سەر گوڕانکاری و گەشەکردنی بیری فەلسەفی دادەنێن.

وەک وتم، خاوەنبیرە فەلسەفییەکان، لە سەرەتاوە، بە دوای بناخە و گەوهەری ئەو شتەدا دەگەڕان کە هەمیشە لە گوڕاندایە. **تالس**، پێی وابوو ئەم گەوهەرە **"ئاو"**ە، یەکێکی دیکە بە **"هەوا"**ی




دەزانی و ئەویتر بە "ئاور" یان "بێسنوور". یەکەم پرسیار لێرەدا ئەوە بوو کە لەم گوڕانکارییانەدا، چ شتێکە کە هەمیشە، هەیە؟ فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە جگە لەوەی کە لە بواری خۆیاندا

زانا بوون، هەروەها مەتماتیکزان، هەندسەزان، ئەستێرەناسیش بوون و تەنانەت هەندێکیان وەک ئەفلاتوون و ئەرەستوو، سەبارەت بە دەوڵەت و سیاسەت و رەوشت و کۆمەڵناسیی (بەشێوەیەک)، باسیانکردووە. دوو رێبازی فەلسەفی گرنگ کە هەتا ئێستاش، ریشە و رەگیان لە زەینی خاوەنرێبازە فەلسەفییەکاندا ماوە، رێبازی "ئەیونیانی" یە کە فەیلەسووفی گەورەی "هێراکلیت"بوو، لە گەڵ رێبازی "ئێلئایی" کە فەیلەسووفی بە ناوبانگی "پارمنیدس"بوو. ئەم دوو زانایە لە سەرتاسەری مێژووی فەلسەفەدا، وەک دوو ریشەی ناسراو کە بە یارمەتی ئەوان هەمیشە بابەتگەلی بنەرەتیی فەلسەفی، گەڵاڵەکراون، ناویان ماوە و دەمێنێ. بۆ نموونە "ئیسپینووزا"ی چەرخەکانی دوای رێنسانس "ئیلئایی"یە و "هێگل"، لە چەرخی نوزدەدا، سەر بە بنەماڵەی 'ئەیونیایی"یە. ئەم دوو رێبازە، بابەتی گۆڕان و بابەتی "کاتی" و بابەتی "تێپەڕبوون" و بابەتی "هەمیشەییان"، خستووەتە بەرباس و بەم چەشنە بابەتی تاک و زۆرینەیان، هێناوەتە ئاراوە.

**پ: سەبارەت بە مێژووی فەلسەفەی زانستیی باسمان بۆ بکەن. فەلسەفە بە لێکدانەوەی زانستییەوە لە کوێ و لەچ سەردەمێکدا پەیدابوو؟**

**و:** پێویستە لە سەرەتاوە، بە ناسینی فەلسەفی، ئاماژە بکەین. ناسینی مێژووی ژیانی مرۆڤ، بە دوو شێوە خۆی نواندووە، یەکەم: ناسینی زانستی. دووەم: ناسینی هونەری. ناسینی زانستیی، هەر کەسە لە ژیانی خۆی دا، بە یارمەتی هەستەکانی،

لە گەڵ دەوروبەری (ژینگە) بەرەورووو دەبێ و بە یاریدەی تێگەیشتنە پرژ و بڵاوەکانی کە لە دەوروبەری وەریان دەگرێ، پلەی یەکەمی ناسین تێپەردەکا و تا رادەیەک دەگاتە ناسینی بوون. ئەم ناسینە کە ئامرازی پێویستی ژیانی بە کردەوەیە، ساکار و رووماییە و خاوەنی لایەنی  بە هێزی سۆزە. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بە تێپەڕکردنی پلەی دووەمی ناسین، تێگەیشتنەکانی خۆی لە قاپۆڕی چەمکەکان دا، بینێتە ئاراوە و ناسینی خۆی قووڵ و بەرفراوان بکا. ئەم ناسینە کە زۆر لە گەڵ "راستیی" (حقیقت) نێزیکە، پیدەگۆترێ زانست (Science). ئامانجی زانست وەک تێکۆشینەکانی دیکەی مرۆڤ، بریتییە لە زاڵبوون بە سەر راستی و هاسانکردنی ژیانی مرۆڤ. کە وابوو زانست واتای "ناسینی یاساکانی راستییە"، کە هیز بە مرۆڤ دەدا، دوارۆژ و داهاتووی پێشبینی بکا و نەخشە بۆ ژیان دارێژێ و بە سەر دیاردەکانی ژیان




دا زاڵ بێ. لەبەر ئەوە ناسینی راستیی، تەنیا بە تاقیکاری، یان دەستێوەردان لە راستیی، پشتئەستوورە. گشت زانستەکان

(مەتماتیک، فیزیک، ژیانناسی و کۆمەڵایەتی) لە سەر بناخەی تاقیکردنەوەی ورد دامەزراون. کە وابوو زانست بریتییە، لە ناسینی راستیی، لە ڕێگەی ئەزموونەوە. بە واتایەکی دیکە، زانست، ناسینی راستینەیە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و بە پشتبەستن بە یەک فەلەسەفە و پێداگرتن لە سەر چەندایەتی.

بەڵام ناسینی هونەری، بریتییە لە ناسینی راستیی، لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و بە پشتبەستن بە فەلسەفەیەک و بە پێداگرتن لە سەر چلۆنایەتی.

فەلسەفە، لە چەند قۆناخەوە تێپەڕ بووگە، یەکەم– قۆناخی جیابوونەوەیە لە ئەفسانەکان، دووەم– قۆناخی تێرامان لە بوون. واتە تێڕامان و بیرکردنەوە لە ریشەی بوون و گەڕان بە دوای گەوهەری ژیان، یان بوون دا، سییەم: سەرهەڵدانی ریبازە فەلسەفییە سەرەتاییەکان. ئەفلاتوون بۆخۆی بناخەی رێبازێکی فەلسەفی دامەزراند کە تا ئەمڕۆش، لە خەرمانی زانستی ئەفلاتوون کەڵک وەردەگیرێت. لەڕاستیدا ئەفلاتوون، بە دایکی فەلسەفەی ئیدەئالیستی پیناسە دەکری.

ئەرەستوو وەک قوتابی ئەفلاتوون، بناخەی "فەلسەفەی سرۆشتیی" دامەزراند و دوای تێپەڕبوونی سەدان سەدە، ئەمڕۆکەش هەموو زانایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە، بە ڕێچکەی ئەودا دەڕۆن.

بناخەدانەری بیری مادی یان ماتریالیستی سەرەتایی، کەسێک بوو بە ناوی "دێموکریتووس" کە دواتر مارکس و فوێرباخ و

ئەوانی دیکە، لە بێستانی بیری ئەو، گۆڵیان چنی. لە راستیدا، دیاردەیەک بە ناوی فەلسەفەی زانستی، لە چەرخەکانی پازدە و شانزەی زاینییەوە، سەریهەڵدا. واتا دەورەی هۆرێزان یان دووبارە لە دایکبوون. لەم قۆناخەدا، گومانکردن لە بیروبڕواکان و رەخنەگرتن لە بناخەکانی بناخە فەلسەفییەکان، سەرهەڵدەدا و رێبازە ئاینی و فەلسەفییە گوایە سەلمێندراوەکان، بەرە بەرە، تێکدەقرمێن... بە وتەیەکی دیکە، سۆننەتە پەسندکراوە بیرمەندی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و رەوشتییەکان، دەکەونە ژێر پرسیار و بەرە بەرە، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی بەسەر بیر و زاسنتی فەلسەفی دا دێت. پێداچوونەوە و لێکدانەوە و دووریکردن لە خویندنەوەی دەقەکانی فەیلەسووفە گەورەکان یان نووسراوە ئاینییەکان، دەبێتە بەرنامەی کاری زانایان و پسپۆڕان، و ئەگەری راستەوخۆی لێکدانەوەی سرۆشت، دێتە ئاراوە. ئەمەش تەنیا لە سێبەری لێکدانەوەی نووسراوەکانی ئەرەستوو دا، هاتەئاراوە.

هەروەها هۆش، کە تا ئەوکات، لە ژێر رکێفی بڕیار و فەرمانی بێئەملاوئەولای پەرتووکە پیرۆزەکان و دەقە کۆنەکانی فەیلەسووفە ناودارەکان دا قەتیس و بەند کرابوو، ئازاد کرا و هاتە مەیدانی گەڕان بە دوای هۆی گوڕانکارییەکان و بە یارمەتی هەستەکان و بە یارمەتی بیری نوێی فەلسەفی، زانا سرۆشتییەکان، چوونە ناخی دیاردەکانەوە و شۆڕشێکی فەرهەنگیی، رووناکبیری و پێشەسازیی سەریهەڵدا و دیمەنی گۆی زەوی و ژیان و ژینگە، هاتە گواڕان.

**پ: له مێژووی کۆن، گەلێک فەیلەسووف لە ڕۆژهەڵات، واتە لە ئاسیا سەریانهەڵداوە، پاشان ئەم زانستە گەیشتە ئۆروپا. ئەوڕۆکە باس لە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی، یان ڕۆژئاوایی دەکرێت. چ جیاوازییەک لە نێوان فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆژئاواییدا هەیە؟**

**و: بەشێک لە فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی یونانی کۆن، لە ئاسیاوە چوونەتە یونان. هەرچەند مرۆڤ کە خاوەنی تێڕامانە، دەتوانێ لە شوێنی جۆراوجۆردا، بیری نێزیک بە یەک بێنێتە ئاراوە، بەڵام بە هەر هۆیەک بێ، بیری فەیلەسووفەکانی ڕۆژهەڵات، وەک زۆربەی ڕۆژئاواییەکانی پێش رابوون، یان ڕێنێسانس، بەرەو، لێکدانەوەی جیهان و مرۆڤ و نادیار، لە قاپۆڕی بیری ئیدەئالیستیدا بووگە. بە درێژایی 1600ساڵ لە ئۆرووپا، فەلسەی ئەفلاتون، خراوەتە خزمەت بۆچوونەکانی کلیسا، یان شرۆڤەکردنی بەشی خوداشناسی جیهانی کریستیانی. بەو حاڵەش لە ڕۆژهەڵات، لە دەورەی عەباسییەکاندا، فەلسەفەی بیرمەندانی یۆنانی، گەیشتە کۆمەڵگەی ئیسلامی و دواتر بەهۆی گۆشاری ئاینخوازانی کۆنەپەرستەوە، فەیلەسووف و فەلسەفە خنکێندران و تەنانەت دوای راپەڕینی هەمەلایەنەی ئۆرووپا لە چەرخی پانزە و شانزەدا، ئەو بەشە لە ئاسیا، رانەپەڕی و هەتا ئێستاش، لە لێکدانەوەی زانستیانەی فەلسەفەی نوێ، بێبەشە! هەرچەند فەیلەسووفگەلی وەک بووعەلی سینا و ئیبنی روشد و فارابی، هاتنەمەیدان و بووعەلی بۆ یەکەمجار ئەو بۆچوونە مەزنەی هێنایە ئاراوە کە نێوەندی هۆش، مێشکە، نەک دڵ. وەک**

وتم، كۆنەپەرستان، پێشیان بە گەشەکردنی عەقڵی فەلسەفی گرت! بە داخەوە سوورەبەردی کوردیش، زیاتر بەرەو ڕێبازی عیرفانی و ئەفلاتوون، هەنگاوی هەڵگرت. بۆیە دەکرێ بێژین: فەلسەفەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئێستا لێک جیاوازن.

**پ: تکایە بە کورتیش بووە، ئاماژە بکەن بە نێوی قوتابخانەکانی فەلسەفە. هەروەها بە بۆچوونی بەڕێزتان، کام لە قوتابخانە فەلسەفییەکان، بە شێوەیەکی زانستیی، لە خزمەتی پێشخستنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدایە!**

**و:** ئەو قوتابخانەگەلە، کە دوای ڕێنێسانس، سەریانهەڵدا و بوونە چرا و شەمی، ڕووناککەرەوەی ڕێگەی پێشکەوتن و ئەو فەیلەسووفانەی کە لەو ڕێبازانەدا، بیریان جمووجۆڵی تێکەوت و، بوونە بەردی بناخەی پێشخستنی کۆمەڵگە و پیشەسازی و رۆناکبیری و گۆڕانکاریی قووڵ لەو بوارانەدا، یەکەمیان: **نیکولادوکوزا بوو، ئەوجا برورنو وکیلر و دواتر دێکارت.**

**دێکارت** رایانگەیاند کە **نیکۆلادۆکۆزا**، شیاوی ڕێز و ستایشی گەورەیە و، ئەو بوو کە بێسنووربوونی جیهانی "**بوون**"ی ڕاگەیاند. **دێکارت** لەساڵی1637دا، پەرتۆکێکی نووسی لەبارەی مێتود یان شێواز و رایگەیاند: **بۆ ئەوەی "بیر" بتوانێ بگاتە ئاستی دڵخواز، پێویستە ڕوو بکرێتە "مەتماتیک"، چۆنکە بەڵگەکانی ئەم** زانستە، گەلێک ئاشکران. **دێکارت** خاوەنی ڕێبازێکی فەلسەفی تازەیە و بە وتەی خۆی، توانی دڕکووداڵی کۆشکە کۆنە فەلسەفی و ئایینییەکان لە مەیدانی زەیندا، پاگژ بکا و کۆشکێکی نوێی فەلسەفی، لە شوێنی ئەوان دامەزرێنێ.

دێکارت هەروەها، لە گشت زانیارییە کۆنەکان کەوتە گۆمانەوە و بۆ ئەوەی بتوانێ پەی بە نێوەرۆکی راستییەکان بەرێت، سەرلەنوێ کەوتە لێکۆڵینەوە و لە گومانەوە بەرەو "یەقین" (دڵنیایی/رەوینەوەی شک و گومان)، ملی رێیگرتەبەر. بێگۆمان پێش ئەو، موحەمەدی غەزالی، فیلسوف و عارف و ئاینخوازی ئیسلامی، ئەو مەیدانەی بۆ دێکارت تەختکردبوو. غەزاڵی، بێجگە لە بوونی خودا، هەموو شتیکی دیکەی دایە بەر تیری گۆمان. ئیسپینوزا، دوای دێکارت، کتێبێکی نووسی بە ناوی "سەلماندنی رەوشتەکان، بە رەوشی هەندسی". ئەو وتی، بۆ ئەوەی باسی ئازادی بکەین، نابێ بچینە نێو باسی رەوشتەکانەوە. بە دوای ئەم فەیلەسووفانە دا، جان لاک هاتە مەیدانی ئەم بوارە و، بۆ ناسین، بە تاقیکردنەوە پشتدەبەستێ و کەمتر بایەخ بە "هۆش" دەدات، چۆنکە پێی وایە، هۆش، سەرقاڵی چەمکە گشتییەکانە و ئەزموون لەگەڵ تاکە دیاریکراوەکاندا سەروکاری هەیە و لە راستیدا، بۆ لیکدانەوەی دیاردەکان، ئێمە نیازمان بە شتی دیاریکراو و هەستپێکراو هەیە، نەک چەمکی گشتیێ. ئەم رەوتە دەچیتە پێش، و دواتر باسی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژیانی هاوبەش و هاریکاریی تاک و گروپ دێتە ئاراوە. ئەوجار جورج برکلی، داوید هیوم وکانت، دێنە مەیدان و هەر یەکەیان لە بەرزکردنەوەی دیواری زانستدا، خشتی خۆیان لەسەر دیواری کۆشکی فەلسەفە دادەنێن. شیکردنەوە و رەخنە لە هۆشی بێخەوش وبێ تاقیکاری کە فەیلەسووفە کۆنەکان، بە تەنیا ئامرازی ناسین پیناسەیان

دەکرد، دێتە ئاراوە. هۆشی بە کردەوەش، ئەکەوێتە بەرپێی ئەم ڕەخنە و دادگەرییەکانیش ئەچنە ئەو چوارچێوەوە. **ئۆگست کونت**، لە ناخی مێژوو، کۆمەڵناسی دەبینێتەوە. فیلسوفەکانی دیکەی وەک **هێگل ومارکس و فروید**، هەر یەکەیان لە مەیدانێکدا، بیری خۆیان دەخەنە گەڕ. **فروید** لە جیهانی دەروونداا، شۆڕشێکی مەزن بەرپا دەکا و **مارکس** لە ئابووری و باسی سەرمایەدار، دەبێتە قارەمانی ئەو مەیدانە. هەروەها **مارکس** بە بەراوەژووکردنەوەی **فەلسەفەی هێگل**، چینەکانی چەوسێنەر و چەوساوە و دەسەڵاتی پرۆلیتاریا لە پلەی ڕزگاری یەکجاریی، دێنێتە ئاراوە و گشت کەسەرەکانی ژیان، بەزێدەبایی سەرمایەوە، گرێ دەدا و...

**پ: چ پێوەندی و پێویستییەک لە نێوان زانست و فەلسەفەدا هەیە. مەبەست ئەوەیە، ئایە فەلسەفە خۆی زانستە، یان بۆ سەلماندنی دەبێ پەنابیرێتە بەر زانست؟!**

**و:** فەلسەفە، ڕێپێشاندەری زانا و زانستە و بە گەڵاڵەکردنی پرسیارەگشتییەکان و وەڵامدانەوەی گشتیی بەوان، ڕێگە بۆ زانا و زانست خۆش دەکا و، ئەوکات، زانا بە هەڵگرتنی بابەتێکی تایبەت و خاوەنسنوور و بە لیکدانەوە و تاقیکاریی، بەرەو سەلماندنی بۆچوونی فەیلەسووف و فەلسەفە، تێدەکۆشی و، دوای گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو، بۆچوونی فەلسەفی دەسەلمێنێ. کەوابوو، **بناخەی بیری زانا، لە تێرامانی فەلسەفیدا** خۆی ماتداوە و پێوەندییەکەیان، وەک هۆ و هۆگر وایە.

**پ: زانین و تێگەیشتن لە فەلسەفە پێیوستییەکی گشتی و کۆمەڵایەتییە، یان زانین و بە دواداچوونی، تەنیا تایبەتە بۆ زانایان و فەیلەسووفەکانی ئەم بوارە زانستییە؟**

و: فەلسەفە، وەک جیهانبینی و رادەی تێڕامانی هەرکەسە لە دەوروبەری، گشتییە، وەک باسیکی تایبەت و قووڵ و شیکردنەوەی بابەتییانەی پرسیارە فەلسەفییەکان، کاری پسپۆڕانی ئەو بوارەیە. بەڵام لە بەر ئەوەی کە مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لە هۆش و هەست و بەڵگەهێنانەوەی ژیربێژییانە، لەگەڵ دنیای دەوروبەری بەرەوروو دەبێ، هەر خوێندەواریک، پێویستی بە هەندێک زانینی فەلسەفی هەیە، تا بتوانێ، لە هۆشی خۆی، بە شێوەیەکی ریکوپێک بۆ چارەسەری گیروگرۆی ژیانی و بەرەورووبوون لەگەڵ کەس و دیاردەکانی دەوروبەری، کەڵک وەربگرێ.

**پ: باشە، چ پێوەندییەک لە نێوان فەلسەفە و سیاسەتدا هەیە؟ ئایە مرۆڤێک کە سیاسەت دەکات، پێوستە شارەزای فەلسەفە بێت؟**

و: سیاسەت، واتای تێکۆشینە بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات/

لەم رێگەیەدا، مرۆڤ نیازی بە تێڕامان و بیرکردنەوەیە بۆ دۆزینەوەی رێگەی گەیشتن بە دەسەڵات، یان هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئامانج. هەر بۆیە لەو پێوەندییەدا، پێویستە هەندێک پرسیار بۆ خۆی گەڵاڵە بکا و بە دوای وەڵامی راستیاندا بگەڕێ، بۆ ئەوە هەم ببنە چرای تێکۆشین و خۆ دوورخستنەوە لە

هەڵەوپەڵەی زەق و رووخێنەر، هەمیش لەمپەرەکانی سەر ڕێگەی تێکۆشینی بناسێ و بە بەرنامەوە بۆ لابردنیان هەنگاو هەڵبگرێ...

کە وابوو، سیاسەتوان دەبێ شارەزای بواری فەلسەفی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی بێ و، ئەگەر دەسەڵاتەکەی بۆ خزمەت بە خەڵک بوێ، بە دوای دۆزینەوەی باری بەختەوەریی خەڵکدا هەلوەدا بێت.

**بە داخەوە لە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوایەتی ئێمەدا و، لە ململانێ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا، خۆبەسەرکردە زانەکانی شۆرش، بە جۆجارێ فەلسەفە و ژیربیژیدا، تێناپەڕێن! هەر بۆیە زۆر جار دوور لە بیر و تێڕامانی قووڵ، تووشی هەڵەی وەهادەبن، کە قەرەبوو کردنەوەی گەلێک دژوار و ئەستەمە. بۆ ئەوەی نرخی بیری فەلسەفی لای سەرکردەکانی کورد، دەسنیشان بکەین، ئاماژە بە وتووێژێکی کورتی نێوان خۆم و مامۆستا حەسەنزادە دەکەم. من باسی نرخی ئەو زانیارییەم دەکرد کە بە تایبەت، بوونی لە مێشکی مرۆڤی شۆڕشگێڕ و بەرپرسیاردا، پێویستە و، ئەویش، گوتی: "فەلسەفە، هیچ نیە، فەلسەفە، یانێ فلتە فلت".**

# چەند پرسیارێک لە:

# دوکتۆر جەمال نەبەز،

# لە بارەی:

# Lobby (لۆبی/لابی)



**بەرلین، مارچی 2010**

**گۆڤاری کۆنگرە،**

**ژمارە (52)**

**وشەی Lobby (لابی/لۆبی)، ماوەی یەکدووساڵێکە، هاتووەتە نێو وێژەی سیاسیی کوردییەوە و، لە ڕاگەیاندنی کوردیی- بەتایبەتیی لە میدیای حیزبەکانی دەسەڵاتداری باشووری کوردستاندا، چەند جارێک بەنیوەچڵی و لاوازییەوە باس لە پێویستیی سازکردنی لۆبیی کورد لە دەرەوەی وڵات کراوە. بۆ زانینی راست و دروستی ئەم بابەتە، چەند پرسیارێکم ئاراستەی مامۆستا جەمال نەبەز کردووە، کە سەرنجی ئێوەی هێژای بۆ رادەکێشم!**

**پ: وشەیلابی، یان لۆبی لەچییەوە هاتووە؟**

**و: وشەی Lobby "لۆبی"، یان "لابی"، بە پێی گۆڕانی جۆری دەربڕینی وشەکە، لە زمانانی فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی دا، لە بنەڕەتەوە لە وشەی "لۆبیا Lobia" ی لاتینیی ناڤینەوە**

وەرگیراوە کە مانای کەپر و گالەری Galerie/gallery و هەیوان دەگەیەنێ. ئینگلیزەکان "لابی" بۆ ئەو دالآنەی پەرلەمان بەکار دەبەن کە لەوێدا، پەرلەمانتارەکان لە گەڵ هەڵبژێرەکانیاندا، واتە ئەوانەی خاوەنی دەنگن، یان ئەو کۆمەڵە و دەستانەی کە خاوەنی بەرژەوەندین، وەک سەندیکاکان، چاویان بەیەک دەکەوێ و بیروباوەڕ دەگۆڕنەوە. هەروەها **لۆبی (لابی)**، بۆ ئەو کۆمەڵە و دەستە خاوەن بەرژەوەندییانەش بەکار دەبرێ کە هەوڵدەدەن کار بکەنەسەر بڕیار و دەنگی پەرلەمانتارەکان، لە کاتی دەنگداندا بۆ پڕۆژەیەک لە پەرلەمان.



**پ: مێژووی دروستبوونی ئەم بیرۆکەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**و:** ئەوەتەی سیستەمی پەرلەمانی لە **بەریتانیا** و، ئەوجا لە **ئەمریکا** هەیە، لۆبیش دەستیبەکار کردووە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە پەرلەمانتارەکان کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و، خەڵکەکەش، کە مافی دەنگدان و هەڵبژاردنیان هەیە، دەیانەوێ بزانن نوێنەرەکانیان چدەکەن بۆیان و، بیروڕای خۆیانیان تێدەگەیەنن و پێیانڕادەگەیەنن، ئەگەر بەقسەیان نەکەن و، بەرژەوەندییان نەگرنە بەرچاو، ئەوا جارەکی دی دەنگنادەن

بۆیان و هەڵیاننابژێرنەوە. ئەمەش، لەبەر ئەوەی لە وڵاتە دیمۆکراتەکاندا، هەڵبژاردن لە کەشوهەوایەکی ئازاددا بەڕێوەدەچێ و، حکوومەت لەلایەن پەرلەمانەوە، بەپێی دەنگەکانی ئەو لایەنانەی کە بە ژمارە زۆرترین دەنگیانهێناوە، دەستنیشاندەکرێ، ئەوا دەسەڵاتپێدراوان ناچارن کە گوێشلکەن بۆ سەرنج و بیروڕاو بەرژەوەندییەکانی خەڵک. کە واتە لۆبی/ لابی کاتێک دەکەوێتە کار، کە ئەوانەی خاوەنبەرژەوەندیین، بەقسەیانبکرێ و کەڵکێک بگەیەندرێ پێیان، ئەگەرنا، لەهەڵبژاردنی نوێدا دەنگنادەنەوە بۆیان، یان هەڵیاننەبژێرنەوە.

**پ: ئایە بەڕاستیی "لابی" دەتوانێت بەکردەوە لەسیاسەت و ئابووریدا رۆڵ بگێڕێت، یان لەلایەن کۆمەڵێک سیاسەتکار و دیپلۆماتی وڵاتانی رۆژاڤاییەوە، دامەزراوەیەکە بۆ برینی گیرفانی ئۆپۆزسیۆن و سەرمایەدار و کۆمپانیا و شیرکەتەکانی بازرگانیی لە ولاتانی پاشکەوتوو کە بە جیهانی سێیەم نێوناسکراون؟**

و: لۆبی نێو پەرلەمان، یان حکوومەتی وڵاتێک، دەتوانێ کاربکاتە سەر رەوتی ئابووری و رامیاریی ئەو وڵاتە چ بەرەو نێوەوە و چ بەرەو دەرەوە، بەڵام، لۆبیگێڕەکان دەبێ خۆیان، یان لەنێو حکوومەتدابن، یان لەنێو پەرلەماندا بن و پێوەندییەکی بازرگانی، یان رامیاریی، یان کەسێتییان بە لایەنێکی نێوەوە، یان دەرەوە هەبێ کە بیانەوێ بۆ بەرژەوەندیی ئەو لایەنە، بڕیارێکی پەرلەمان، یان حکوومەت بهێننە کایە، یان بیکەن بە

مەرجێک بتوانن هەڵوێست و پێشنیازی خۆیان بە شێوەیەکی ژیربێژانە بخەنە بەرچاو، کە ئەو پێشنیازە، یان ئەو داوایە سووتێکی زۆری بۆ ئەو حکوومەتە، یان ئەو دەوڵەتە هەیە و، ئەگەر پێڕەویی نەکرێ، ئەوا زیانی دەبێ. بۆوێنە: پاش ئەوەی لەشکری **سەدام** لە **کوێت** دەرپەڕێندرا و گەڕایەوە بۆ **عێراق** و **کوردستان** و گەلڕەوەکە روویدا، **خانمی دانیال میتران** کاریکردە سەر رەحمەتی **فرانسوا میترانی** مێردی کە سەرکۆماری **فەرەنسا** و کەسایەتییەکی نێونەتەوەیی گەورە بوو، داوایکردلێی کارێک بۆ کورد بکا. ئەویش توانی **جۆن مێیجەر** سەرۆکوەزیرانی ئەوسەردەمەی **بەریتانیا** رازیبکا بەوەی دامەزراندنی **"نەوای ئارام"** بۆ کورد، خزمەتێکە بۆ بەرژەوەندیی **بەریتانیا** و **فەڕەنسا** و دەولەتانی رۆژاوا. جۆن مێجەریش، کاربەدەستانی ئەمریکای رازی کرد بەسووتی ئەو پڕۆژەیە بۆیان و، ئەوە بوو **"نەوای ئارام"**، بە دەنگی **کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان** دامەزرا و دەشتوانرا ببێتە هەنگاوێک بۆ سەربەخۆیی، بەلایەنیکەمەوە لە باشووری کوردستاندا، بەڵام شەڕەقۆچی پارتی و یەکێتیی و دواکەوتنی بەرژەوەندیی بنەماڵەییان و پێوەندییان بە دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە، ئەو هەلەی لە دەست کورددا. جووەکانیش کە لە ئەمریکا بەژمارە زۆر و لە کۆنگرێس و دەزگەی دەولەتاندا کاربەدەستی گەورەن و لە دیاریکردنی ڕەوتی رامیاریی ئەمریکادا نەخشێکی بەرچاویان هەیە و، هەر لۆبیی ئەوانیش بوو

که ریّیانگرت لەوەی کۆنگرەی ئەمریکا گەلکوژیی ئەرمەنییەکان بەدەستی ترک، وەک گەلکوژیی بناسیّ.

**پ: ئەگەر بوونی لۆبی بە گرنگ بزانین، کورد چۆن دەتوانێت لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیدا، سوودی لێوەربگرێت؟**

**و:** دیارە بوونی لۆبی بۆ کورد شتێکی گرنگە. زۆرجاریش باسی ئەوە دەکریّ کە کورد لۆبی نییە. راستە کورد لۆبی نییە و، ئەوانەی کە ئەو قسەیەش دەکەن، لام وایە نازانن لۆبی چۆن دروست دەبیّ. بۆ ئەوەی کورد لۆبی هەبیّ، دەبیّ جاریّ نوێنەرێکی هەبیّ. ئەو نوێنەرە دەبیّ، یان لەشێوەی دەوڵەتێکدابیّ، کە کورد نییەتی، یان لەشێوەی نیوچە دەوڵەتێکدا کە کورد "خوانەیبڕیّ"، دوو نیوچە دەوڵەتی هەیە، کە لەلایەن دوو بنەماڵەوە دەبرێن بەڕێوە، کە ئەوانیش دوو بەرژەوندیی جیاوازیان هەیە. بۆوێنە، لە کاتێکدا کە کاک مەسعوود بارزانی، جاروبارە دەبێژیّ کورد مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبیّ، بەڵام ئێستە کاتی نییە و، جاریّ دەبیّ کورد لەسنووری عێراقدا بمێنێتەوە، جەلال تاڵەبانی گاڵتەی بە بیرۆکەی دامەزراندنی دەولەتی کوردی دیّ و، بەخەونی شۆڤێنیستەکان و هۆزانڤانەکانی دەداتە قەڵەم. لەبەر ئەوە ئەگەر بێتوو دەوڵەتێک، یان چەند دەولەتێک لەم جیهانەدا هەبن، کە بەرژەوەندییان بخوازیّ پشتی دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی، یان داخوازییەکی کورد بگرن، ئەوا ناتوانن باسی بکەن، چۆنکە کە نوێنەرەکانی کورد هەموو پێکەوە داوای

نەکەن، یان لە دژی بن، ئێدی هەر کەسێکی بیانی باسی بکا، ناماقوولی دەمێنێتەوە بۆی. پاشان، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەولەتێک، یان پەرلەمانی وڵاتێک، یان کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان پەرلەمانی ئەورووپا بۆ کێشەی کورد، دەبێ لەلایەن کەسانێکەوەبێ کە خۆیان بەشداربن لە سیستەمی ئەو دەولەتە، یان ئەو پەرلەمانەدا، ئەگەرنا هەزاران کۆمەڵە بەنێوی "مافی مرۆڤ"، یان ئەوانەی خاوەنی خەڵاتی نۆبێلن، یان کەسانێ کە ناسراون، داوای مافی کورد بکەن، ئەوە لە کارکردێکی ڕێکلامی پتر، شتێکی دیکەی لێدەرناچێ. خۆ ئەگەر لۆبی بە نامەنووسین و قسەکردنی رووت بوایە، ئەوا هاوبیری هێژا هەندازیار بروسک ئیبراهیم، لە ماوەی ئەم چل ساڵەی دواییدا، سەدان نامەی بەهێزوپێزی نووسیوە، چ بۆ سەرکردە و کاربەدەستانی جیهان و، چ بۆ رۆژنامە بەنێوبانگەکان و، سەرنجی راکێشاون بۆ ئەوە سەربەخۆیی کوردستان خزمەتێکە بە ئاشتیی جیهان. یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا (Nukse) لەماوەی ژیانی 13 ساڵەیدا (1965– 1978) گەورەترین چالاکیی نواند لەم رووەوە. بەڵام هەر کارێکی دەکرد، لەلایەن "حیزبە کوردییەکان" ی چەقەنەلێدەری رژێمی تێرۆریستی سۆڤێتەوە، بەربەرەکانێ دەکرا. کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانیش کە ئەوە 25 ساڵە بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشێ، لەلایەن حیزبە بنەماڵەییەکانەوە بەربەرەکانێدەکرێ. ئێدی کورد چۆن دەتوانێ لۆبی دروستبکا؟

کەسانێکی نەزان و خۆبژێن هەن، دەڵێن ئەگەر حکوومەتی هەرێم چەند ملیۆنێک دۆلار تەرخانبکا بۆ بانگێشتنی کاربەدەستانی دەوڵەتەکان و پێوەندیکردن پێیانەوە، لۆبی بۆ کوردستان دروستدەبێ. بێگومان ئەوە خەیاڵی خاوە و، مەبەستیان تەنێ پڕکردنی گیرفانی خۆیانە، ئەگەرنا، هەتا کورد لەم حیزبحیزبێنە و بنەماڵەبنەماڵێنەیە رزگاری نەبێ و، نوێنەرێتییەکی هەڵبژێردراوی بەشێوەیەک نەبێ کە خەڵکی کوردستان و کوردی دەرەوە بە نوێنەری خۆیانی بناسن، لۆبی دروست نابێ.

با ئەڵمانیا بکەین بە نموونە: لە ئەڵمانیا نێزیکەی ملوێنیک کورد دەژین، کە ژمارەیان رۆژ بە رۆژ بەهۆی منداڵبوونەوە فرەتر دەبێ. ئەگەر ئەمانە رێکبخرێن و دەسەڵاتێکی ئابووری و دەنگدانیان هەبێ، ئەوا دەتوانن ببنە لۆبی کورد.

دەڵێن حکوومەتی هەرێم لە بەرلین نوێنەرێتیی هەیە، کە کاک دڵشادی برای کاک مەسعوود، نوێنەری ئەو حکوومەتەیە، بەڵام هەتا ئێستە کە ئێستەیە، ئەم نوێنەرێتییە یەک کۆبوونەوەی ناحیزبیی بۆ کوردەکانی ئەڵمانیا نەکردووە. بێجگە لە چەند کەسێکی کەمی، سەر بە حیزبی خۆیان، هیچ کوردێک نازانێ شوێنی ئەم نوێنەرێتییە لە کوێیە، کە بە پارەی کورد دەچێ بەڕێوە. کە بپرسیت لێیان، ئەرێ ئەوە نێونیشانی، "سەفارەتی کورد" چییە؟ دەفەرموون "ئەوە نهێنییە!". ئەمەش بابەتێکە لە بابەتەکانی گاڵتەی رۆژگار.

هێندەک لەکاربەدەستانی هەرێم، لۆبی بەوە دەزانن کەسانێکی بیانی لە دەرەوەی وڵاتەوە بانگێشتبکەن بۆ کوردستان و، وەک کوردەکە دەڵێ "لە پڵاو و گۆشتیان بگرن" و دیاریی بەنرخیان بدەنێ و خانووە 7 – 8 نهۆمییەکان و، بازاڕە مۆدێرنەکانیان پێشانبدەن و، ئەوانیش بۆ "بەرەواکردنی" خواردن و دیارییەکان، پەسنی "پێشکەوتنەکانی هەرێم" بدەن، بەڵام ئەمە، نەک هەر لۆبی نییە، بەڵکو لەبەردانی سەرمایەی کوردە و هیچی دی.

کاربەدەستانی حکوومەتێکی بیانی، یان پەرلەمانتارەکانیان، کاتێک دەتوانن رۆڵی لۆبی بگێڕن بۆ کورد، کە کورد پێوەندییەکی ئابووریی بەهێزی هەبێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، بۆ وێنە: بیست کۆمپانیای ئەو وڵاتە لە کوردستان نیشتەجێبن و خەریکی بەرهەمهێنان بن و سەرمایەیەکی زۆریان لە کوردستان خستبێتەکار و ئەو کۆمپانیا و نێوەندە ئابوورییانەش لە وڵاتەکانی خۆیاندا دەسەڵاتیان هەبێ و قسەیان بڕوا و، ئەگەر تووشی زیانی ئابووریی، یان نابووتی بێن، هەزاران کارکەر بێکار بمێننەوە و ببنەبار بەسەر دەوڵەتەکەیان و حکوومەتەکەیانەوە، ئەودەمە لۆبی دروستدەبێ.

کاربەدەستانی هەرێم دەبێ ئەوە بزانن کە دەوڵەتە سەرمایەدارە خاوەن پیشەسازییەکان، هەر هێندە گرنگیی بە کورد دەدەن، کە کەڵک وەربگرن لێی. کە لە پاش رووخانی رژێمی سەدامەوە، جاروبار زمانیان تەتەڵە دەکا و وشەی "هەرێمی کوردستان" بە

دەمیاندادێ، لەبەر ئەوەیە کە عێراق ناچاربووە وشەی "هەرێمی کوردستان" کە تەنێ 40%ی خاکی باشووری کوردستانە، بە هەرێمی کوردستان نێوبنێ، ئەمەش تاکەی؟ هەتا ئەو کاتەی عێراق لەشکری بەهێزی دەبێ. کە دەوڵەتە چاوچنۆکەکانیش، لە هەرێمدا کۆنسولخانە دەکەنەوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئارامیی لە بەغدا نییە، ئەگەرنا بۆ ماوەی رۆژێکیش روویاننەدەکردە هەولێر. هەموو چاوەڕوانی ئەوەن عێراق بکەوێتەوە ژێردەستی کەسێک، یان حیزبێک کە دایبمرکێنێ و، بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە بپارێزێ.

کە ئۆباما لە گەڵ کاک مەسعوود بارزانی دادەنیشێ، لە ژوورێکی چەپەکی کۆشکی سپیدا، بێ هیچ پرۆتۆکۆلێک، بۆ ئەوەیە کە کاک مەسعوود، هەوڵی رازیکردنی دڵی بەعسییەکان و عەرەبەکانی دیکە بدا، بە باسنەکردنی کەرکووک و نێوچە داگیرکراوەکانی دیکە، نەک بۆ پاراستنی مافی کورد. ئۆباما هەر لە ژوورێکی ئاوادا، بەخێرهاتنی "دەلای لاما"شی کرد، بێئەوەی هیچ بەڵێنێکی پێبدا. بەڵام وەک هەڕەشەیەک بۆ کاربەدەستانی چین کە خاکی "تێبت" یان داگیرکردووە و، دەلای لاما بە "جیابوونەوەخواز" دادەنێن، ئەمەش وەک ئەوە وایە کە داگیرکەرانی کوردستان، هەوڵی سەربەخۆکردنی کوردستان بە "جیابوونەوەخوازی" دادەنێن. ئەوە بوو لە کاتی ئەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ کاک مەسعوود و دەلای لاما، ئاڵای

کوردستان و ئالآی تێبت پێشانندەران و، هیچ کۆنفرانسێکیش بۆ دەزگەکانی راگەیاندن نەبەسترا، کەچی لە گەلێک لاوە دەبیسترا کە ئەمریکا بەڵێنی داوە بە کورد پشتگیریی داخوازییەکانی بکا.

بەشمەینەتیی کورد لەوە دایە کە خوێنەوارەکانی سەر بە چینی هۆردەبۆرژوای، گەندەڵ و فرەڕوو و هەلپەرستن. لێرەدا مەبەستم چینە، نەک تاکە تاکەی خوێندەواران، کە لە نێویاندا مرۆڤی رۆشنبیر و خۆنەفرۆش و بەویژدان هەن. لەبەر ئەوە، تا جڵەوی کاروباری رامیاریی کورد بەدەست ئەم چینەوە بێ، کورد نەک هەر لۆبی نابێ و بەس، بەڵکو ئەگەر نانێکیشی هەبێ، ئەوا نانەکەی، نابێ بە ئاو.

# وێنە



لەگەڵ شاعیر و نیشتمانپەروەی بەرز و خۆنەویست عەبدوڵلا پەشێو، پایزی ساڵی 2003 لە ماڵی من لە شاری ئۆسلۆ ئەم وێنەیە گیراوە.




شاری لەندەن، کۆنگرەی چواری-کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەراستەوە ئەز، جەواد مەلا، دوکتۆر جەمال رەشید و، ئەندام پەرلەمانیکی بریتانیا، ئۆکتۆبەری 1998



ئەم وێنەیە لە گەڵ کاک دوکتۆر حسێن خەلیقی ساڵی 2007
لە ماڵەکەی من لە ئۆسلۆ- نۆروێژ، گیراوە.



لەگەڵ ڕێزدار حشمەت شەفیعیان شاعیری ناوداری لۆڕستان،
شاری ئۆسلۆ ساڵی 2004ی زایینیی.



ماڵی مامۆستا کامیل ژیر مانگی مارچی 2013 له سلێمانی- باشووری کوردستان



حەوشەی ماڵی مامۆستا محەمەد شەیدا لە سلێمانی، وەرزی پاییزی 2013



نووسینگەی KNC لە لەندەن لە گەڵ دوو کەسایەتیی زانا و دڵسۆزی کوردستان، بەڕێزان
عەبدوڵلا یەشێو و جەمال نەبەز 31/7/2005



کۆبوونەوەی ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان – ڕۆژهەڵات لە لەندندەن، دوکتۆر حسێن خەلیقی
و عەبدوڵلا پەشێو و ئەز وەک مێوان بانگێشت کرابووین! مانگی مارچی 2011



**ئەم وێنەیە بەهاری ساڵی 2013 لەماڵی هاوبیرانی بەڕێز، دوکتۆر جەمال ڕەشید و دوکتۆر کوردستان موکریانی گرتوومانە. دوکتۆر جەمال لە گەڵ ئەوەی کە جڵتەی دڵ لێیدابوو، لە گەڵ هاوژینی پێشوازییەکی گەرمیان کردلێم، بەداخەوە ئیتر نەمبینیوە و، ئەم زانا گەورەیە بەبێ ناوی و بێئەوەی نەتەوەکەی ئاگاداری خزمەتی گەورەی بێ، ساڵی 2018 کۆچیدواییکرد.**

## بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر

1 – پەرتۆکی "ئەفیون" چاپی یەکەم و دووەم، لە سالی 2009 لە وڵاتی نۆروێژ چاکراوە. چاپی سێیەم، لە سلێمانی لەلایەن "سەنتەری ئاشتی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە"، لەساڵی 2012 چاپ و بلاوکراوەتەوە.

2 - "مێژووی دەسەڵاتداریتیی ئایینیی لە ئێران"، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ساڵی 2010 لە شاری ئۆسلۆ لە نۆروێژ چاپ کراوە.

3 - "کۆبەرهەم – ژمارە 1" ساڵی 2011 لە شاری ئۆسلۆ، لە وڵاتی نۆروێژ چاپ کراوە.

4 - "هۆکارەکانی بە دەوڵەتنەبوونی کورد"، لە شاری کۆنکان – لە تایلاند، تایپ و کراوە بە پەرتۆک. لە مانگی خەرمانانی 2015 لە شاری ئۆسلۆ، لە نۆروێژ چاپ کراوە.

5 - پەرتۆکی "زەلکاو"، مانگی گوڵانی ساڵی 2018 لە شاری "کۆنکان" لە "تایلاند"، نەکراوە بە کتێب، لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە.

6 - پەرتۆکی "کۆبەرهەم – ژمارە 2" لە تایلاند تایپ کراوە و کراوە بە پەرتۆک، لەسەر هێڵی ئینتەرنێت لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 2019 بڵاو کرایەوە.

*- بۆ دەسکەوتنی هەر یەکێ لەم پەرتۆکانە، یان هەر سەرنج و رەخنە و تێبینی و پێشنیازێکتان هەیە، لە رێگەی ئەم ئێمەیلەوە پێوەندیی بگرن:

Sirwan.kawsi@gmail.com

Interview

# A series of interviews with a number of scholars and patriots of Kurdistan

Sirwan Kawsi

**Khonkaen-Tlailand**
**June 2020**